

## سەلاح بەدرەدین:

## شێخ عەبدولسەلام بارزانی خاوەنی یەکەمین دیکۆمێنتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە


# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٩٦)- (٦)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢١



**ئازاد جوندیانی چاودێر و سیاسەتمەدار:**

# ئەگەر حزبەکان بەرژەوەندیی کوردیان دەوێت، دەبێت لەگەڵ کاک مسعود بارزانی بن

پێشمەرجێکی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی کوردایەتی برواهێنانە بە ڕۆڵی مێژوویی و هەنووکەیی ڕەوتی بارزانی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا

عێراق بە دەوڵەتێکی فاشیل دەزانم لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی داگیرکەرە و نوێنەرایەتی نەتەوەیەکی داگیرکەر دەکات






# www.gulan-media.com

www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com


# چاپکراوی نوێ

(بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم) پوختەی بیرەوەرییەکانی شاعیرو نووسەرو ڕۆشنبیری کورد خوالێی خۆش بێت مامۆستا کەریم شارەزایە، ئەم کتێبە لەم ڕۆژانەدا لەلایەن بنەماڵەی شارەزا و بە تایبەتیش بە سەرپەرشتیی (کامەران )ی کوڕە گەورەی، لە بەرگ و ناوەڕۆکێکی ناوازەدا چاپ کراو لە کۆڕێکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بەسەر نووسەرو خوێنەراندا دابەش کرا.

بابەتەکانی پەیوەست بەم بیرەوەرییانە، کاتی خۆی هەر بەم ناونیشانەی کتێبەکە بە(٢٤) ئەڵقە لەلایەن خودی شارەزاوە بڵاوکراوتەوە، (١٣)یان لە گۆڤاری (مێرگ) کە خۆی یەکێك بووە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە،(١١) ئەڵقەشیان دوای زیاتر لە ساڵ ونیوێك لە گۆڤاری(رامان) دا بڵاوکرایەوە.

مامۆستا کەریم شارەزا کە ناوێکی دیاری شیعرو نووسین و زمانەوان و مامۆستاو پەروەردکارێکی دیاری کورد بووە، یەکەمین بەرهەمی شیعری بە ناوی( ئازادی و ژیان) لە ساڵی ١٩٦٠ دا بڵاوکردووەتەوە، هاوکات گرنگییەکی زۆری بە نووسینەوەی ژیان و بەرهەمی شاعیران داوە، دووەمین بەرهەمی شارەزا بە ناوی( کۆیەو شاعیرانی) بوو کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦١ بە چاپ گەیاندووە. کەریم شارەزا جگە لەو بوارانەدا، لە زۆر بواری دیکەشدا باڵادەست بووە، لەوانە: ڕۆڵی باڵای لە ڕێکخراوی مامۆستایان و دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ڕۆڵی لە کۆڕی زانیاریی کورد، هەروەها دەستێکی باڵای هەبووە لە ڕێکخستنی ساڵنامەو ڕۆژژمێری زایینی و کوردیدا.

دەست خۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا کەریم شارەزا دەکەین کە بە چاپکردنی بیرەوەرییەکانی توانیان کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکەن و نووسەرو خوێنەران بە قۆناغەکانی ژیان و ئەزموونی پتر لە نیوسەدەی شیعرو بەرهەمەکانی ئاشنا بکەن.






دكتۆر نەوزاد عەبدوڵا حاجی :




## چاكسازی لە هەر دوو سێكتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا دەستی پێ كردووە

دكتۆر جەوهەر فەتاح سەعید :



## سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە سینگێكی فراوانەوە گوێی لە داواكاری و كێشەكانی قوتابیانی زانكۆ گرت

لیوا عەبدولقادر عەزیز ئیبراهیم :



## هۆكاری سەرەكیی رووداوەكانی هاتوچۆ شوفێرانن كە پابەندی رێنمایی و یاساكان نابن

نێچیرڤان حوسێن :



## سەردان و گفتوگۆی سەرۆكی حكومەت لەگەڵ قوتابیان، نیشاندەری خەمخۆریی جەنابیانە بۆ باشتركردنی رەوشی پەروەردە و خوێندن


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوكەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سكرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیلان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
كارزان كانەبی
رێبین رەمزی

■ بەرێوەبەری كارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەرێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
كەمال ئاكرەیی

بۆ ریكلام كردن پەیوەندی بكە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی رۆكسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناكی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

د. خانزاد ئەحمەد

## ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان بۆچی؟





چنوور مەحموود:

## چەندین ئافرەت هەن هەریەکە و لە بوارێک کاردەکەن جێگای شانازین و بوون بەخاوەن کاری خۆیان من لێرەوە دەستخۆشییان لێدەکەم

## زیانە لابەلاکانی ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید ١٩




## سپیکەرێک بە وزەی خۆر کار دەکا



بێگەرد سەلیم :

## وەرگرتنی خەڵات لە فیستیڤاڵی شانۆی سەر شەقام بەرپرسیاریەتی منی زیادکرد



مینا حەسەن :

## یەکەم یاریزان بووم لە درووستبوونی تیپی کچانی پێشمەرگەدا بەشداربووم



## مێسی بۆ جاری حەوتەم بوو بە براوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر





کۆدی قارەمانیەتی پێشمەرگە
بە کارە تیرۆریستییەکان ناشکێندرێت

# تیرۆریستانی داعش دەرهاویشتەی پەتای حاڵەتی «نادەوڵەت»ین



ڕێکخراوی تیرۆریستانی داعش هەر لە ناوەکەیڕا «دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام»، ئەوەمان پێ دەڵێت: ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە بەرەنجامی ئەو ژینگە سیاسییە بووە کە لە دوای ساڵی ٢٠١١ لە هەر یەك لە عێراق و سووریا هاتووەتەئاراوە، بەم جۆرە:

١. لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی سووریا لە ساڵی ٢٠١١ و ئەو شێوازە توندوتیژییەی کە ڕژیمی ئەسەد مامەڵەی لەگەڵ خۆپیشاندەران پێ کرد، جۆریك لە پاشاگەردانی لە ناو سووریا دروست کرد، عەرەبە سوننەکانی سووریاش کە پێشتر لە بەر وشکەساڵی دەستبەرداری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ببوون و، ڕوویان کردبووە شارەکان، دووچاری بێکاری و کەمدەرامەتی هاتبوون، دیمەشقیش دەستەوەستان بوو لە دۆزینەوەی چارەسەریك بۆیان، بۆیە ئەمە وای کرد، کە زەمینیەك بێتە ئاراوە تووڕەیی خەڵك لە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد زیاتر بێت.

**لە دوای هەر دوو کارە تیرۆریستییەکەی هەفتەی ڕابردوو، سەرۆک مسعود بارزانی وەک ڕابەر و پێشمەرگەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، جارێکی دیکە خۆی هاتەوە سەرخەت و ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە خوێنی پێشمەرگە شەهیدەکان بەفیڕۆ ناچێت و زۆر بە زوویی تۆڵە لە تیرۆریستانی داعش دەکرێتەوە**

٢. هەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ و کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی، ئاراستەی حوکمڕانیی لە ئاراستە دەستووری و پەرلەمانییەکەی بە لاڕێدا برد و، بە کردەیی هەنگاوی بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵگرت و، کاروباری هەموو وەزارەتەکانی بە ڕێگەی دانانی ڕاوێژکارێکی خۆی لە هەر وەزارەتێك، خستیە ژێر دەستی خۆیەوە، لەمەش زیاتر یاسای تیرۆری کرد بە میکانیزمیك بۆ تەسفیەکردنی عەرەبی سوننە لە ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەتدا، هەتا کار گەیشتە ئەوەی تاریق هاشمی (جێگری سەرۆك کۆماری ئەو کاتی عێراق) ناچار بێت، هەڵبێت بۆ تورکیا، لە ناوخۆی کۆمەڵگەی عەرەبی سوننەی عێراقیشدا، تووڕەیی خەڵك گەیشتە ئەوەی کە لە دامەزراوەکانی حکومەت بێزار بن و، سۆزداری بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لقی عێراق پیشان بدەن.

**لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی سووریا لە ساڵی ٢٠١١ و ئەو شێوازە توندوتیژییەی کە ڕژیمی ئەسەد مامەڵەی لەگەڵ خۆپیشاندەران پێ کرد، جۆریک لە پاشاگەردانی لە ناو سووریا دروست کرد**

ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لقی عێراق، لەگەڵ ئەوەی گۆڕەپانی جیهادی گواستبووە بۆ عێراق لە دژی هێزەکانی ئەمریکا، لە هەمانکاتدا بنکەی سەرەکییان لە سووریا بوو، وەك هەندێك توێژینەوەی سینتاکسەکانی ئەمریکاش ئاماژەیان پێ کردووە، هەر لە ڕێگەی سووریاوە خەڵکانی دیکە پەیوەندییان پێوە دەکرد و، پشتگیریی لۆجستییان بۆ دابین دەکرا، هەر بۆیە ڕاستە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکەی قاعیدە بە حیساب لقی عێراق بوو، بەڵام لە سووریا بنکەی گەورە و کاریگەری هەبوو، ئەمەش وای کرد، دوای ئەوەی کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە و وەك دەڵێن «هێزی داگیرکاری ئەمریکا لە عێراق بوونی نەما»، ئەم ژینگە تازەیە وای کرد، کە سەرانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدەی عێراق بیر لەوە بکەنەوە ستراتیژیەتێکی دیکە بۆ درێژەپێدان بە کارە تیرۆریستییەکان پەیڕەو بکەن، بۆ ئەمەش لە دوای ساڵی ٢٠١٢وە هاوشانی ئەنجامدانی کاری خۆکوژیی تیرۆریستی، دەستیان بە هێرشی سەربازی و پلاندانان کرد، بۆ گرتنی بەندیخانەکان و ئەپارتمانە گرنگەکانی شارەکان، هەروەك چۆن هەڵیانکوتایە سەر بەندیخانەی ئەبوغریب لە بەغدا و بەندکراوەکانیان ئازاد کرد، بە هەمان شیوە هەڵیانکوتایە سەر ئاسایشی هەولێریش بەڵام هەوڵەکەیان شکستی خوارد.

**ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لقی عێراق، لەگەڵ ئەوەی گۆڕەپانی جیهادی گواستبووە بۆ عێراق لە دژی هێزەکانی ئەمریکا، لە هەمانکاتدا بنکەی سەرەکییان لە سووریا بوو**

هاوکات لەگەڵ پیادەکردنی ئەم ستراتیژە تازەیەی تیرۆریستان بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکانیان، هەر دوو دەوڵەتی «عێراق و سووریا» گەیشتنە ئەو حاڵەتەی کە بە ئاشکرا وەك دوو دەوڵەتی شکستخواردوو پێناسە بکرین و، پرسیار لەسەر ئەوە دەکرا، ئایا هەر دوو دەوڵەتەکە بە تەواوەتی دامەزراوەکانیان لەکار کەوتوون؟ بێگومان لە حاڵەتی لەم جۆرەدا زەمینەیەکی تازە بۆ تیرۆریستان هاتە پێشەوە کە لە ناو ئەو ژینگەیەدا خۆیان وەك بەدیلی هەردوو دەوڵەتی شکستخواردووی عێراق و سووریا ببیننەوە لە ناوچەکانی عەرەبی سوننە لە هەر دوو بەرەی سووریا و عێراق، بۆیە ڕێکخراوەکە بە تەواوەتی ستراتیژیەتی خۆی گۆڕی لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدەوە وەك (قاعیدەی جیهاد دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا) بۆ

دامەزراندنی (خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام - داعش)، لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە کۆتایی ٢٠١٣ و بەرزکردنەوەی ئاڵا ڕەشەکەیان عەرەبی سوننەی سووریا پێشوازییان لێ کردن، ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ ئەوەی هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچەکانی عەرەبی سوننەی عێراق زیاتر بکەن و، هەر لەگەڵ هێرشکردنیان بۆ سەر بەندیخانەی «باتوف»، لە باکووری خۆرئاوای پارێزگای نەینەوا، جیا لەوەی بەشێکی زۆری عەرەبی سوننەی ئەو ناوچانە پێشوازییان لێ کردن، لە هەمانکاتدا پێنج فیرقەی سەربازیی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی عێراق چەکەکانیان تەسلیمی داعش کرد و، تیرۆریستانی داعش بەرەو موسڵ هاتن و لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ موسڵ کەوتە دەستی تیرۆریستانی داعش و ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ڕاگەیاند.

## ● دەرهاویشتە خراپەکانی داعش لە سەر ژینگەی سیاسیی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا

کەوتنی ئەمساڵی کابول بە دەستی چەکدارەکانی تالیبان، لە کەوتنی مووسڵی ساڵی ٢٠١٤ دەچێت بە دەستی تیرۆریستانی داعش، ئەمساڵ چۆن دوای کەوتنی کابول کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوو بەرامبەر بە تالیبان، لە ماوەی حوزەیران تا ئابی ساڵی ٢٠١٤یش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوو بەرامبەر خەلافەتەکەی داعش و، تەنانەت باس لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لە دژی داعشیش نەدەکرا.

ئەوەی وای کرد، کە جیهان بیر لەوە بکاتەوە، خەلافەتەکەی داعش دەبێت سنووری بۆ دابنرێت و نەمێنێت، ئەو دەرهاویشتە خراپانە بوو کە ڕاگەیاندنی خەلافەت بە دوای خۆیدا هێنای، لەوانە:

١. لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی قەتەر بە ئاشکرا لە هەوڵی ئەوەدایە کە شەرعییەتی نێودەوڵەتی بۆ حوکمڕانیی تالیبان لە ئەفغانستان پەیدا بکات و، بە ئاشکرا دیالۆگ لە نێوان تالیبان و بەرپرسانی ئەمریکی بۆ کاروباری ئەفغانستان ڕێك دەخات، کە داعیش خەلافەتی ڕاگەیاند، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی ئەو سینتاکسانەی ئەمریکا کە لقیان لە دۆحە «ئامۆژگای برۆکینگز- دۆحە» کۆڕبەندی گەورە گرێ دەدرا و، لەناو ئەو کۆڕبەندانە لەسەر ئاستی ئەکادیمیی زۆر بەرز باس لە لایەنە باشەکانی خەلافەتی داعش دەکرا، وەك هەنگاوێك بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەڵام هەڵەی داعش ئەوە بوو، کە خەلافەتەکەی لەناو دوو دەوڵەت ڕاگەیاندبوو، کە زەمینەی تەواوی بۆ سیستەمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆش کردبوو، کە ئەمە لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە کە خۆیان بە خاوەنی ئەو سیستەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانن، قبووڵکراو نەبوو.

٢. تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە کە لەسەر ئاستی جیهان بە هاوشانی تەلەفزیۆنێکی وەك «CNN» لە قەڵەم دەدرێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، باشترین فیلمی دیکیۆمێنتاری ڤایسنیوز (Vice News)ی ٤٥ خولەکی، لە سەر شێوازی حوکمڕانیی خەلافەت لە ناو شاری مووسڵ و ڕەقە دروست کردبوو، لەم فیلمەدا تیرۆریستانی داعش سەمایان بە دەبابەکانی سووریا و عێراق دەکرد، ئەمەش هێندەی دیکە بووە پروپاگەندە بۆ هێزی ئەفسانەئاسای تیرۆریستانی داعش.

٣. سەرکەوتنی ڕاگەیاندنی خەلافەتی داعش لە سووریا و عێراق، پشتگیرییەکی گەورەی لەناو ڕەوەندی ئیسلامیی سیاسیی ڕادیکاڵی ڕۆژئاوا بەدەست هێنا، ئەم پشتگیرییە وای کرد، ژینگەی فرە کەلتووری لە ڕۆژئاوا تێك بچێت و خەڵکانێکی زۆری ئیسلامی سیاسیی ڕادیکاڵی پەیوەندییان بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی تیرۆریستانی داعشەوە کرد، لەمەش زیاتر تیرۆریستانی داعش کەوتنە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن بە ڕێگەی ئەو ڤیدیۆیانەی لە ڕۆژئاوا بڵاویان دەکردەوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش لە دوو مانگی یەکەمی خەلافەتی داعش، جیهان بێدەنگیی هەڵبژاردبوو.

**کەوتنی ئەمساڵی کابول بە دەستی چەکدارەکانی تالیبان، لە کەوتنی مووسڵی ساڵی ٢٠١٤ دەچێت بە دەستی تیرۆریستانی داعش**

**سەرکەوتنی ڕاگەیاندنی خەلافەتی داعش لە سووریا و عێراق، پشتگیرییەکی گەورەی لەناو ڕەوەندی ئیسلامیی سیاسی ڕادیکاڵی ڕۆژئاوا بەدەست هێنا، ئەم پشتگیرییە وای کرد، ژینگەی فرە کەلتووری لە ڕۆژئاوا تێک بچێت و خەڵکانێکی زۆری ئیسلامی سیاسیی ڕادیکاڵی پەیوەندییان بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی تیرۆریستانی داعشەوە کرد**

**غرووری تیرۆریستانی داعش بە سەر هەر دوو سوپای سووریا و عێراق وای کرد، بیر لە هێرشکردنە سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکەنەوە**

**تیرۆریستانی ئەلقاعیدە لە بەرنامەیاندا بووە کە دوای تەقاندنەوەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرک، بورجی ئیڤل لە پاریس و کاتژمێری بیگبن-یش لە لەندەن بتەقێننەوە، ئەمەش وەک لە بەڵگەکان ئاماژەیان پێ کراوە، ئامانجیان ئەوە بووە کە شکۆی ڕۆژئاوا بشکێنن**

**سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەر تیرۆریستانی داعشدا وای کرد، سوپای عێراقیش لەناو ئەو شکستە هەڵبستێتەوە و ببێتە بەشێک لە سەرکەوتنەکان بە سەر تیرۆریستانی داعشدا**

**هەتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان تیرۆریستانی داعشی لە دەروازەکانی شاری مووسڵ تێکنەشکاند، نە سوپای عێراق و نە هێزەکانی حەشدی شەعبی نەیاندەتوانی بچنە ناو شاری مووسڵەوە**

٤. غرووری تیرۆریستانی داعش بە سەر هەر دوو سوپای سووریا و عێراق وای کرد، بیر لە هێرشکردنە سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکەنەوە، وەك شنگال و دەشتی نەینەوا و مەخموور، سرووشتی ئەم ناوچانەش کە سرووشتێکی فرە ئایین و فرە نەتەوەی هەیە، بە هێرشی تیرۆریستانی داعش و داگیرکردنی شنگال و پاشانیش بە هاوکاریی چەند سەرۆك هۆزیکی عەرەبی ئەو ناوچەیە، ئێزدییەکان هەڵخڵەتێنران و تەسلیمی داعش کران و، تیرۆریستانی داعشیش پیاوەکانیان کۆمەڵکوژ کرد و، ژن و کچەکانیشیان وەك سەبیە برد، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرامبەریان ڕاوەستا و هێرشەکانیان پێ ڕاگرتن، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی هێزی پێشمەرگە بکات، وەك هێزیك کە لە سەر زەوی دەتوانێت هێرشی تیرۆریستانی داعش ڕابگریت و، تێکیان بشکێنێت، ئەمە وای کرد، پێش ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوپەیمانییەك پێك بهێنێت، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە ئاسمانەوە پشتگیریی پێشمەرگە بکەن و، سەرۆکی فەرەنسا «فرانسۆ هۆلاند» سەردانی هەولێری کرد.

ئاماژەکردن بۆ ئەم باکگراوەندەی ڕێکخراوی تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوە بوو کە بڵێین: ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە وەك دەرهاویشتەی حاڵەتی فاشیلبوونی هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا دروست بووە و لە هەمانکاتدا دەرهاویشتە خراپەکانی تیرۆریستانی داعشیش نەك هەر سنووری هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریای تێپەڕاندووە، بەڵکو تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای گرتووەتەوە و بووەتە هۆکاری ئەوەی کە خۆیان بڵێن: «بەهاکانی ڕۆژئاوا لە ناو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا» بوونی نەماوە.

## ● کۆدی قارەمانیەتی پێشمەرگە بە کارە تیرۆریستییەکانی داعش ناکرێتەوە

تۆماس فریدمان ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی نیویۆرك تایمز، سەبارەت بە ئامانجی ئوسامە بن لادن (سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە) دەڵێت: «ئامانجی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە تەنیا تەقاندنەوەی هەردوو باڵەخانەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك نەبووە، بەڵکو وەك بەڵگەکان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی تالیبان لە ٢٠٠١ ئاشکرای دەکەن، تیرۆریستانی ئەلقاعیدە لە بەرنامەیاندا بووە کە دوای تەقاندنەوەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك، بورجی ئیڤل لە پاریس و کاتژمێری بیگبن-یش لە لەندەن بتەقێننەوە، ئەمەش وەك لە بەڵگەکان ئاماژەیان پێ کراوە، ئامانجیان ئەوە بووە کە شکۆی ڕۆژئاوا بشکێنن، لە بەر ئەوەی ئەو شوێنانە هێمان بۆ بەها و پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوە بۆ ئامانجی هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەین، ئەوا وەك ڕۆژنامەنووس و بیرمەندی عێراقی عەدنان حوسێن لە وتارێکیدا لە ساڵی ٢٠١٥ لەسەر قارەمانیەتیی پێشمەرگە بۆ «گوڵان»ی نووسیبوو، دەڵێت: «پێشمەرگە تەنیا ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی بەتاڵ نەکردەوە، بەڵکو شەرەفی عەسکەریشی بۆ سوپای عێراق گێڕایەوە». نووسەر لەم وەسفە بەرزەی بۆ قارەمانیەتیی پێشمەرگە مەبەستێتی ئەوە بڵێت: چۆن سوپای عێراق بە تەسلیمبوونی پێنج فیرقەی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی بە تیرۆریستانی داعش هەموو شکۆیەکی سەربازیی خۆی لەدەست دا، سوپای تێکشکاویش زۆر ئەستەمە دووبارە ڕاست بکرێتەوە، بەڵام سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەر تیرۆریستانی داعشدا وای کرد، سوپای عێراقیش لەناو ئەو شکستە هەڵبستێتەوە و ببێتە بەشێك لە سەرکەوتنەکان بە سەر تیرۆریستانی داعشدا.

ئەم ڕاستی و هەقیقەتە لای خودی تیرۆریستانی داعشیش نکۆڵیلێکراو نییە و، باش دەزانن هەتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان تیرۆریستانی داعشی لە دەروازەکانی شاری مووسڵ تێکنەشکاند، نە سوپای عێراق و نە هێزەکانی حەشدی شەعبی نەیاندەتوانی بچنە ناو شاری مووسڵەوە، لەمەش زیاتر دوای چەندین مانگ لە ڕاگەیاندنی سەرکەوتن

لە بەرەکانی کوردستانەوە، هێشتا هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی نەیانتوانی ئەو یەك دوو گەڕەکەی مووسڵ کە بە دەستی تیرۆریستانی داعشەوە بوون، پاك بکەنەوە.

دەستپێکردنەوەی جووڵە تیرۆریستییەکانی داعش ئەمجارەش لە ناوچەکانی دیالەوە دەستی پێ کردەوە، پاشان وەك باسی لێوە دەکرێت، ژمارەیەك تیرۆریستی دیکە لە وڵاتانی دیکەوە گەڕاونەتەوە، ئەمەشیان نەتوانراوە لەو سەنگەرانەوە دەروازە بکەنەوە کە بە دەست هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوەیە، هەر بۆیە تیرۆریستانی داعش زۆر بە جوانی سوودیان لەو بۆشاییە وەرگرتووە کە لە نێوان سەنگەرەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراقدا هەیە، ئەو ناوچەیە وەك بۆشایی «نەبوونی دەوڵەت» تێدای لێ هاتووە و، لەویۆە بۆشایی دیکەیان دروست کردووە کە مانەوەی خۆیان لەو ناوچانە مسۆگەر بکەن، ئەم واقیعەی سەر ئەرز پێمان دەڵێت، داعش بۆیە کارە تیرۆریستییەکانی لە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە ئەنجام دەدات، ئامانجی ئەوەیە شکۆی ئەو کۆدی قارەمانیەتەی پێشمەرگە بشکێنێت، کە نەك هەر کوردستان، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی تیرۆریستانی داعش شانازی بەو کۆدی قارەمانیەتەی پێشمەرگەوە دەکەن.

لە دوای هەر دوو کارە تیرۆریستییەکەی هەفتەی ڕابردوو، سەرۆك مسعود بارزانی وەك ڕابەر و پێشمەرگەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، جارێکی دیکە خۆی هاتەوە سەرخەت و ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە خوێنی پێشمەرگە شەهیدەکان بەفیڕۆ ناچێت و زۆر بە زوویی تۆڵە لە تیرۆریستانی داعش دەکرێتەوە، هەر لە بەر ڕۆشنایی ئەم ئیرادە پۆڵایینەی سەرۆك بارزانی کە قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیەتی، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی سەردانەکەی بۆماڵێك لە گوندی «خدرجیجەك» کە سێ برا پێکەوە شەهید بوون، ڕایگەیاند، هەتا ئەگەر حکومەتی عێراقیش ئامادەباشی تەواوی تێدا نەبێت کە ئەو بۆشاییەی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی عێراق هەیە بە هەماهەنگی پڕ بکاتەوە، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بە تەنیا هەموو ڕێگەیەك دەگرێتەبەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ دوورخستنەوەی مەترسیی تیرۆریستانی داعش.

ئەم ئیرادەیەی سەرۆك بارزانی لە دوای هێرشەکانی هەفتەی ڕابردوو بۆ سەر هێزی پێشمەرگە پیشانی دا، بووە هۆی ئەوەی لە سەر ئاستی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جووڵە بۆ پشتگیری لەم ئیرادەیە بێتەئاراوە و لە ساتی نووسینی ئەم دێڕانەدا، شاندی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق لە کۆبوونەوەدان، بۆ ئەوەی میکانیزمی خێرا و هاریکاریی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپا بگرنە بەر و ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، هەروەها لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییش پشتیوانی بۆ هێزی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە کرایەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپەرچێکی توندی تیرۆریستانی داعش بداتەوە.

لە دوماهی ئەم نووسینەدا، جارێکی دیکە دەخوازین، ئەم کۆتاییە بە سەرەتای نووسینەکەوە گرێ بدەینەوە و بڵێین: تیرۆریستانی داعش خۆیان نەخۆشییەکە نین، بەڵکو دەرهاویشتەی نەخۆشییەکی دیکەن، کە ئەویش دروستبوونی حاڵەتی نادەوڵەتییە لەناو دەوڵەتدا، ئێستاش کە دووبارە لەو ناوچانە دەستیان بە جموجۆڵ کردووەتەوە، دیسان ئەو ناوچانەش ناوچەیەکن وەك بۆشایی و حاڵەتی نادەوڵەتی تێیدا باڵادەستە، بۆیە لە کاتێکدا حاڵەتی نادەوڵەتی لە عێراق و سووریا هەیە، داعش دروست دەبێتەوە، یان دووبارە زەمینە بۆ چالاکبوونەوەی تیرۆریستانی داعش دەڕەخسێنێت، ئەوا دروستبوونەوەی تیرۆریستانی داعش دەرهاویشتەی زۆر خراپتری دەبێت، کە نەك هەر عێراق و سووریا و ناوچەکە دەگرێتەوە، بەڵکو تەواوی وڵاتانی ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی تیرۆریستانی داعشیش دەگرێتەوە.

**دوای چەندین مانگ لە ڕاگەیاندنی سەرکەوتن لە بەرەکانی کوردستانەوە، هێشتا هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی نەیانتوانی ئەو یەک دوو گەڕەکەی مووسڵ کە بە دەستی تیرۆریستانی داعشەوە بوون، پاک بکەنەوە**

**تیرۆریستانی داعش زۆر بە جوانی سوودیان لەو بۆشاییە وەرگرتووە کە لە نێوان سەنگەرەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراقدا هەیە، ئەو ناوچەیە وەک بۆشایی «نەبوونی دەوڵەت» تێدای لێ هاتووە و، لەویۆە بۆشایی دیکەیان دروست کردووە کە مانەوەی خۆیان لەو ناوچانە مسۆگەر بکەن**

**تیرۆریستانی داعش خۆیان نەخۆشییەکە نین، بەڵکو دەرهاویشتەی نەخۆشییەکی دیکەن، کە ئەویش دروستبوونی حاڵەتی نادەوڵەتییە لەناو دەوڵەتدا**



ئازاد جوندیانی
چاودێر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# ئەگەر حزبەکان بەرژەوەندیی کوردیان دەوێت، دەبێت لەگەڵ کاک مسعود بارزانی بن

ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئێستا عیراق وەك دەوڵەت پێیدا تێدەپەڕێت، گەلێك جاران چاودێر و نووسەری سیاسی دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم دەوڵەتە وەك تاکتیکێکی ئیمپریالیزمی بەریتانیا بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی خۆی هەر لە بنەڕەتەوە بە سەقەتی دروست کراوە و، زۆر ئەستەمیشە لە ناو دەوڵەتێکی بە سەقەت دروستکراودا بتوانرێت دەوڵەتێکی هاوچەرخی ئەوتۆ بونیاد بنرێتەوە، کە ناسنامەی ئەو دەوڵەتە پێکهاتە جیاوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتە پێکەوە کۆبکاتەوە و، ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ هەموویان دروست بکات، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێستای عیراق و هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ پێکهێنانی حکومەت و ڕۆڵی کورد لە ناو ئەم پرۆسە سیاسییەدا، ئەم دیدارە تایبەتەمان لەگەڵ ئازاد جوندیانی وەك سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون و ڕۆژنامەنووس و چاودێریکی سیاسی ئەنجام دا و بەمجۆرە ڕای خۆی لەسەر بارودۆخی ئێستای عیراق و کوردستان دەربڕی .

**بارودۆخی ئێستای عیراق دەرهاویشتەی بارودۆخ و هەڵبەز و دابەزەکانی ١٠٠ساڵی ڕابردوویەتی**

**سەرۆک بارزانی جگە لە پێگەی تایبەتیی خۆی، جگە لەو پێگە و کەسایەتییەی لە ناو خەباتی خۆی و گەلەکەشیدا بەدەستی هێناوە، پێگەیەکی زۆر بەهێزتری هەیە کە دەتوانێت هەندێک هاوکێشەی سیاسی ئاڵوگۆڕ پێ بکات و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لەسەر هەندێک لە هاوکێشەکانی ناوخۆی عیراق و هەرێمەکەش دابنێت**

**کاک مسعود نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێت و خۆیشی ناکات بە باڵانس بۆ ئەوانی تر، بەڵکو بەپێی دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکانی دەکات**

*** با ڕاستەوخۆ پرسیارەکەمان بەم جۆرە دەست پێ بکەین، چاودێر و نووسەرێکی سیاسیی گرنگی کوردستانیت، ئەگەر بتەوێت لە ستوونێکدا لەسەر بارودۆخی ئێستای عیراق بنووسیت، چی دەنووسیت؟**

- من بە تەنیا باسی بارودۆخی ئێستای عیراق ناکەم، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستای عیراق دەرهاویشتەی بارودۆخ و هەڵبەز و دابەزەکانی ١٠٠ساڵی ڕابردوویەتی ئەگەر نەشڵێم ١٠٠ ساڵی ڕابردووی ناوچەکەشە، هەر بۆیە کاتێک دەڵێین بارودۆخی ئێستای عیراق، واتە باسی پرسێکی تاکتیکی دەکەین، عیراق هەموو ڕۆژێک لە هەموو بوارەکاندا جەخت لەسەر شکستهێنانی خۆی و بەرهەمهێنانەوەی شکستەکانی دەکاتەوە، لە هەڵبژاردنەکاندا جەخت لەسەر شکستهێنانی خۆی دەکاتەوە، تەنانەت لە پەندوەرگرتنیش لە ڕابردووی خۆی دیسان شکستهێنانی خۆی وەك دەوڵەت دووبارە دەکاتەوە، بۆیە من بارودۆخی ئێستای عیراق وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەبینم، هەندێك توێژەر و چاودێر لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسەتی دەوڵەتدارییەوە عیراق وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو لە قەڵەم دەدەن، بەڵام من لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بە دەوڵەتێکی شکستخواردووی دەزانم، فاکتەری سەرەکییش بۆ شکستخواردوویی ئەو دەوڵەتە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوڵەتێکی داگیرکەرە و نوێنەرایەتیی فکری نەتەوەیەکی داگیرکەر دەکات، -بێگومان تورکیا و سووریا و ئێرانیش بە هەمان شێوە- هەر بۆیە کە نەتەوەیەك خۆی داگیرکەر بێت، هەتا کۆتایی بەو حاڵەتی داگیرکەرییەی نەهێنێت، هەر دەوڵەتێك دروست بکەن هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر دەبێت، داگیرکاریش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە نەتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ.

دەوڵەتی عیراق بە حیکایەتێکی سەیر لەلایەن بەریتانیاوە دامەزراوە، لەناو ئەم دەوڵەتەدا عەرەبی شیعەی زۆرینە و عەرەبی سوننەی کەمینە هەبوو، ئاشکراشە کە چۆن کوردیان ناچار کرد، ببێتە بەشێك لەو دەوڵەتەی کە ئەوان دەیانویست پێکی بهێنن، دوای پێکهێنانی ئەم دەوڵەتە کە بە حیساب پێی دەڵێن شارستانیەتی «دوو ڕووبار و میزۆپۆتامیا»، کەچی لەم وڵاتەی کە خاوەنی شارستانیەتی میزۆپۆتامیایە کەسێکیان دەست نەکەوت، بیکەن بە پاشا، چوون پادشایەکیان لە حیجاز بۆ هێنا، کە پێشتر کردبوویانە پادشای سووریا و لەوێ شکستی هێنابوو و هەڵاتبوو.

بەریتانیا ویستی لەم ڕێگەیەوە سۆزی موسڵمانان بۆ خۆی ڕابکێشێت لەناو ئەوانیشدا بەتایبەتی سۆزی سوننە مەزهەبەکان، لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بکەین، ئەبینین لە لایەن بەریتانیاوە وەك گاڵتە جاڕییەك پێکهێنراوە، هەر دەوڵەتێکیش بەو میکانیزمە پێکبهێنرێت، ئاکامەکەی هەر شکستخواردن دەبێت. بۆیە بەریتانیا لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە چەند هەوڵی دا عیراق بکات بە دەوڵەت و بە حیساب لەگەڵ پرۆژەی دەوڵەتسازی، پرۆژەی نەتەوەسازیشی لەگەڵ دەست پێ دەکات و، لەناو ئەم دەوڵەتە نەتەوەیەك بە ناوی نەتەوەی عیراق دروست بکات، بەڵام لە هەردوو پرۆژەکەدا شکستی هێنا، جا ئەو پرۆژەیە چەند کڵاو لەسەرنان بوو، بۆ دەستەبژێری سیاسیی کورد و سوننە و شیعە، دە ئەوەندە کڵاولەسەرنانی خۆیان بوو و هەرگیز نەیانتوانی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو دروست بکەن.

ئەسیوبیای ئێستا کە ململانێ و جەنگی نەتەوەکان تیایدا گەرمە و هەروەها جەنگی بەردەوامی ئەفغانستان و وازهێنانی ئەمریکا لە تیۆری نەتەوەسازیی ئەفغان و شکستی پاشایەتیی ئیسپانیا لە بونیاتنانی نەتەوە، یان گەلی ئیسپانیا لە دوای ڕیفراندۆمی کەتەلۆنیا چەند نموونەیەکی زۆر دیارن کە (نەتەوەی داگیرکەر) لەهەر کوێی دنیادا هەر دەوڵەتی داگیرکەر دروست دەکات.

*** لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستای عیراقدا، لەسەر ئاستی ڕای گشتیی عەرەبی عیراق بە (شیعە و سوننە)وە جەخت لەوە دەکەنەوە، قسەی کۆتایی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عیراق لای مسعود بارزانی-یە، ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەم ڕای گشتییە لەسەر بارزانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- سەرۆك بارزانی جگە لە پێگەی تایبەتیی

خۆی، جگە لەو پێگە و کەسایەتییەی لە ناو خەباتی خۆی و گەلەکەشیدا بەدەستی هێناوە، پێگەیەکی زۆر بەهێزتری هەیە کە دەتوانێت هەندێك هاوکێشەی سیاسی ئاڵۆگۆڕ پێ بکات و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لەسەر هەندێك لە هاوکێشەکانی ناوخۆی عیراق و هەرێمەکەش دابنێت.

هەموو ئەمانە وایان کردووە هەندیك حیساباتی زۆر ورد لەسەر کاك مسعود بارزانی بکرێت، بەڵام ئەوەی من سەرنجم داوە، سەرۆك بارزانی بەو جۆرە کار دەکات ڕۆڵی کوردستان لە قۆناخێکەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناخێکی دیکە، بۆ نموونە پێشتر بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵی کورددا دەکرا، کە وەك باڵانسێك بێ بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەك بۆ کەمینەی عەرەبی سوننە لە بەرامبەر زۆرینەی عەرەبی شیعەدا، ئێستا کاك مسعود بارزانی جەخت لەوە دەکاتەوە چیتر نابێت کورد لەو هاوکێشە تەکتیکییانەدا ڕۆڵی ئەو باڵانسە بگێڕێت، بەڵکو ئێستا ئەو قۆناخەی تێپەڕاندووە و بۆیە چیدیکە کەس ناتوانێ بەپێی چەمکی باڵانس مامەڵەی لەگەڵ بکات، دەزانن کاك مسعود نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێت و خۆیشی ناکات بە باڵانس بۆ ئەوانی تر، بەڵکو بەپێی دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکانی دەکات، ڕاستییەکی دیکەش هەیە دەبێت ڕەچاوی بکەین، ئێستا عەرەبی شیعەی عیراق خۆیان فەرمانڕەوان، ئەوە باش دەزانن بەبێ بەشداریی کورد ناتوانن حکومەتێکی پەسەندی ئەوتۆ دروست بکەن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لێ بکەن، بۆیە ئەمە وا دەکات، کورد بەشێك بێت لە هەر حکومەتێك، کوردیش لەم قۆناخەدا نابێتە بەشێك لەو حکومەتەی کە بە کردەوە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان نەکات، ئەم بڕیارەش لای کاك مسعود بارزانی-یە، بۆیە ئەوانیش باش دەزانن کە کاك مسعود سازش لەسەر بەرژەوەندییەکانی کورد ناکات، نە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان وەك سەربەخۆیی و، نە مەسەلە تاکتیکییەکانی ئەم قۆناخە سازشی لەسەر ناکات، جا بۆ ئەوەی بتوانن حکومەتێك دروست بکەن، لانیکەم پەسەند بێت، ئەوا هەر دەبێت ڕووبکەنەوە بارزانی، کە نوێنەرایەتیی کورد دەکا.

*** لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، زۆربەی ئەو کاندیدانەی کە پێشتر بانگەشەیان بۆ عیراقچێتی خۆیان دەکرد، هەموویان شکستیان هێنا و میللەت متمانەی پێ نەدان، لە بەرامبەردا ئەو لایەنەی کە پشتگیریی سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، میللەت متمانەی زیاتری پێ دا، خوێندنەوەت بۆ ئەم ئاکامانەی هەڵبژاردن چۆنە و ئایا وەك سەربەخۆخوازێك هەست ناکەی خەڵکی کوردستان بە تەواوەتی لە عیراق نائومێد بوون؟**

- لەوانەیە ئەگەر بە تەنیا پێیان بڵێین: «عیراقچی» بەس نەبێت بۆ ئەوەی ئەو گرووپە پێناسە بکەین، چونکە ئەگەر پێیان بڵێین «عیراقچی»، ئەوا دەتوانن بۆ ئەم چەمکە هەندێك تەنزیرات بکەن و شتی بۆ بنووسن، بۆ ئەوەی پاساوی هەڵوێستی خۆیان بدەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم گرووپە خیانەتیان لە بەرژەوەندییەکانی کورد کردووە، نەك بەرژەوەندیی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵکو بەرژەوەندیی خەڵکی ئاسایی سەرشەقام لە کوردستاندا، بۆیە کە لە هەڵبژاردندا هاتە سەر حیساب، ئیتر حیساب و کتابی خۆیان لەگەڵ کردن. لەوانەیە من خۆیشم هەندێك جار وتوومە ئەمانە عیراقچین، بەڵام ئەمانە شێوازێکی ترن، پێشتر حزبی سیاسی لە کوردستان هەبووە ستراتیژیەتی عیراقی بووە، ئەوە شتێکی ئاسایی بووە لە بەر ئەوەی قۆناخەکە وابووە و ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی باو و زاڵ بووە، بەڵام ئەمانە لەوە نین، با قسەکانی ئەوان بێنینەوە بیری خۆمان، بۆ نموونە ئەوان نەیانگوت ئێمە دەمانەوێت کوردستان بەشێك بێت لە عیراق و بە مەرجێ عیراق کۆتایی بە ناسنامەی عەرەبی خۆی بهێنێت و ناسنامەکەی عیراقی بێت، ئەو کاتە با کوردیش ناسنامەکەی عیراقی بێت، نەخێر ئەوان ئەو تێزەیان نەبوو، بەڵکو ئەوان دەیانویست کورد کۆتایی بە کوردبوونی خۆی بهێنێت و هەر ژێر دەستە بێت مووچەیان کردبووە بیانوو کە هەڵبەت مووچە بۆ ژیانی هەر کەسێك گرنگە «بەڵام ئەمانە بەمانای وشە خۆفرۆشن، بۆیە

**ئێستا عەرەبی شیعەی عیراق خۆیان فەرمانڕەوان، ئەوە باش دەزانن بەبێ بەشداریی کورد ناتوانن حکومەتێکی پەسەندی ئەوتۆ دروست بکەن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لێ بکەن**

**لە بنەڕەتدا بڕوام بەوە نییە خۆم ماندوو بکەم، بۆ ئەوەی بزانم بوونی ئێمە لە بەغدا چەندە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئامادەگیی ئێمە لە بەغدا هەر چەندێک بێت، هیچ نییە**

**لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بینیمان چییان بە لاوەکانمان کرد لە شۆڕیجە و ڕەحیماوا و ئازادی و گەڕەکەکانی تری کەرکووک، لە خانەقین لاوێکمان لەسەر ئاڵای کوردستان شەهید بوو**

دەبوو هیچ کام لەو گرووپە دەرنەچووبانەیەوە، بەداخەوە یەك دوانێكیان دەرچوونەوە.

*** جەنابت وەك سیاسەتمەدارێكی دیار. ئەزموونی عەمەلیت لەگەڵ دانوستاندنەكانی هەرێمی كوردستان و بەغدا هەیە، ئێستا دوای ئاكامی هەڵبژاردنەكانی ئەمجارە، هەرێمی كوردستان ناچار دەبێت كە لەگەڵ لایەنە عەرەبییەكانی عیراق (شیعە و سوننە) دانوستاندن بكات بۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عیراق، بە ڕای تۆ دەبێت ئەولەوییەتی شاندی كوردستان بۆ ئەو دانوستاندنە چی بێت؟**

- خۆم وەك لەبەرچاوگرتنی تەحددییەكانی هەڵبژاردنی عیراق بەشدارییەكی بچووكم لە هەڵبژاردندا كردووە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا بڕوام بەوە نییە خۆم ماندوو بكەم، بۆ ئەوەی بزانم بوونی ئێمە لە بەغدا چەندە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئامادەگیی ئێمە لە بەغدا هەر چەندێك بیت، هیچ نییە، لەبەر ئەوەی هەڵوێستی ئەوانەی لە دەسەڵاتن لە بەغدا هەموو ڕۆژێك چاوەڕوانی هەڵگەڕانەوەیان لێ دەكرێت بەرامبەر كورد و كوردستان، ئەگەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە سەیر بكەین، هەندێك وردە جیاوازی ناجەوهەری لێ دەرچێت، دەنا هەموویان وەك یەك بیر دەكەنەوە، هەموو عیراق بە دەوڵەتی عەرەب دەزانن كە لە دوای سەدامەوە ڕەهەندە شیعەكەشی بە توندی تێكەڵ بووە. (مالكی و عەبادی) هەڵگەڕانەوە و سوپایان هێنایە سەر كوردستان، ئەوان لە پەرلەمان زۆرینەن و پێمان دەڵێن ئێوە مافی دەستووریتان هەیە، بەڵام لەپەرلەماندا بە حوكمی زۆرینە، گورزی زۆر گەورەیان لێداوین، بۆ نموونە لە پرسی «ڕیفراندۆم و ئاكامەكانی لە پڕۆژە یاسای بودجە و.. هتد»، ئەوەشی ئێستا دەیكەین بە ڕای من ڕێگرتنە لە پیلانگێڕیی زۆر گەورە كە لە دژی ئێمەدا هەموو كات ئامادەیە.

لێرەوە سەبارەت بە ئەولەوییەتی شاندی كوردستان، بە ڕای من دوو جۆر ئەولەوییەت هەیە، یەكێكیان ئەولەوییەتی تیۆرییە، كە دەبێت كاتێك لەگەڵ بەغدا بۆ پێكهێنانی حكومەت ڕێكدەكەوین، دەبێت ڕێككەوتنەكە چەند پرسێك لەخۆی بگرێت، لەوانە: (جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠، بودجە و مەسەلەی پێشمەرگە، دروستكردنی ئەنجومەنی فیدراڵی هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران، یەك دوو پۆستی سەروەریی لە بەغدا و.. هتد)، ئەمانە هەمووی لە ڕێككەوتنەكەدا دەبن تا دەنووسرێتەوە و تۆمار دەكرێن، بەڵام بە ڕای من ئەمانە هەمووی تیۆرین و پراكتیكی نین، ئێستا شتی دیكەشی هاتووەتە سەر، كە لەوانەیە بۆ خەڵك لە زۆر شتی تر گرنگتر بێت، ئەویش پرسی مووچە و بودجەیە، ئەوجا من وتم ئەوانی دیكە پراكتیكی نین، مەسەلەكە ئەوەیە پرسەكان زۆر ئاڵۆز بوون، هەر بۆ نموونە هەتا وتم ئەگەر بشڵێین ماددەی ١٤٠ جێبەجێش دەكەین، ئێستا بە شێوازی دیكە بە عەرەبكردن بەردەوامە، لەسەر هەڵكردنی ئاڵای كوردستان بینیمان چییان بە لاوەكانمان كرد لە شۆریجە و ڕەحیماوا و ئازادی و گەڕەكەكانی تری كەركووك، لە خانەقین لاوێكمان لەسەر ئاڵای كوردستان شەهید بوو، بۆیە ڕای من ئەوەیە لێرەوە هەتا ساڵی ٢٠٢٣ كە بەردەوام ئەردۆگان باسی ئەم بەرواره دەكات، دەبێت چاوەڕێ بكەین تا ئەو كات چ گۆڕانكارییەك لەم ناوچەیەدا ڕوودەدات كە ئێمە و عەرەبیش دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت لە ئێستادا ئیدارەی ئەو قۆناخە بكەین و لێگەڕێین هەتا ڕەشەباكە تێدەپەڕێت، ئەوا ئەگەر كێشەی ئاو جەنگێكی تر بەرپا نەكا.

*** ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە هەست دەكرێت ئێستا لێكتێگەیشتنێكی باش لە نێوان (پارتی و یەكێتی) دروست بووە، ئایا تاچەند گرنگە پارتی و یەكێتی بە یەك شاند بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عیراق بكەن؟**

- جارێ یەكێتی لە ناوخۆیدا ساغ نەبووەتەوە، ڕاستە كاك بافڵ ئێستا ڕێبەرایەتیی یەكێتی دەكات، بەڵام نازانرێت لێكەوتەكانی لەسەر ئاستی دوور و نزیك چی دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و، لە ڕاستیدا و لە هەموو حاڵەتێكدا یەكێتی لەگەڵ پارتی بێت، كارێكی باش دەكات. لەوانەیە هەندێك برادەرانی یەكێتی ئەم قسەیەی منیان پێ ناخۆش بێت، بەڵام دەبێت ڕاشكاوانە ئەو ڕاستییە بڵێین، هێزە سەرەكییەكە پارتییە، كاك مسعود بارزانی كەسایەتییە سەرەكییەكەیە لەناو كوردا، بۆیە من لایەنگری ئەوەم یەكێتی لەگەڵ پارتیدا

**لە هەموو حاڵەتێكدا یەكێتی لەگەڵ پارتی بێت، كارێكی باش دەكات. لەوانەیە هەندێك برادەرانی یەكێتی ئەم قسەیەی منیان پێ ناخۆش بێت، بەڵام دەبێت ڕاشكاوانە ئەو ڕاستییە بڵێین، هێزە سەرەكییەكە پارتییە، كاك مسعود بارزانی كەسایەتییە سەرەكییەكەیە لەناو كوردا**

**لە ڕێگەی پەیوەندییەكانی خۆشمەوە هانی ئەو حزبانەش دەدەم كە پەیوەندیی دۆستانەم لەگەڵیان هەیە، ڕاشكاوانە پێم وتوون ئەگەر بەرژەوەندیی كوردتان دەوێت، دەبێت لەگەڵ كاك مسعود بن، بەڵام ئەگەر موزایەدەی سیاسیتان دەوێت، ئەوە پرسێكی ترە و هەر لایەک دەتوانێت بە شێوەی ئێستا درێژە بە سیاسەتی موزایەدەی خۆی بدات**

**ئەو بڕیارەی كاك بافڵم زۆر پێ ڕاستە كە جۆرێك لە هاوپەیمانی جەنتڵمانانەی لە نێوان پارتی و یەكێتی دروست كردووە، ئەمە بۆ یەكێتی زۆر باشە و بۆ كوردیش سەرەنجام باش دەبێت**



بێت و، پێش هەمـوو شتێك بۆ یەكێتی قازانجە، ئینجـا بـۆ كوردیـش، لەمـەش زیاتـر ئەگـەر هەمـوو لایەنەكانی دیكـەش «گـۆڕان و كۆمـەڵ و یەككگرتـووش» لەگـەڵ پارتی بن، هـەم قازانجە بـۆ خۆیـان و هەمیش قازانجە بۆ كـورد، ئەمـەش چونكـە ئـەوە سـەلمێنرا، ئـەو لایەنـەی دەتوانێـت ئـەم بارودۆخـەی ئێسـتای كوردسـتان بپارێزێـت، پارتییە، یان وردتر و ڕاستتر بڵێین شەخسی كاك مسـعود بارزانی-یـە، كـە نەیهێشـتووە پاشەكشـە بـە كـورد بكرێـت و بـەرەو دواوە بگەڕێتـەوە. ئـەم واقیعـە پێمـان دەڵێـت باشـترە، پێویسـتە لەگـەڵ پارتـی بـن، هـەر بۆیـە مـن لایەنگـری ئـەوەم و لـە ڕێگـەی پەیوەندییەكانـی خۆشمەوە هانـی ئـەو حزبانـەش دەدەم كە پەیوەندیـی دۆسـتانەم لەگەڵیان هەیـە، ڕاشـكاوانە پێـم وتـوون ئەگـەر بەرژەوەندیـی كوردتـان دەوێـت، دەبێـت لەگـەڵ كاك مسعود بـن، بـەڵام ئەگـەر موزایـەدەی سیاسـیتان دەوێـت، ئـەوە پرسـیكی تـرە و هـەر لایـەك دەتوانێـت بـە شـێوەی ئێسـتا درێـژە بـە سیاسـەتی موزایـەدەی خـۆی بـدات.

لەسـەر ئـەم بنەمایـە ئـەو بڕیـارەی كاك بافڵـم زۆر پـێ ڕاسـتە كـە جۆرێـك لـە هاوپەیمانـی جەنتڵمانانـەی لـە نێوان پارتـی و یەكێتـی دروست كـردووە، ئەمـە بۆ یەكێتی زۆر باشـە و بۆ كوردیش سـەرەنجام بـاش دەبێـت، بۆیـە دەبێـت ڕاشـكاوانە بڵێیـن ئەگـەر بمانەوێـت كـورد ببێـت بـە شـتێك، ئـەوا مـن خـۆم لایەنگـری ئـەوەم ڕاسـتگۆیانە بڵێیـن: «هێزە سـەرەكییەكە پارتییە و كاك مسعود بارزانـی دەتوانێـت ڕێبەرایەتیـی ئـەو قۆناخـە بـكات»، هـەر بۆیـە مـن جەخـت لـەوە دەكەمـەوە دەبێـت ڕووناكبیـران و نووسـەران و میدیاكانیـش بەتایبەتـی میدیاكانـی زۆنـی سلێمانی، ئیتـر واز لـەوە بێنـن، كـە دەبێـت هەوڵەكانیـان بـۆ ئـەوە بێـت «پارتـی بكەنـە سـفر» بـۆ ئـەوەی خۆیـان ببـن بـە شـتێك. بێگومـان بینیمـان، خەڵكانێـك لەسـەر ئـەو بنەمایـە حـزب و بگـرە هـەرا و هۆریایەكـی بـێ ئەندازەشـیان دروسـت كـرد، كەچـی مـردن و ئەوەشـیان نەبینـی. لێـرەدا دەبـێ بـێ دوودڵـی ئـەوە بڵێـم كـە ئیتـر ئـەو تێزەی كـە شەسـت ساڵە كوردایەتـی گیـرۆدەی بـووە بـە كـردەوە مێـژوو ئـەو تیـزەی سـەلماند، ئەویـش ئـەو تێزەیـە كـە بـە شـێوەیەكی دۆگـم پێـی وایـە «وەدەرنانـی ڕەوتـی بارزانـی نەمـرو پارتـی پێشـمەرجی سـەركەوتنە»، بـەڵام وەكـو وتمـان ڕووداو و ڕاسـتییە مێژووییەكانی شەسـت ساڵی ڕابـردوو سـەلماندوویەتی و ئێسـتاش لـە هەمـوو وەختێـك پتـر خـۆی بەرجەسـتە و نمایـش دەكاتـەوە، پێچەوانـەی ئـەو تێـزەی سەرەوە(پێشـمەرجی سـەركەوتنی كوردایەتـی، لەپـاڵ چەندیـن پێشـمەرجی تـردا، پێشـمەرجێكی بنەڕەتیتـر بڕواهێنـان و ڕەوایەتیدانـە بـە ڕۆڵـی مێژوویـی و هەنووكەیـی ڕەوتـی بارزانـی لـە بزووتنـەوەی كوردایەتیـدا).

**دەبێت ڕووناكبیران و نووسەران و میدیاكانیش بەتایبەتی میدیاكانی زۆنی سلێمانی، ئیتر واز لەوە بێنن، كە دەبێت هەوڵەكانیان بۆ ئەوە بێت «پارتی بكەنە سفر» بۆ ئەوەی خۆیان ببن بە شتێك**



له «١٠٧»ـه مین ساڵیادی شەهیدبوونی شێخ عەبدولسەلام بارزانیدا

# شێخی نەتەوە





**سەلاح بەدرەدین**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

شێخ عەبدولسەلام محەمەد عەبدولسەلام بارزانی، یان «شێخ عەبدولسەلامی دووەم» لە ساڵی ١٨٧٨ لە گوندی بارزان لەدایك بووەو، براگەورەی هەر یەك لەم شێخ و سەرکردانە بووە: «ئەحمەد، محەمەد سەدیق، بابۆ، مستەفا»، شێخ محەمەدی باوکی لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە دوور دەخرێتەوە بۆ ناوچەی بەدلیس لە کوردستانی تورکیا و، دواتر لە ساڵی ١٩٠٣ شێخ محەمەد بارزانی لە تاراوگە کۆچی دوایی دەکات، شێخ عەبدولسەلام دەبێتە جێنشینی باوکی و ڕێبەرایەتیی شێخایەتیی و ناوچەی بارزان دەکات.

شێخ لە ژینگەیەکدا پەروەردە بوو کە جیاواز بوو لە ژینگەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ئەو جیاوازییانەش بریتی بوون لە «پەیوەندیی توندوتۆڵی خێزانی، پابەندبوون بە میراتی دابونەریتە ڕەسەنەکانی پەسەندکردنی ئەوی دیکەی جیاواز، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، ڕێزی هاوبەش لە نیوان سێ ئایینە جیاوازەکەی (ئیسلام، کریستیان، جوو) کە لەو سەردەمەدا پەیڕوانی ئەو ئایینانە لە ناوچەی بارزان هەبوون، بۆ ئەمەش مزگەوت و کەنیسە و کەنیسا پێکەوە هەبووە، هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستاندا پەیڕەوانی غەیرە ئیسلام دوچاری ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی دەبوونەوە.

لە سەر ئەم بوارە قەشەی ئەنگلیکانی ئەمریکی (ویگرام) کە سەبارەت بە گەشتە دوور و درێژەکەی بۆ وڵاتی کوردان و، لەو گەشتەیدا کە پێش سەد ساڵ زیاتر چووەتە ناوچەی بارزان، نووسیویەتی: «لە بارزان سەردانی کەنیسەی کریستیانەکانم کرد و داوام لە قەشەی کەنیسەکە کرد کە شێخی موسڵمانانیش (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) ببینم، لە وەڵامدا قەشەی کەنیسەکە پێی گوتم: «ئەو شێخی ئێمەشە، لەبەر ئەوەی جیاوازی لە نێوان هەر سێ ئایینی ئیسلام و کریستیان و جوو ناکات، ئەو خێر و بێرەی هەیە، بە یەکسانی بەسەر هەمووواندا دابەشی دەکات و جیاکاری لە نێوان ئایینەکاندا ناکات».

قەشە ویگرام کاتێك کە لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام بارزانی کۆدەبێتەوە و بە بۆچوونە پێشکەوتووەکانی و ڕۆشنبیرییە فراوانەکەی و، سووربوونی لەسەر مافی هەمووان بە بێ جیاوازی ئاشنا دەبێت، ڕاستگۆیی قسەکانی قەشەی کەنیسەکەی بارزانی

**لە بارزان سەردانی کەنیسەی کریستیانەکانم کرد و داوام لە قەشەی کەنیسەکە کرد کە شێخی موسڵمانانیش (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) ببینم، لە وەڵامدا قەشەی کەنیسەکە پێی گوتم: «ئەو شێخی ئێمەشە، لەبەر ئەوەی جیاوازی لە نێوان هەر سێ ئایینی ئیسلام و کریستیان و جوو ناکات**

**کریس کۆچیرا مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی فەرەنسی دەڵێت: «شێخ عەبدولسەلام بارزانی خاوەنی یەکەمین دۆکیۆمێنتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانە»**

**شێخ عەبدولسەلام بارزانی پێش ئەوەی بچێتە ناو کایەی کاری نەتەوەیی، ئاراستەیەکی ریفۆرمخوازیی هەبووە، ئەم ئاراستەیەشی لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ کردووە**

**کاتێک شێخ عەبدولسەلام لەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی و ئاراستە نەتەوەییەکەی لەگەڵ عەرشی عوسمانییەکاندا رووبەروو بووەوە، هەوڵی دا رێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر زۆرداریی عوسمانییەکاندا پشتگیریی بکەن**

**ئەوەی کە زۆر جێگەی هەڵوەستە و نیگەرانییە، ئەوەیە کە ئەو کەسەی بەرپرس و دادوەری جێبەجێکردنی فەرمانی لەسێدارەدانەکەی شێخ بوو، دادوەرێک بوو کە بە بنەچە کورد بووە**

بۆ دەردەکەوێت، بەپێی ئەو زانیارانەی لای منیشە، هەموو شێخ و سەرکردەکانی بارزان هەتا ئێستاش پەیڕەویی لەو ڕێبازە دەکەن.

### ● وەرچەرخان بەرەو بانگەشەی نەتەوەیی

کریس کۆچیرا مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی فەرەنسی دەڵێت: «شێخ عەبدولسەلام بارزانی خاوەنی یەکەمین دۆکیۆمێنتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانە»، لەمەدا مەبەستی ئەو داواکارییانەیە کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی دوای ئەوەی لەگەڵ پیاوماقووڵانی ناوچەکانی دهۆك و دەوروبەری کۆدەبێتەوە و ڕەزامەندییان وەردەگرێت، دەیداتە عەرشی عوسمانییەکان، ئەو داواکارییانەش بریتی بوون لە کۆمەڵێك پرس، کە پەیوەندیدارن بە دەربڕینی ئیرادەی خەڵکەکە و، جەختکردنەوە بووە لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردبوون و، گەیشتن بە گەرەنتی و بڕیار بۆ زامنی مافە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان، بەمەش شێخ عەبدولسەلام سەلماندی ئەو تەنیا داکۆکیکاری داواکاریی گوندەکەی و ڕۆڵەکانی ڕێبازەکەی و خەڵکی ناوچەکەی خۆی نییە، بەڵکو داکۆکیکار بووە لە کورد وەك گەلێکی مەزڵووم و بێبەشکراو لە مافەکان، کە لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە نکۆڵی لەو مافانە کراون .

گومان لەوەدا نییە کە هۆشیاریی نەتەوەیی کورد لە سەدەی هەژدەهەمەوە دەرکەوتووە، ئەم هۆشیارییەش لە شیعرەکانی — ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و عەبدولقادر کۆیی و چەندین شاعیری دیکە لە ناوچە جیاوازەکانی دیکەی کوردستان بەرجەستە بووە، هەروەها لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵانەی لە ئەستەنبوڵ و دیاربەکر و ڕاپەرینەکانی (بەدرخانییەکان و، شێخ عوبێدوڵای نەهری و شێخ سەعید و شێخ عەبدولسەلام بارزانی) و خەڵکی دیکە بەرجەستە بووە.

شێخ عەبدولسەلام بارزانی پێش ئەوەی بچێتە ناو کایەی کاری نەتەوەیی، ئاراستەیەکی ڕیفۆرمخوازیی هەبووە، ئەم ئاراستەیەشی لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ کردووە، وەك: ڕێگرتن لە داربڕین و پاراستنی دارستانەکان، ڕێگرتن لە ڕاوکردنی گیانەوەران، ڕێگرتن لە بەشوودانی کچانی منداڵ، پراکتیزەکردنەوەی ئاشتبوونەوە بە خوێن لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە، دیاریکردنی مارەیی، زامنکردنی ئازادیی بیروباوەڕ، پیادەکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی بە ئازادی و هاوشانی موسڵمانەکان بۆ پەیڕەوانی کریستیان و جوو.

### ● یاداشتنامەی داواکارییە نەتەوەییەکان

لەو یاداشتنامەی بۆ عەرشی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی بەرز کردبووەوە، جەخت لەم مافانە کراونەتەوە:

١- زمانی کوردی زمانی فەرمیی ناوچەی بادینان بێت.

٢- خوێندن لە قوتابخانەکان بکرێتە کوردی .

٣- دامەزراندنی فەرمانبەرە باڵاکانی ناوچەکە کە کورد بن، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە داواکاریی دانیشتووانی ناوچەکە تێبگەن.

٤- فەرمانەکان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوە بچن.

٥- مامەڵەکانی دادگا بەپێی مەزهەبی شافیعی لە ناوچەکەدا بەڕێوە بچن.

٦- ڕەسم و باج وەرگرتن بەپێی شەریعەتی ئیسلام بێت .

٧- باجی بەدیل بۆ خزمەتی سەربازی بەکار بهێنرێتەوە، بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی ناوچەی بادینان.

ئەم داواکارییانە لە گەوهەردا نەتەوەیین، بەڵام هەندێك داواکاریی ئایینیشی لەسەر داوای پیاوانی ئایینی و پیاوماقووڵی ناوچەکە بۆ زیاد کراوە، کە لەو کاتەدا ئەوانە ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگەیان کردووە.

### ● شێخێکی دیپلۆماتی

کاتێك شێخ عەبدولسەلام لەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی و ئاراستە نەتەوەییەکەی لەگەڵ عەرشی عوسمانییەکاندا ڕووبەڕوو بووەوە، هەوڵی دا ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر زۆرداریی عوسمانییەکاندا پشتگیریی بکەن، بۆ ئەمەش هەوڵی دا، پەیوەندی بە بەریتانییەکانەوە بکات، کە وەڵامدانەوەیان بۆی نەبوو، بۆیە ڕووی لە ڕووسەکان کرد و لە بەدلیس چاوی بە نوێنەری ڕووسەکان کەوت، بەڵام ئەوانیش لەبەر پابەندبوونیان بە عوسمانییەکانەوە وەڵامەکەیان نەرێنی و ڕەتکردنەوەی هەموو داواکارییەکی نوێنەری کورد (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) بوو.

### ● کۆتاییەکی بە ژان

شێخ عەبدولسەلام بارزانی زۆر بوێر و جوامێرانە بە شێوازی بەرگریی چەکداری و دیپلۆماتی و



مەزاری شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە موسڵ

سیاسی و جەماوەری ڕووبەڕووی عوسمانییەکان بووەوە، ئەمە وێڕای نەبوونی هاوسەنگیی هێز لە هەموو ڕوویەکەوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە لەلایەن خەڵکانێکی ناو نەتەوەکەی خۆی خیانەتی لێ کرا، بوونە هۆکارێك بۆ ئەوەی تەسلیمی عوسمانییەکانی بکەنەوە، ئەوەی کە زۆر جێگەی هەڵوەستە و نیگەرانییە، ئەوەیە کە ئەو کەسەی بەرپرس و دادوەری جێبەجێکردنی فەرمانی لەسێدارەدانەکەی شێخ بوو، دادوەرێك بوو کە بە بنەچە کورد بووە، ئەو ئەندامی ئیتیحاد و تەرەقی بوو، کە ڕێکخراوێکی تۆرانیی زۆر توندڕەو بووە، بەڵام ئەوەی جێگەی شانازییە، ئەوەیە کە شێخ عەبدولسەلام زۆر جوامێرانە و بەتەواوەتی بە ئەرکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەستا و، هەوڵێکی جددیی لەو پێناوەدا داوە، تەنانەت تا کۆتایی تەمەنیشی زۆر جوامێرانە و سەربەرزانە لە بەردەم جەلادەکەیدا ڕاوەستاوە، بۆیە ناوی ئەو لە دڵی هەموو کوردێکدا بە نەمری دەمێنێتەوە لە هەرشوێنێك بێت.

ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بووەتە سەرچاوەیەکی ڕۆشن بۆ نەوەکانی دوای خۆی و بارزانییەکان درێژەپێدەری ئەم ڕێبازە بوون و پەرەیان پێ داوە، لە سەردەمی ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و دوای ئەویش، ئاراستە نەتەوەییەکە بە تەواوی خۆی بەرجەستە کرد و، دەرکەوت و بووە ڕێبازێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتیی لە کاروانە دوور و درێژەکەیدا، کە بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمی بەریتانی دەستی پێ کرد و، دوای ئەویش دەسەڵاتدارە شۆڤێنییەکانی بەغدا و هەندێك لە هۆزە کوردە جاشەکانی ناوچەکە تا دەگاتە بەشداریی ئەو لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، پاشانیش ڕێڕەوە مەزن و مێژووییەکەی بەرەو یەکێتی سۆڤێت و گەڕانەوەی بۆ عێراق لە پاش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بۆ عێراق، دوای ئەویش لە ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ و، بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنومی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠ و ڕووبەڕووبونەوەی نسکۆ و تا کۆچی دوایی.

ئەم ڕێبازە چەندین دەستکەوت و بەرهەمی بۆ گەلی کوردستانی عێراق بەدی هێناوە، وەك بەشداریکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن، دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، ڕاگەیاندنی فیدراڵی، بەردەوامبوون لە بەدیهێنانی هەنگاوی زیاتر، کە هیچ گومانی تێدا نییە سەرەنجام دەڕژێتە ڕووباری خەباتی کوردستان لە هەموو شوێنێك.

**شێخ عەبدولسەلام زۆر جوامێرانە و بەتەواوەتی بە ئەرکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەستا و، هەوڵێکی جددیی لەو پێناوەدا داوە**

**لە سەردەمی ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و دوای ئەویش، ئاراستە نەتەوەییەکە بە تەواوی خۆی بەرجەستە کرد و، دەرکەوت و بووە ڕێبازێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتیی لە کاروانە دوور و درێژەکەیدا**

# دیمانەی تایبەت



نادر هاشمی بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سکوڵی جۆزێف کۆربۆڵ بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دەنڤەر، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك: سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تیوری سیاسی، سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی بەراوردکاری. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی هاتنەئارا و تەشەنەسەندنی گرووپە توندڕەوەکان لەم ناوچەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

نادر هاشمی
بەڕێوبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دەنڤەر:

# ڕۆژگارێکی ڕەش باڵی بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە

*** هەروەك دەزانن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین پەرەسەندن و پێشهاتی نالەبارەوە گرفتارە، لە ئێستادا چ شتێك زیاتر ئێوەی نیگەران کردووە؟**

- لە ڕاستیدا زۆر شت من نیگەران دەکەن، یەکەمیان ئەگەری هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا، بە هۆی پرسی بەرنامە ئەتۆمییەکەوە. خاڵی دووەم کە منی بە قووڵی نیگەران کردووە، بریتییە لە ڕەوشی کارەساتباری مافەکانی مرۆڤ لە زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەدا، لە میسرەوە بۆ ئیسرائیل و فەلەستین و سووریا و چەندین وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، هەروەها هاوپەیمانیی نێوانی ئیسرائیل و چەند دەوڵەتێکی دەسەڵاتخوازی عەرەبی کە بەرجەستە بووە لە ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام، هەروەها دووبارە بەهێزبوونەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە وڵاتی سووریا منی نیگەران کردووە، بە تایبەت کە لە سەروبەندی ئەوەدایە شەرعییەت لە هەندێ لە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەوە وەربگرێت. بابەتێکی دیکە کە زۆر منی نیگەران کردووە، بریتییە لە کاریگەریی تێکشکێنەر و کاولکاری گۆڕانی ژینگە لە سەر کۆمەڵگەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کە دەبێت بزانین لەم ڕووەوە بە هۆی ئەم گۆڕانی کەش و هەوایە چەندین ناکۆکی و خۆپیشاندان و شڵەژان هاتوونەتەئاراوە و دێنەئاراوە. من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت ڕۆژگارێکی ڕەشە و باڵی کێشاوە بە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، واتە لە ئێستادا هۆکارێکی کەم هەیە بۆ ئەوەی ئێمە گەشبین بین لە ئاست چارەنووس و ئایندەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** باشە بۆچی کێشەکانی ئەم ناوچەیە هێندە سەخت و دژوارن و وا دەردەکەوێت کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێن و بۆچی کێشەکان بە بەردەوامی دووبارە دەبنەوە؟**

- لە ڕاستیدا تاکە هۆکارێك نییە بۆ ئەو دۆخەی ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە من ئاماژە دەکەم بە سیاسەتی تێکشکێنەری زۆرێك لە ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکانی ناوچەکە کە بۆ چەندین دەیەیە لە حوکمڕانیدان. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە سیاسەتی حکومەتەکانی وڵاتانی ناوچەکە بە ڕاددەیەکی گەورە هۆکار بوون بۆ ئەو کێشە و پشێوییانەی لە ناوچەکەدا سەریان هەڵداوە و هاتوونەتە ئاراوە، واتە ئۆباڵەکە لە ئەستۆی ئەوانە. دواتر دەبێت ئێمە بزانین کە ئەم حکومەتانە نەیاتوانیوە بە پشتبەستن بە خۆیان دروست ببن و بەردەوامی بە خۆیان بدەن، بەڵکو بوونی ئەم حکومەتانە گرێ دراوە بە هێزێکی دەرەکییەوە. ئەوەتا جیهانی ڕۆژئاوا بە زۆری هاوکاریی سعودیە و میسر و ئیسرائیل و.. هتد دەکات. ڕووسیاش پشتیوانی لە بەشار ئەسەد دەکات. واتە دەبێت فاکتەری دەرەکییش لە هاوکێشەکەدا لە بەرچاو بگرین. ئێمە دەزانین کە هێزە گەورەکانیش لە خەمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانیی باشدا نین، بەڵکو تەرکیزی ئەوان لەسەر بابەتە بەرتەسکەکانە، وەك ئەوەی پێی دەڵێن بەرژەوەندیی ئەمنی و ئابووری و.. هتد. فاکتەرێکی دیکە، کە فاکتەرێکی بنەڕەتی و بنچینەییشە، بریتییە لە گەشەی دانیشتووانی ئەم وڵاتانە، هاوشان بە نەبوونی کار و حوکمڕانیی باش و دابەزینی ئاستی ژیان و گوزەران، قەیرانەکانی ژینگە و سەرجەم ئەو کێشانەی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا بوونیان هەیە، لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا، واتە ئەم کێشانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بوونیان هەیە. بەڵام پێم وایە هۆکاری سەرەکی بریتییە لە نوخبەی حوکمڕان، واتە حکومەت و ئەو سیاسەتمەدارانەی لە دەسەڵاتدان، کە هەندێ جار بە دەیان ساڵە لە دەسەڵاتدان، بۆ نموونە سوپا لە میسردا نزیکەی ٦٠ بۆ ٦٥ ساڵە جڵەوی حوکمڕانی لەدەستدایە.

*** دەرئەنجامێکی مەترسیدار و کاولکاری کێشەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە دروستبوون و سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان، کە کاولکاری و کوشتارێکی زۆریان لەم ناوچەیەدا بەرپا کردووە، ئێوە چۆن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی ئەم گرووپانە دەڕوانن و ئایا باشترین ڕێگاچارە بۆ چارەسەرکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانیان چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی بوونەتە هۆی بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی ئەم گرووپە توندڕەوانە هێشتا لە ئارادان، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین: ئەم گرووپانە دووبارە دێنەوە ئاراوە و دروست دەبنەوە، چونکە ئەوان بە یەکجاری کۆتاییان پێ نەهێنراوە، گرووپە توندڕەوەکان سوودمەندی سەرەکین لە سیاسەتە گەندەڵەکانی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تێڕوانینی من ئەوەیە کە دروستبوونی گرووپەکانی وەك داعش و ئەلقاعیدە بریتین لە نیشانە و ئاماژە بە کێشەی حوکمڕانیی خراپ. من پێش پێنج ساڵ دیراسەتێکم نووسی لە بارەی سەرهەڵدانی داعشەوە، ئاماژەم بەوە کرد کە یەکگرتنی دوو تەوژمی ئیقلیمی کە بۆ دەیان ساڵە بوونەتە هۆی گەندەڵکردنی سیاسەت لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکەمیان بریتییە لە میراتی گەندەڵکاریی دەیان ساڵەی دەسەڵات و حوکمڕانیی خۆسەپێن و دیکتاتۆری، دووەمیان بریتی بوو لە داڕووخان و لە بەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەت، واتە کاتێك ئەم دوو پەرەسەندنە هاوشان بە یەکتر دێنەئاراوە، ئەوا بۆشاییەك دروست دەکەن و، دەرفەت بۆ ئەم گرووپە توندڕەوانە دروست دەکەن، بۆ ئەوەی سەرهەڵبدەن. کەواتە ئەگەر ئێمە لە هەر دوو وڵاتی عێراق و سووریا بڕوانین و پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو وڵاتە چییە؟ ئەوا ئەوەی بەدی دەکەین، ئەوەیە کە هەردووکیان لەژێر کاریگەریی قورس و ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و خۆسەپێنیدا بوون، کە حزبی بەعسی ئەم دوو کۆمەڵگەیەی وێران کرد، دواتریش لە ئەنجامی شەڕ و ناکۆکییەوە دەوڵەتەکانیان داڕووخان. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا

**دووبارە بەهێزبوونەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە وڵاتی سووریا منی نیگەران کردووە، بە تایبەت کە لە سەروبەندی ئەوەدایە شەرعییەت لە هەندێ لە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەوە وەربگرێت**

**جیهانی ڕۆژئاوا بە زۆری هاوکاری سعودیە و میسر و ئیسرائیل و.. هتد دەکات. ڕووسیاش پشتیوانی لە بەشار ئەسەد دەکات**

**هێزە گەورەکانیش لە خەمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانیی باشدا نین، بەڵکو تەرکیزی ئەوان لە سەر بابەتە بەرتەسکەکانە، وەک ئەوەی پێی دەڵێن بەرژەوەندیی ئەمنی و ئابووری و.. هتد**

**ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی بوونەتە هۆی بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی ئەم گرووپە توندڕەوانە هێشتا لە ئارادان**

**گرووپە توندڕەوەکان سوودمەندی سەرەکین لە سیاسەتە گەندەڵەکانی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

لە ساڵی ٢٠٠٣دا و بە هۆی دەستێوەردانی دەرەکییەوە و خراپ ئیدارەدانی دوای ئەو دەستێوەردانە دەوڵەت لە بەریەك هەڵوەشایەوە، لە سووریاش دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکان لە ساڵی ٢٠١١ دەوڵەت دووچاری تێکشکان بووەوە و بۆشایی و دەرفەتی بۆ داعش دروست کرد، بۆ ئەوەی دروست ببێن. کەواتە من دروستبوون و هاتنەئارای ئەم گرووپانە بە دەرئەنجام و بە نیشانە و ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی و دیکتاتۆری دەزانم. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هەندێ جار ئاماژە بەوە دەکرێن کە پاڵنەری ئەم گرووپانە پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژییە و پەیوەندی بە هەلومەرجەکەوە نییە، بەڵام من پێم وایە ئایدیۆلۆژیا بەشێکە لە کێشەکە و لە ڕاستیدا دەبێت لەوەش بڕوانین بۆچی ئەم ئایدیۆلۆژیایانە تەشەنە دەکەن؟ کە من پێم وایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی ئەم ناوچەیە ڕێگەیان لە بەدیلی دیموکراسی گرتووە و هیچ دەرفەتێکیان بۆ بەشداری نەهێشتووەتەوە.

*** کێشەکەی دیکەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کرد، بریتییە لە دەستێوەردانی هێزە جیهانییەکان و هەندێ لە دەوڵەتە ئیقلیمییە بەهێزەکان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، ئێوە چۆن لەم پرسە و لە کاریگەری و دەرئەنجامەکانی دەڕوانن؟**

- ئەوە ڕاستە کە وڵاتی ئیقلیمی هەن کە دەستێوەردان و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەیە و، پاڵپشتی و هاوکاری بۆ هەندێ لە گرووپە وەکیلەکانیان دەستەبەر دەکەن، بە تایبەتی لە عێراق و سووریا و بوونەتە هۆی بنکۆڵکردن و لاوازکردنی دەسەڵات و دامەزراوەکانی دەوڵەت، کەواتە زۆرێك لەو لێدوانانەی ڕۆژئاوا دەربارەی دەستێوەردان و کاریگەریی ناسەقامگیرکاری هەندێ لە وڵاتانی ئیقلیمی لە سەر ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی ڕاستن و پێکاویانە. بەڵام لێرەدا کێشەکە ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاوپۆشی لە دەستڕۆیشتوویی و ڕەفتاری ناسەقامگیرکاری هەندێ لەو وڵاتانە دەکات، چونکە بەرژەوەندیی لەگەڵیاندا هەیە، بۆیە پشتیوانییان دەکات.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن کە هەندێ گۆڕانکاری و پەرەسەندنی ئەرێنی لەم ناوچەیەدا ڕوویان داوە، بە تایبەتی کە ئاماژە بە ڕێککەوتنەکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتی عەرەبییەکان دەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلیش چارەسەر نەکراوە، ئایا لە تێڕوانینی ئێوەدا ئەم ڕێککەوتنانە زەمینە بۆ ئاشتی و سەقامگیریی زیاتر دەسازێنن، یان ئەمە تەنیا یەکگرتنێکی کاتیی بەرژەوەندییەکانە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە کێشە و ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل هێندە قورس و ئاڵۆز نییە کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، بەڵکو کێشەکە لە بەرهەڵستی و هەڵوێستی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە کە نایانەوێت ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکرێت، لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاشتی و دادپەروەری بۆ فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان پێکەوە. سەبارەت بە ڕێککەوتنەکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی کە وا خراونەتەڕوو، وەك ئەوەی دەرفەتێکی زۆر باش بن بۆ ئاشتی و سەقامگیری، بەڵام ئەمە لێکدانەوەیەکی دروست نییە، ئەمە ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلییەکان و عەرەبەکان نییە، ئەمە تەنیا ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتەکانە و گەلانی ئەم ناوچەیەش هیچ دەرفەتێکیان نییە بۆ گوزارشتکردن لە تێڕوانین و لە بۆچوون و لە دەنگی خۆیان. دواتر ئەگەر لەم ڕێککەوتنانە بڕوانین، ئەوا ئەندازیاری سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنانە بریتی بوو لە جارێد کۆشنەر کە زاوای دۆناڵد ترەمپ بوو، کەسێکی زۆر گەندەڵیش بوو، ئەم ڕێککەوتنەش لەسەر حیسابی مافە بنەڕەتییەکانی فەلەستینییەکان بوو. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە نییە و کاتییە و تەنیا دەبێتە هۆی زیادکردنی توورەیی گەلانی ناوچەکە لە ئاست ئیسرائیل و ئەو وڵاتە عەرەبییانەی واژوویان کردووە. هەر لە بەر ئەمەیەی کە من زۆر بە گومانەوە لەم ڕێککەوتنانە دەڕوانم.

**یەکگرتنی دوو تەوژمی ئیقلیمی کە بۆ دەیان ساڵە بوونەتە هۆی گەندەڵکردنی سیاسەت لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکەمیان بریتییە لە میراتی گەندەڵکاریی دەیان ساڵەی دەسەڵات و حوکمڕانیی خۆسەپێن و دیکتاتۆری**

**دەسەڵاتەکانی ئەم ناوچەیە ڕێگەیان لە بەدیلی دیموکراسی گرتووە و هیچ دەرفەتێکیان بۆ بەشداری نەهێشتووەتەوە**

**وڵاتی ئیقلیمی هەن کە دەستێوەردان و کاریگەری و دەستڕۆیشتووییان هەیە و، پاڵپشتی و هاوکاری بۆ هەندێ لە گرووپە وەکیلەکانیان دەستەبەر دەکەن، بە تایبەتی لە عێراق و سووریا**

**ئەمریکا چاوپۆشی لە دەستڕۆیشتوویی و ڕەفتاری ناسەقامگیرکاری هەندێ لەو وڵاتانە دەکات، چونکە بەرژەوەندیی لەگەڵیاندا هەیە، بۆیە پشتیوانییان دەکات**

**کێشە و ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل هێندە قورس و ئاڵۆز نییە کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، بەڵکو کێشەکە لە بەرهەڵستی و هەڵوێستی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە کە نایانەوێت ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکرێت**

## دیمانەی تایبەت



جۆزێف ئۆڵمەرت پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی، پێشتریش پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆکانی (تەل ئەبیب، بار ئیلان لە ئیسرائیل) هەروەها وانەبێژ بووە لە زانکۆی کۆرنێل لە ئەمریکا و زانکۆی یۆرك لە کەنەدا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە مێژووی هاوچەرخی لوبنان و سووریا، کەمینەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، سیاسەتی ئیسرائیل دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا.

## جۆزێف ئۆڵمەرت

تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# پێشبینی ناکرێت ئەمریکا پشتیوانییەکی بنەڕەتی بۆ عێراق دەستەبەر بکات

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت و، ئەو کێشە و پەرەسەندنانە چین کە بوونەتە سیما و خەسڵەتی ئەم ناوچەیە و ئایا پێت وایە ئەم ناوچەیە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ئێستادا سێ تەوژمی گرنگی پەرەسەندن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت، یەکەمیان بریتییە لە هەڵکشانی تەوژمی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی، تەنانەت ئەم ئاساییکردنەوەیە گەیشتووەتە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی، ئەم تەوژمەش، یان ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، زیاتر بەرجەستە دەبێت لە دەستپێکردن و هاتنەئارای هاوکارییەکی قووڵی ئابووری و تەنانەت سەربازی و هەواڵگرییش لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیی وەك (میسر، بەحرەین، ئیمارات) و بەم دواییە تەناتەت مەغریبیش، ئەم تەوژمەش ئەوە پیشان دەدات کە عەرەب کەمتر بایەخ بە کێشەی فەلەستین دەدات، هەروەها گوزارشتە لە هەڵکشانی خواستی بەشێك لە وڵاتە عەرەبییەکان بۆ گرنگیدان بە کێشە و پرس و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، تەنانەت ئەگەر ئەمە بە مانای بەدەستهێنانی هاوکاری بێت لە وڵاتی ئیسرائیل، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان هاوهەڵوێستن، یان بەو واتایە نایەت کە جیهانی عەرەبی بە چەشنێکی فەرمی و بە ئاشکرا دەستبەرداری فەلەستینیەکان بووبێت، بەڵکو ئەوە پیشان دەدات کە بایکۆتکردنی تەواوەتی لەگەڵ ئیسرائیل کۆتایی هاتووە، هەروەها لە ڕووی واقیعییەوە چیتر ناتوانین باس لە کێشەی عەرەب-ئیسرائیل بکەین، بەڵکو دەبێت باس لەوە بکەین کە کێشە و ناکۆکی لە

**ئیسرائیل چیتر تەنە نامۆکە نییە، چیتر دێوەزمەی سیاسەتی عەرەبی نییە، بەڵکو بووەتە کاراکتەرێک لە تێکڕای سیستمی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**لە ئێستادا ئێران بووەتە سەرچاوەی نیگەرانی بۆ زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکان، ئەویش بەهۆی ئەو تەحەددییانەی دروستی کردووە لە سەر زۆرێک لە ئاستەکاندا، بە تایبەتی تەحەدی ئایینی بەرجەستەبوو لە مەزهەبی شیعەدا لە دژی هەستی تەقلیدیی باڵادەستیی سوننە**

**ئێمە دەبێت تەرکیز لەسەر ئەردەن بکەین، چونکە داڕووخانی دەوڵەت تێیدا کاریگەریی کاولکاریی لێ دەکەوێتەوە لە سەر سەقامگیریی تێکڕای ناوچەکە، بەڵام ئەمە ڕوونادات**

**ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن خوازیاری ئەوە نییە مامەڵە لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات، ئەوەی لە ئێستادا بووەتە ئەولەوییەتی سەرەکیی ئەم ئیدارەیە، بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ چین و ڕووسیا**

نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیدا هەیە، ئیسرائیل چیتر تەنە نامۆکە نییە، چیتر دێوەزمەی سیاسەتی عەرەبی نییە، بەڵکو بووەتە کاراکتەرێك لە تێکڕای سیستمی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تەوژمی دووەم، کە بە دڵنیاییەوە گرێ دراوە بە تەوژمی یەکەمەوە، بریتییە لە ترس و نیگەرانیی عەرەب لە ئاست ئێراندا و، لە ئاست ئاراستە توندەکانی ئێران نەك تەنیا لە دژی ئیسرائیل، بەڵکو لە دژی زۆرێك لە وڵاتانی کەنداو، بە تایبەتی عەرەبستانی سعودیە، مەسەلەکە تەنیا پڕۆگرامە ئەتۆمییەکە نییە، بەڵکو دۆخی یەمەن، سووریا و لوبنان و هەروەها عێراقیشە، لە ئێستادا ئێران بووەتە سەرچاوەی نیگەرانی بۆ زۆرێك لە وڵاتە عەرەبییەکان، ئەویش بەهۆی ئەو تەحەددییانەی دروستی کردووە لە سەر زۆرێك لە ئاستەکاندا، بە تایبەتی تەحەدی ئایینی بەرجەستەبوو لە مەزهەبی شیعەدا لە دژی هەستی تەقلیدیی باڵادەستیی سوننە، هەرچۆنێك بێت، عەرەبستانی سعودیە لە سەروبەندی ئەوەدایە ئایا دەتوانێت ئاشتەوایی بکات لەگەڵ ئێرانییەکاندا، هەرچەندە من خۆم باوەڕم نییە بتوانرێت، بەڵام هیچ شتێکیش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەحاڵ نییە. تەوژمی سێیەم بریتییە لە داڕووخانی ژمارەیەکی زیاتری دەوڵەتان بە هۆی کێشە و قەیرانی ئابوورییەوە، لوبنان نموونەیەکە لەم ڕووەوە، هەروەها هێشتا سووریا لە شەڕ دەرباز نەبووە، شا عەبدوڵای ئەردەن لە ژێر گوشارێکی زۆردایە، بە هۆی دۆخی ئابووری لە وڵاتەکەیدا، ئێمە دەبێت تەرکیز لەسەر ئەردەن بکەین، چونکە داڕووخانی دەوڵەت تێیدا کاریگەریی کاولکاریی لێ دەکەوێتەوە لە سەر سەقامگیریی تێکڕای ناوچەکە، بەڵام ئەمە ڕوونادات، هۆکارە سەرەکییەکەش ئەوەیە کە ئیسرائیل ئەو پشتیوانییە دەستەبەر دەکات بۆ ئەردەن کە پێویستی پێیەتی، بەڵام دۆخی ئەو وڵاتە لەرزۆکە. هەروەها عێراق کێشەی گەورەی هەیە لە پەیوەندی بە دۆخی خراپی ڕووباری دیجلەوە، لیبیا لە پشێوییەکی گەورەدایە، هەروەها هەلومەرجی غەززە و دەسەڵاتی فەلەستینی ناسەقامگیرە، لە نێو دەسەڵاتی فەلەستینیدا، ڕژێمەکەی عەباس لاوازە و، دۆخی تەندروستیی خۆی باش نییە، لە پشت پەردەوە شەڕی جێگرتنەوەی دەستی پێ کردووە.

*** چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن دەڕوانیت و، ئایا پایە بنەڕەتییەکانی ئەم سیاسەتە چین لە ئاست ئەم ناوچەیەدا و، ئایا پێت وایە لە باشترکردنی دۆخی ئەم ناوچەیەدا هاوکار بووە؟**

-ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن خوازیاری ئەوە نییە مامەڵە لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات، ئەوەی لە ئێستادا بووەتە ئەولەوییەتی سەرەکیی ئەم ئیدارەیە، بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ چین و ڕووسیا، بەڵام بە چەشنێك لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا مامەڵە دەکات، کە نیگەرانیی گەورەی دروست کردووە، هەم بۆ ئیسرائیل و هەم بۆ عەرەبستانی سعودیە، پێدەچێت بەرپرسانی نێو ئیدارەکەی بایدن بیانەوێت لەگەڵ ئێراندا بگەنە چارەسەرێکی خێرا، ئیسرائیلیش خوازیاری ئەمە نییە، کە ئەمە بارگرژی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست کردووە، هاوشان بە گوشاری ئەمریکا لەسەر حکومەتەکەی بێنێت بۆ کردنەوەی کونسولگەریی ئەمریکا لە قودس. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشاری دروست کردووە لەسەر میسر و عەرەبستانی سعودیە لە بارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤەوە، لە کاتێکدا کە ئەم کارە بە نییەتێکی باشەوە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕژێمەکانی ئەم وڵاتانە لاواز دەکات، بە تێکڕا پێدەچێت ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن سیاسەتێکی ڕوون و جێگیری نەبێت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش وەك نیشانەیەکی لاوازی لێك دەدرێتەوە لە ناوچەکەدا.

*** بەهاری عەرەبی ئومێد و چاوەڕوانییەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا، بەڵام هەروەك دەزانین کێشەکانی ئەم ناوچەیە پتر ئاڵۆز بوون و کەمترین شتێك کە بگوترێت ئەوەیە کە خەونی بەدیهێنانی دیموکراسی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بەدی نەهات، ئایا لە ئێستادا بەدیهاتنی دیموکراسی بووەتە ئەگەری دوور و لاواز؟**



- بەڵێ، ئەگەری بەدیهاتنی دیموکراسی لاوازە، ماوەیەکی زۆر بە سەر بەهاری عەرەبیدا تێپەڕیوە و، کودەتاکەی سوودان و ناسەقامگیرییەکانی تونس ئاماژەن بە دژواری و سەختییەکان، ئەمە سەرباری ئەوەی لوبنان لە لێواری داڕووخاندایە و سووریاش سەرقاڵی هەڵبژاردنێکی ڕواڵەتی بووە، عێراقیش بەدەست ناسەقامگیرییەوە گرفتارە، من بە هیچ شێوەیەك گەشبین نیم.

*** بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی هەموو هەوڵ و دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیە بە شکست و نائومێدی کۆتاییان دێت؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێ لە کێشە و ناکۆکییەکان چارەسەر بوون، بڕوانە میسر و ئیسرائیل و تەوژمی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا، کە ئاماژەم پێ کرد، بەڵام لە زۆرێك لە وڵاتەکاندا گوشارێکی ئیتنی و ئایینی و دیموگرافیی گەورە هەن، بۆ نموونە، ئەو ڕاستییە تراژیدییەی کە نەتەوەی بوێری کورد هێشتا بە ئازادیی نەتەوەیی شایستەی خۆی شاد نەبووە.

*** یەکێك لە کێشە گەورە و درێژخایەنەکانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە کێشەی تایفەگەری، بە تایبەتی شیعە و سوننە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- کێشەی تایفەگەری کێشەیەکی کۆن و درێژخایەنە و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر، کەواتە چۆن دەکرێت کەسێك باوەڕی وابێت لە ئێستادا، یان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەتوانرێت چارەسەر بکرێت؟ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەمان ئەو پرۆسە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کە سەریان کێشا بۆ کۆتاییهاتنی شەڕە ئایینییەکان لە ئەورووپا و تەنانەت تورکیاش، کە وا پێدەچوو بوویێتە نموونەیەك بۆ شۆڕشێکی عەلمانیی سەرکەوتوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لە ئێستادا وا دەردەکەوێت بەرەو تەوژمێکی ئیسلامی بچێت لە سایەی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا.

*** ئاشکرایە کە یەکێك لە کێشە درێژخایەن و ئاڵۆزەکانی ئەم ناوچەیە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلە، ئێوە چۆن لە ئایندەی ئەم کێشەیە دەڕوانن؟**

- چیتر کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل بریتی نییە لە کێشەی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی لەگەڵ بەرفراوانبوونی بازنەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ژمارەیەکی زیاتری وڵاتانی عەرەبی، هەروەها لە سەروبەندی ئەوەدا نییە، بەم نزیکانە چارەسەر بکرێت، ئەگەر واقیعبین بین، ئەوا دەبێت ئیحتیوا بکرێت، بەڵام بە بێ وەبەرهێنانێکی گەورەی دارایی لە غەززە و کەناری ڕۆژئاوا و بەشداریی زیاتری میسر و ئەردەن، ئەوا ناتوانین باس لە هەنگاوەکان بکەین بۆ ئەوەی ئاستی بارگرژی کەم بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێك لە ئارادا نییە کە وەك چارەسەرێکی ستراتیژی دەر بکەوێت.


*** چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق دەڕوانن؟**

- ئەگەر پێشبینییەك بکەم، ئەوا من دەڵێم ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانییەکی بنەڕەتی بۆ عێراق دەستەبەر ناکات، ڕەنگە هەندێ لە عێراقییەکان خوازیاری ئەمە بن، بەڵام متمانەیان پێ مەکەن، هەروەها متمانەیان پێ مەکەن بۆ پشتیوانیکردن لە خەونە نەتەوەییەکانی کوردیش، من هەمیشە هاوسۆزم لەگەڵ کورد و بژی پێشمەرگەی قارەمان.

**پێدەچێت ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن سیاسەتێکی ڕوون و جێگیری نەبێت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش وەك نیشانەیەکی لاوازی لێك دەدرێتەوە لە ناوچەکەدا**

**لە زۆرێك لە وڵاتەکاندا گوشارێکی ئیتنی و ئایینی و دیموگرافیی گەورە هەن، بۆ نموونە، ئەو ڕاستییە تراژیدییەی کە نەتەوەی بوێری کورد هێشتا بە ئازادیی نەتەوەیی شایستەی خۆی شاد نەبووە**

**کێشەی تایفەگەری کێشەیەکی کۆن و درێژخایەنە و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر، کەواتە چۆن دەکرێت کەسێك باوەڕی وابێت لە ئێستادا، یان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەتوانرێت چارەسەر بکرێت؟**



**کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا شایستەی ئەوەیە کە هەموو گرنگی و بایەخێکی پێ بدرێت، چونکە ئەگەر بتوانرێت وەك پێویست پەرە بەم بوارە بدرێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر بەرەوپێشچوونی تێکڕای کۆمەڵگە دەبێت، بایەخدانی حکومەتی هەرێم و خودی سەرۆك وەزیران و بە هاناوەچوونی قووتابیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لە سۆنگەی لەبەرچاوگرتنی گرنگیی ئەو کەرتەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم بارەیەوە گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجام دا.**

## دکتۆر جەوهەر فەتاح سەعید

### سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سنگێکی فراوانەوە گوێی لە داواکاری و کێشەکانی قوتابییانی زانکۆ گرت

*** لە ماوەی ڕابردوودا قوتابییانی زانکۆکانی کوردستان خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، ئێوە بە یاوەریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم لەگەڵ قوتابییان کۆبوونەوە، هەمیش سەردانی بەشە ناوخۆییەکانتان کرد، ئایا تا چەند ئەم هەنگاوەی سەرۆکی حکومەت بۆ بەدەنگەوەچوونی داوای قوتابییان کاریگەریی هەبوو؟**

- بە شێوەیەکی گشتی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام پاڵپشتیی قوتابییانی کردووە لە هەموو بارێکەوە، هەموو مەبەستەکەشی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابییان و کۆلێژ و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بووە، هەروەها لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە ڕەوش و کێشەکانی قوتابییان، لەگەڵ نوێنەری قوتابییان و خودی قوتابییانیشدا کۆبووەوە و، سەردانی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدینی کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گوێبیستی داواکاریی قوتابییان بێت و، کێشە و گرفتەکان بەچاوی خۆی ببینێت، تا بتوانێت ئەو کێشە و گرفتانەی کە قوتابییانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەیانە، چارەسەریان بکات. ئەوە بوو بڕیار درا لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتەوە هەموو کێشە و گرفتەکانی قوتابییان چارەسەر بکرێت، داواکارییەکانیشیان دەستەبەر بکرێت، سەبارەت بە هاوکاریکردنی قوتابییانیش جەنابیان فەرمانی کرد

بە پۆلێنکردنی قوتابیان بەپێی پێویستییەکانیان و ئەو بارودۆخە داراییەی هەیانە و، پاشان هاوکارییەکانیان پێ بدرێت.

*** دیداری قوتابیان و سەرۆکی حکومەت هەمووی لە تیڤییەکانەوە پەخش کرا و، ئەوەی گازندە و گلەیی قوتابیان بوو، ڕاشکاوانە خرانە ڕوو، سەرۆکی حکومەت ئەو داواکارییانەی بە سنگفراوانییەوە لێ وەرگرتن، ئایا چۆن کار لە سەر داواکاریی قوتابیان دەکەن؟**

- هەموو ئەو داواکارییانەی قوتابیان هەیانە، لەلایان ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە هەند وەرگیراوە، بۆ دابینکردنی و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیش لیژنەی تایبەت پێك دەهێنرێت و، داواکارییەکانی قوتابیان و پێداویستی بەشە ناوخۆیەکان لەلایان کۆلێژ و زانکۆکانی هەموو هەرێمی کوردستان ئامادە دەکرێت، پاشان لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت هەموو داواکارییەکانی قوتابیان جێبەجێ دەکرێت، هەرچی کێشەوگرفتەکانیشیانە بۆیان چارەسەر دەکات، هاوکارییەکانیش بەپێی پۆلێنەکان زیاتر بە قوتابییە هەژار و کەمدەرامەتەکان دەدرێت.

*** لە ناو خۆپیشاندانەکاندا هەست دەکرا سیاسەتیش تێکەڵی ئەم داوا ڕەوایانەی قوتابیان دەکرا، مەبەستمان ئەوەیە هەندێك لایەنی سیاسی بۆ مەبەستی حزبیی خۆیان دەیانویست خۆپیشاندانەکە بە لاڕێدا ببەن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی لە ناو زانکۆدا بوار بە تێکەڵکردنی زانکۆ و سیاسەت دەدەن؟**

- لەو دیدارەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ قوتابیانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، کە نوێنەری ١٤ زانکۆی هەرێمی کوردستان و نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکان لە قوتابیان تێیدا بەشدار بوون، لەلایەن جەنابیانەوە ڕاوبۆچوون و داواکاریی هەموو قوتابییەکان کە ٢٨ قوتابی بوون وەرگیرا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕاشکاوانە گوێی لە هەموو داواکارییەکانیان گرت و، بڕیاری دا کە هەموو داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکات، واتە لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ جیاوازییەك لە نێوان هیچ چین و توێژێك بەتایبەتی لە نێوان قوتابیانی هەرێمی کوردستاندا نییە.

*** بڕە پارەیەك بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا زیاد کراوە، بۆ ئەوەی پێداویستیی قوتابیانی پێ دەستەبەر بکرێت، ئایا تاچەند ئەو بڕە پارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان هاریکار دەبێت؟**

- ئەو بابەتە تا ئێستا لە دیراسەتکردندایە و لیژنەی بۆ پێکهێنراوە، تا ئەو لیژنەیە بتوانێت هاوکاریی قوتابیانی زانکۆکان جێبەجێ بکات، بەپێی ئەو بڕە پارەی کە دەستنیشان دەکرێت.

*** ئەوەی لە قوتابیانەوە گوێبیستی بووین، کێشەی بەشە ناوخۆییەکان بوو، بەتایبەتیش بەشە ناوخۆیی کچان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، تاچەند لە زانکۆی سەلاحەدین ئەم کێشەیە بەرچاوە و، تاچەند بەرنامەتان بۆ داناوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن؟**

- هەموو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کێشەی بەشە ناوخۆییان هەیە، لەبەر ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا قەیرانی دارایی هەبوو، هەر بۆیە نەتوانراوە بەپێی پێویست ساڵانە پێداویستی بۆ بەشە ناوخۆییەکان دابین بکرێت، کێشەکانیش لە زانکۆیەك بۆ زانکۆیەك و لە بەشە ناوخۆییەك بۆ بەشە ناوخۆییەکی دیکە جیاوازە، بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدینیش وەك هەر زانکۆیەکی دیکە کەموکووڕیی هەیە، هەندێك پێداویستیمان لە بەشە ناوخۆییەکانمان هەیە، جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم سەردانەیدا بەڵێنی دا، کە هەموو کەموکووڕی و کێشەکانی بەشە ناوخۆییەکانی کوڕان و کچانی زانکۆی سەلاحەدین و هەموو زانکۆکانی دیکەی هەرێم چارەسەر بکات.

*** قوتابیان بە شێوەیەکی گشتی گازندەی ئەوە لە زانکۆکان دەکەن کە پاش دەرچوونیان هەلی کاریان دەست ناکەوێت، یان لە حکومەت دانامەزرێن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە: بۆچی بیر لەوە نەکراوەتەوە پڕۆگرامی خوێندنی زانکۆ لەگەڵ پێداویستیی بازاڕ بگونجێنن؟**

- دوو سێ ساڵ پێش ئێستا لەم بارەوە هەنگاو نراوە، سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییش ئەوەیە کە ئەو کۆلێژ و بەشانە لە زانکۆکان پاڵپشتی و هان بدرێت، کە ڕاستەوخۆ دەتوانن هەلی کاریان لە بازاڕ دەست بکەوێت، ئێستاکە و لەمەودواش زیاتر کار بۆ ئەوە دەکرێت کە کادیر و شارەزای ئەوتۆ لە زانکۆ و کۆلێژەکان ئامادە بکرێن، بە شێوەیەك کە بازاڕ و بزنێسی هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی و، کار لەسەر ئەوەش دەکرێت کە ئەو کۆلێژ و بەشانە زیاتر گەشە بکەن، کە دەتوانن لە دوای دەرچوونیان کاریان لە بازاڕ و لە کەرتی تایبەتدا دەست بکەوێت.

**جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام پاڵپشتیی قوتابیانی کردووە لە هەموو بارێکەوە، هەموو مەبەستەکەشی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابیان و کۆلێژ و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بووە**

**جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە ڕەوش و کێشەکانی قوتابیان، لەگەڵ نوێنەری قوتابییان و خودی قوتابیانیشدا کۆبووەوە و، سەردانی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدینی کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گوێبیستی داواکاریی قوتابیان بێت**

**لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت هەموو داواکارییەکانی قوتابیان جێبەجێ دەکرێت، هەرچی کێشەوگرفتەکانیشیانە بۆیان چارەسەر دەکات، هاوکارییەکانیش بەپێی پۆلێنەکان زیاتر بە قوتابییە هەژار و کەمدەرامەتەکان دەدرێت**



**قوتابیان و خوێندکاران ئەو توێژە گرنگ و هەستیارەی ناو کۆمەڵگەن کە ڕۆڵیان لە پێشخستن و بووژانەوەی هەرێم و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر نەوزاد عەبدوڵا حاجی، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

## دکتۆر نەوزاد عەبدوڵا حاجی

### ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# چاکسازی لە هەر دوو سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا دەستی پێ کردووە

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین تاچەند کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی و بایەخی بە هەر دوو سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا داوە، بە تایبەتی قوتابیان و خوێندکاران؟**

- پەروەردە و خوێندن لە هەموو وڵاتێکدا بە دوو سێکتەری گرنگی پێشکەوتن و پەرەپێدان دادەنرێن، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە دەستپێکدا بایەخێکی زۆری بە بووژانەوەی ئەم دوو سێکتەرە داوە و، بودجەیەکی گەورەشی بۆ گەشەکردنی تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی بەسەر کەموکورتییەکاندا زاڵ ببین و، بە شێوەیەکی ڕاست و دروستیش پلان و بەرنامەکان جێبەجێ بکرێن. لەم دوو سێکتەرەدا قوتابی و خوێندکار لەلای ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگای بایەخ و گرنگیدانە، لەم ڕووەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار ڕاستەوخۆ لە نزیکەوە لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆی کردووە و گوێبستی داواکارییەکانیان بووە، دیدار و چاوپێکەوتنی نوێنەرانی زانکۆکانی کوردستان و بەسەرکردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستییەن، بەرنامە و ستراتیژییەتی سەرۆکی حکومەت بەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە کە چاکسازیی گەورە و گۆڕانکاری ڕیشەیی لە هەردوو سێکتەرەکەدا ئەنجام بدرێت و، لە ڕووی پراکتیکییەوە دەست بە چاکسازی کراوە.

سەبارەت بە گرنگیدان بە توێژی قوتابیان، هەر خۆی لەخۆیدا چاکسازی و گۆڕانکاری لە پرۆگرام و سیستمی خوێندن و، تەنانەت بووژاندنەوەی ژێرخانی هەردوو کەرتەکە لەپێناو بووژانەوە و پێشخستنی مەعریفیی توێژی قوتابیدایە، بۆ نموونە: لە پەروەردەدا سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو چاکسازی لە کەرتەکە و، پێشخستنی پرۆگرام و

گرنگیدان بە خودی مامۆستا و قوتابی و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێرکردن و پەروەردەکردن دەچێت، بە شێوازێك کە بگونجێت لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستان و واقیع و گۆڕانکارییە گەورەو بەردەوامەکانی جیهانی پێشکەوتوودا، پاڵپشتی و پشتیوانیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزیر و وەزارەتی پەروەردەش لەم چوارچێوەیەدایە، کە سەرباری گرنگیدانی بە پێشخستنی پرۆگرام و پەرەپێدانی سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵا و بونیاتنانی ژێرخانی هەردوو سێکتەرەکە، ئاوڕێکی جددیی لە داواکاری و خواستەکانی قوتابیان و خوێندکاران دراوە.

*** ئەگەر باسێکی خوێندنی باڵا بکەین، ئایا لە ناو ئەم سێکتەرەدا بۆ قوتابییان و خوێندکاران چی کراوە؟**

- لە خوێندنی باڵا گۆڕانکاریی باش کراوە، هەر خۆی لەخۆیدا ڕاگرتنی ئاستی خوێندن لە ناو هەر دوو قەیرانی سەختی دارایی و کۆرۆنادا دەستکەوتێکی گەورەیە، لە ناو ئەم قەیرانەشدا توانرا لە ٤٠٪ی کرێی خوێندنی خوێندکاران لە زانکۆ و کۆلێژەکان کەم بکرێتەوە، کە بۆ کەمکردنەوەی بارگرانیی سەرشانی قوتابی و خانەوادەکانیان کارێکی باش بوو، ئەمە وێڕای وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری دەرچووی پۆلی١٢ی ئامادەیی لە کۆلێژە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی لە زانکۆ حکوومییەکاندا، هەروەها تەرخانکردنی کورسی خوێندن بۆ ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا.

*** ئایا خراپیی بارودۆخی دارایی چۆن کاریگەریی لەسەر دەرکەوتنی هەندێك گرفت و کێشە کردووە، بەتایبەتی لە بەشە ناوخۆییەکانیدا؟**

- پێش دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرفتی بەشە ناوخۆییەکان هەبووە و داهات لەبەردەستی زانکۆکاندا نەبووە، بۆیە گەلێك گرفتی بەشە ناوخۆییەکان و ڕاوەستانی هاوکاریی قوتابیان و گرفتی تەکنیکی لە ناو زانکۆکانی کوردستاندا دروست بووە، زۆر لەم کێشە و گرفتانە بەرەو چارەسەرکردن دەچێت. سەبارەت بە هاوکاریی قوتابیان، ئەگەر وەکو ژمارە سەیری بکەین، ژمارەیەکی گەورەیە، بەتایبەتی لەگەڵ وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان کە هاوکاتە لەگەڵ داشکانی کرێی خوێندن لە زانکۆ ئەهلییەکان و پەرەلێل و دەرکەوتنی شوێنەوارە مەترسیدارەکانی کۆرۆنا، سیاسەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان بە شێوازێکی درێژخایەن و ڕیشەییە، نەك چارەسەرێکی کاتی و دواتر سووڕانەوە لە چوارچێوەیەکی داخراودا.

*** هەندێك کەس و لایەنی سیاسی بە مەبەستی موزایەدە و بەدەستهێنانی دەستکەوتی شەخسی گرفت و کێشەکانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ مەرامی دوور لە خواست و ویستی ئەم توێژە بەکار دەهێنن، ئایا تا چەند ئێوە ئاگاداری ئەم دیاردەیەن؟**

- بەلاڕێدابردنی داواکاری و خواستە ڕەواکانی قوتابیان و خوێندکاران، بەتایبەتی لە زۆنێکی دیاریکراودا کە بوونی پەکەکە و زۆر لایەنی سیاسی هەیە و، بۆ مەرام و ئەجێندای دەرەکی کار دەکەن، یان لە ڕێگەی ئاژاوە و پشێوییەوە دەستکەوتە تایبەتییەکانیان دەست دەکەوێت، هەموو ئەمانە کاری زۆر قێزەون و ناشیرینن و زیانی گەورەیان بە خودی داوا ڕەواکانی قوتابیان و خوێندکارانیش گەیاندووە، خۆشبەختانە خوێندکاری زانکۆ توێژێکی ژیر و وریایە و ڕێگە نادات ئەم داواکارییانەیان بۆ مەرامی دوور لە خواستی ئەوان بەکار بهێنرێت، من بەردەوام داواکارییەکانی خوێندکاران بە مەشرووع و یاسایی و ڕەوا دادەنێم، بەڵام بارودۆخی هەرێمی کوردستان زۆر هەستیارە و، دوژمنەکانی ئەم گەلە لە بۆسەدان بۆ زیانگەیاندن بە کورد، ئەمەش لە ڕێگەی ناشیرینکردنی حکومەتەکەیانەوە، بۆیە دەبێت بە شێوازێکی ئاشتی و دوور لە توندوتیژی داواکارییەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە، من خوێندکار بە پێشمەرگەی گیانفیدا و خۆڕاگری خوێندن و زانست وەسف دەکەم، لە شەڕی داعش و پاراستنی قەوارەی کوردستان و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا قوتابیان ڕۆڵێکی بێ وێنەیان هەبووە، هەر بۆیە ڕێگە نادەن بۆ مەرامی شەخسی و ئەجێندای دەرەکی بەکار بهێنرێن. لەلایەکی دیکەوە قوتابیان خاوەنی ڕێکخراون و نوێنەرایەتیی مەشروع و یاسایی خۆیان هەیە، کە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی حزبەکانن کە بە یاسا مۆڵەتی کارکردنی پیشەییان پێ دراوە و گرنگیی تایبەتیی خۆیان هەیە، بە تایبەتی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان کە ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە هەموو قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستاندا و زمانحاڵی ئەم توێژە گرنگە و پارێزەری مافە ڕەواکانی قوتابیانن، قۆناغەکەی ئەمڕۆ ئەرکی ئەوانیش قورس دەکات، بەوەی زیاتر ڕۆڵ لە ناو توێژی قوتابیاندا بگێڕن و ڕێگا نەدەن کەسانی دیکە و گرووپ و کۆمەڵەی گومانلێکراو لە ناو حەرەمی قوتابخانە و زانکۆکاندا کاری تێکدەرانە و گوماناوی ئەنجام بدەن. من قوتابیان و خوێندکاران دڵنیا دەکەمەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر هێڵە و هەموو توانای خۆی بەکار دەهێنێت، بەوەی بودجەی پێویست بۆ هەردوو کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دابین بکات و، گرفت و کێشەکانیان چارەسەری بنەڕەتی و ڕیشەیی بۆ بدۆزێتەوە.

**پەروەردە و خوێندن لە هەموو وڵاتێکدا بە دوو سێکتەری گرنگی پێشکەوتن و پەرەپێدان دادەنرێن، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە دەستپێکدا بایەخێکی زۆری بە بووژانەوەی ئەم دوو سێکتەرە داوە و، بودجەیەکی گەورەشی بۆ گەشەکردنی تەرخان کردووە**

**بەرنامە و ستراتیژییەتی سەرۆکی حکومەت بەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە کە چاکسازیی گەورە و گۆڕانکاری ڕیشەیی لە هەردوو سێکتەرەکەدا ئەنجام بدرێت و، لە ڕووی پراکتیکییەوە دەست بە چاکسازی کراوە**

**لە پەروەردەدا سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو چاکسازی لە کەرتەکە و، پێشخستنی پرۆگرام و گرنگیدان بە خودی مامۆستا و قوتابی و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێرکردن و پەروەردەکردن دەچێت**



**قوتابیان وەکو توێژێکی زیندووی کۆمەڵگە ڕۆڵی بەرچاویان لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەدا هەیە، بەرەو ئایندەیەکی گەش و باشتر، ئەگەر سەرنج لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بدەین، دەبینین کە لە هەڵگیرساندنی شۆڕشەوە توێژێکی هەستیار و زیندوو بزوێنەری ناو کۆمەڵگە و شۆڕش بوون، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ نێچیرڤان حوسێن سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ساز دا.**

## نێچیرڤان حوسێن

**سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# سەردان و گفتوگۆی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ قوتابیان، نیشاندەری خەمخۆریی جەنابیانە بۆ باشترکردنی ڕەوشی پەروەردە و خوێندن

*** قوتابی و لاوان توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگەن و بەشێکی سەرەکیی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنن، ئایا یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چۆن دەڕوانێتە پرسی قوتابیان؟**

- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفا بارزانی سەرکردە و سیمبولی نەتەوەیی کورد، بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناو لاوان و قوتابیاندا دامەزراوە، لەمەش گرنگتر بارزانیی نەمر ڕۆڵ و پێگەی لاوان و قوتابیانی بە گەورە دادەنا و، دەیزانی چ ڕۆڵێکیان لەسەر بزووتنەوەی ڕزگارخوازیی کوردستان و لە ئاراستەی ڕووداوەکاندا هەیە، هەرواش دەرچوو، قوتابیان و لاوان بە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و لە شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵاندا ڕۆڵ و پێگەی بەرچاویان هەبووە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا بوو، کورد ببێتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ و مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، ڕاپەڕین و ڕیفراندۆم و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش هەمووی بناغەکەی بۆ شۆڕشی بارزان و شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان دەگەڕێتەوە و، قوتابیان و گەنجان داینەمۆی شۆڕشەکان بوون، لە ئێستادا یەکێتیی قوتابیان لە

ناو ناوەندەکانی خوێندندا بووەتە پردێکی گەیەنەری داخوازی و گرفتەکانی ئەم توێژە هەستیارو زیندووە. لە مانگی ئۆکتۆبەردا سەرۆك بارزانی وەکو ڕابەر و باوکێك بۆ ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە، لە پەیامێکیدا جەختی لەسەر گرنگیی قوتابیان و گەنجان کردەوە و، داوای کرد لە کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا گرنگییەکی زیاتر بە لایەنی پەروەردەیی و خوێندن و پرۆگرامەکان بدرێت، بە تایبەتی لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە، سەرۆك بارزانی ئەو واقیعەی لە بەرچاو ڕوونە کە داهاتوویەکی باشتر، بەندە بە پەروەردەیەکی باشتری نەوەکانمانەوە، لەم ڕووەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەری قوتابیان دانیشت و گفتوگۆی کرد و گوێبستی داواکارییەکانیان بوو، ئەم لێکترنزیکبوونەوەیە گەورەترین دامەزراوەی جێبەجێکار کە حکومەتە، وادەکات وەزارەتە پەیوەندیدار و خزمەتگوزارییەکان زیاتر گرنگی بە توێژی قوتابیان و بەشە ناوخۆییەکانیان و پرۆگرامەکانی خوێندن بدەن، لەمەش گرنگتر سەرۆکی حکومەت لە نزیکەوە هەستی بەو بۆشاییە گەورەیە کرد کە لە نێوان قوتابیان و وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتدا هەیە، بۆیە سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ لای قوتابیان و گوێبیستی داواکارییەکانیان دڵنیاییەکی باش بوو، ئەو گفتوگۆ ڕاشکاوانە و واقیعییانە بۆ قوتابیان زۆر پێویست بوو.

*** بەڵام وەکو لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی زانکۆی سلێمانی و زانکۆکانی دیکەدا بینیمان، هەندێك هێزی دیکە کە خاوەنی ئەجێندای دەرەکی و مەرام و مەبەستی دیکە بوون، داواکارییە ڕەواکانی قوتابیان و لاوانیان بۆ نانەوەی توندوتیژی و ئاژەوە بەکار هێنا، ئایا ئێوە وەکو یەکێتیی قوتابیان و وەك ڕێکخراوێکی یاسایی و پەیوەندیدار بە نوێنەرایەتیی قوتابیان، هەڵوێستتان بەرامبەر ئەم جۆرە کەس و لایەنانە چییە؟**

- هەموو قوتابییەك مافی خۆیەتی خۆڕسکانە و مەدەنییانە دوور لە توندوتیژی داواکاری و خواستەکانی بگەیەنێت، خۆپیشاندانیش یەکێکە لە ئامرازەکانی فشار، قوتابیان ئەم حکومەتە وەکو باوکی خۆیان سەیر دەکەن و ئەو مافەیان هەیە داواکارییەکانیان بە کۆمەڵێك شێوازی مەدەنییانە و دیموکراتییانە بە لایەنی پەیوەندیدار بگەیەنن، بەڵام جێگای داخە بەشێك لە لایەنە سیاسییەکان ناکۆکی و تەسفیەی حیساباتی جۆراوجۆر و، تەنانەت تاقمی دز و گێرەشێوێنیش خزانە ناو خۆپیشاندانەکان و ڕۆڵێکی نەرێنیان لە گۆڕینی ئاراستە و ئامانجی خۆپیشاندانەکان هەبوو، کە بەداخەوە توندوتیژیشی لێ کەوتەوە، تەنانەت هەندێك لە سیاسەتمەدار و پەرلەمانتار و کەسایەتی وەك موزایەدە خۆیان نمایش کرد، بێ ئەوەی هیچ کارێك لە بەرژەوەندیی توێژی قوتابیان و لاوان بکەن. ئێمە لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەڵگەمان هەیە کە دەستی سیاسی لە پشت خۆپیشاندانەکان و تەنانەت بەلاڕێدابردنیشی بەرە و توندوتیژی هەبووە، هەر بۆیە ئێمە داواکارین لە دەسەڵاتی دادوەری و داواکاریی گشتی، کە ڕێکاری یاسایی لە دژی بەکارهێنانی سیاسییانەی قوتابیان بگرنەبەر و سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمان هەروا لەبیر نەچێت.

بۆ بەدیهێنانی «کوردستانێکی بەهێز» و داهاتوویەکی باشتر بۆ هەرێمی کوردستان پێویستیمان بەوەیە خواست و داواکارییەکانی قوتابیان و لاوان جێبەجێ بکەین، ئێمە پاڵپشتیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە بەپێی توانا گرنگیی بە سێکتەری پەروەردە و خوێندن داوە و، لە ناویشیاندا پاڵپشتیی ئەم توێژانەی کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەو تێگەیشتنەمان بۆ ئەو بارودۆخە داراییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت ئێمە وەکو ڕێکخراوەکانی قوتابیان و هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، خزمەتێکی زیاتری قوتابیان بکەین و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەین، سوپاس بۆ نووسینگەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەردەوام لەسەر هێڵن، هەمووشمان بینیمان سەرۆکی حکومەت چەندین جار لە نزیکەوە لەگەڵ نوێنەرانی قوتابیان و خوێندکاران دانیشت و گوێی لە خواست و داواکارییەکانیان بوو، ڕاستەوخۆش چەندین بڕیاری گرنگی بۆ باشکردنی دۆخی قوتابیان و بەشە ناوخۆییەکان و ئاسانکاری لە خوێندن و داشکانی کرێی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆ ئەهلییەکان دەرکرد، ئەوەی دەمێنێتەوە چۆنێتیی باشکردنی بارودۆخی دارایی و کەمکردنەوەی بارگرانییە لەسەر شانی خانەوادەکانیان، بۆ نموونە: هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەتوانن ئاوڕێك لە تێچووەکانی قوتابی بدەنەوە، لە خوێندن و کرێی گواستنەوە و مەلزەمە و کتێب و باشکردنی بارودۆخی بەشە ناوخۆییەکان و کەمکردنەوەی نرخی کافتریا و خواردنگەکان، بێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر کوالێتی هەبێت، هەروەها هەوڵی ئەوە بدرێت زانکۆکان بە شێوازی جۆراوجۆر ببنە خاوەنی داهاتی خۆیان.

**سەرۆکی حکومەت لە نزیکەوە هەستی بەو بۆشاییە گەورەیە کرد کە لە نێوان قوتابیان و وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتدا هەیە، بۆیە سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ لای قوتابیان و گوێبیستی داواکارییەکانیان دڵنیاییەکی باش بوو**

**قوتابیان ئەم حکومەتە وەکو باوکی خۆیان سەیر دەکەن و ئەو مافەیان هەیە داواکارییەکانیان بە کۆمەڵێك شێوازی مەدەنییانە و دیموکراتییانە بە لایەنی پەیوەندیدار بگەیەنن**

**هەندێك لە سیاسەتمەدار و پەرلەمانتار و کەسایەتی وەك موزایەدە خۆیان نمایش کرد، بێ ئەوەی هیچ کارێك لە بەرژەوەندیی توێژی قوتابیان و لاوان بکەن**

# هەنگاوەکانی دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان

**ئاسایشی نیشتمانی گەڕانە بە دوای دابینکردنی قەوارەیەکی ستراتیژی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک، لەسەر ئەم بنەمایە هەنگاوی باش لەم بوارەدا لە هەرێمی کوردستان نراوە**

ڕوون و ئاشکرایە کە ئاسایشی نیشتمانی گەڕانە بە دوای دابینکردنی قەوارەیەکی ستراتیژی بۆ هەر کۆمەڵگەیەك، لەسەر ئەم بنەمایە هەنگاوی باش لەم بوارەدا لە هەرێمی کوردستان نراوە، سەرەتاش لە یاسای دامەزراوەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، کە ماوەی پتر لە دە ساڵە کاری پێ دەکرێت، ئەویش بریتییە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١، یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، لە ڕاستیدا ئەم یاسایە نموونەی یاساکانی ناوچەکەیە بۆ ڕێکخستنی ئەم جۆرە دامەزراوانە، مەبەستی سەرەکیی دەرچوونی یاساکە بریتی بوو لەوەی کە ئەم ئەنجومەنە سیاسەتگەلی ئەمنیی ڕێك دەخات و پلانی بۆ دادەنێت و هەماهەنگی دەکات لەگەڵ دامەزراوەکان، گرنگترین ئامانجەکانیشی بریتیین لە: دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری، پاراستنی بنەما و پرەنسیپە دەستوورییەکان، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان ئەوانەی پەیوەستن بە مەترسییەکانی سەر ئاسایش، هەروەها پاراستنی ئاسایشی ئابووری، سیستەمی زانیاری، ڕووبەڕووبوونەوەی کاری تیرۆریستی و سیخوڕی، ئاسایشی هاتوچۆ، فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان، ئاسایشی تەندروستی و خۆراك، وزە و دامەزراوە گرنگەکان، هەروەها ئاسایشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نێردە دیپلۆماسی و کونسوڵخانەکان و لایەنی دیکە، بە تایبەتی پەیوەست بە تاوانی مەترسیدار و ڕێکخراو و ماددەی هۆشبەر و ساختەکردنی دراو و گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی و شووشتنەوەی پارە.

ئەم یاسایە پەیکەربەندیی ئەنجومەنەکەی لە ڕووی پێکهاتەوە ڕێك خستووە، کە ڕاوێژکار سەرۆکایەتی دەکات، جێگرێکیش بۆ ڕاوێژکار دادەمەزرێت، بەپێی ئەو پەیکەربەندییە ئەم دامەزراوەیە ئەرك و کاروباری خۆی ڕادەپەڕێنێت، ڕاوێژکاریش بۆ دەرکردنی ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی یاسایەکە دەسەڵاتی هەیە.



**د.نەژدەت ئاكرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

بە تێپەڕبوونی (١٠) ساڵ بەسەر ئەم یاسایە گرنگەدا، پێویست بەوە دەكات كە پاڵپشت بە كارە سەركەوتووەكانی، هەندێ هەنگاوی دیكەی دامەزراوەیی و ئەكادیمی بێنەكایەوە، پێش ئەوەی باسی هەنگاوەكان بكەین، سەرەتا دەبێت ئاماژە بە ڕاستییەك بكەین، ئەویش بریتییە لە سەركەوتنی ئەم ئەنجومەنە بەڕێزە لە كارەكانی، لە بوارە پسپۆڕییە پیشەییەكانی، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددییانەی تووشی هەرێم بوو، تا ڕاددەیەكیش لە كارەكانیدا سەركەوتوو بووە، ئەم دامەزراوەیە لە چەندین دامەزراوەی دیكە پێكدێت، وەك ئاسایشی گشتی و هەواڵگریی سەربازی و ئاژانسی پاراستن و زانیاری.

سەبارەت بە هەنگاوەكانی دامەزراوە ئەكادیمییەكان بۆ ئەوەی كە پاڵپشت بن بۆ ئەم یاسا و دامەزراوەیە، تاكو كارەكانیان پرۆفیشناڵانە ئەنجام بدەن، ئەویش بۆ دوورمەودا بۆ پاراستنی ئاسایشی كوردستان، ئەمانەش خۆیان لە چەند هەنگاوێكی دامەزراوەییدا دەبیننەوە، سەرەتا هەنگاوی پەیوەست بە پرۆژەی ئەكادیمییەی ئەمنیی بەرگری، لە هەرێمی كوردستان زۆر پێویستمان بە ئەكادیمییەك لە بواری ئەمنی و بەرگری هەیە، ئەم ئەكادیمییە كارەكانی پەیوەستن بە كاروباری ئاسایش و بەرگرییەوە، چونكە دامەزراوەی ئاسایش و بەرگری تەواوكەری یەكدین، ئەكادیمییەكە ئەركی دابینكردنی لایەنی زانستی و پراكتیكی دەبێت، بۆ كادیرانی بەرگری و ئەمنی و گەشەكردنی تواناكانیان، هەروەها زانیاری دابین دەكات و توێژینەوە ئامادە دەكات، لەگەڵ ئەنجامدانی كۆنگرەو وۆرك شۆپ و بازنەی دیراسی و سیمیناری تایبەتی ئەمنی و سەربازی، هەروەها ئامادەكردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە دەستكەوتنی زانیاریی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی.

ئەم ئەكادیمییە لە دوو بەش پێك دێت: بەشی ئەمنی و بەشی سەربازی، بەشی ئەمنی كۆلێژێكی ئەمنی بە خۆیەوە دەبینێت، بەشی بەرگریش كۆلێژێكی بەرگریی تایبەت

**لە هەرێمی كوردستان زۆر پێویستمان بە ئەكادیمییەک لە بواری ئەمنی و بەرگری هەیە، ئەم ئەكادیمییە كارەكانی پەیوەستن بە كاروباری ئاسایش و بەرگرییەوە، چونكە دامەزراوەی ئاسایش و بەرگری تەواوكەری یەكدین**

جیا لە کۆلێژە سەربازییەکان، کە ئەرکی ئەو ئامادەکردنی کادیری دوای بەکالۆریۆسە لە بواری زانستەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەنجومەنێك ئەو ئەکادیمیایە بەڕێوەدەبات بە هاوکاریی دەستەیەکی ڕاوێژکاری لە پسپۆڕان، دەبێ ئەم ئەکادیمیایە سەنتەرێکی توێژینەوەی هەبێت کە پسپۆڕانی ئەمنی و سەربازی کاری تێدا دەکەن، ئەمە پرۆژەیەکی گرنگ و پێویستە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لە کارەکانی خۆیدا ڕەچاوی بکات، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی زۆر دەوڵەت، بۆ نموونە ئەزموونی عێراق یان میسر، یان هیندستان و زۆر دەوڵەتی دیکە، بۆیە ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە بە کارەکانی ئەکادیمیای ئەمنی و بەرگریدا، بۆمان دەردەکەوێت کە چەند ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی بڕیاردا، بە تایبەتی لە دەوڵەتانی وەك ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و تا ڕادەیەکیش ڕووسیا، هەروەها ڕۆڵیان هەیە لە ئامادەکردنی سەرکردەی پسپۆڕ لەم بوارانەدا.

پرۆژەی دووەم کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکەین و پەنای بۆ ببردرێت، پرۆژەی سەنتەرێکی دیراساتی ستراتیژی و ئایندەیی لە بوارەکانی ئەمنی و بەرگریدا، ئەم سەنتەرە لەلایەن دەستەیەکی ئەمیندارانەوە بەڕێوە دەچێت و، بەڕێوەبەرێکی گشتی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرێت، بریتی دەبێت لە چەند بەشێکی ئەمنی و بەرگریی پسپۆڕی، وەك بوارەکانی توێژینەوەی زانستی، بوارەکانی دیراساتی وزە کە خۆی لە کارەبا و ئاو و سەرچاوە سرووشتییەکاندا دەبینێتەوە، هەروەها دیراساتی ئەمنی و بەرگری، دیراساتی پەیکەربەندی و نێودەوڵەتی کە تایبەتە بە بواری هەرێمی و نێودەوڵەتی، جگە لە دیراساتی گشتی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی.

**ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستیمان بەم جۆرە سەنتەرە هەیە، کە کۆمەڵێک لە ئەکادیمییە پسپۆڕییەکان و تەنانەت ئەو کادیرانەی شارەزاییان هەیە لە بواری دەوڵەتمەداری و دامەزراوەیی لەم سەنتەرە کاربکەن**

کاری سەرەکیی سەنتەرەکە تایبەت دەبێت بە ستراتیژیی کورت و مامناوەند و درێژخایەن، هەروەها دیراساتی پەرەپێدانی بەردەوام، دیراساتی ستراتیژیی کورت ماوەکەی ساڵێك بۆ سێ ساڵ دەبێت، ستراتیژیی مامناوەند بۆ پێنج ساڵ و سەرووتر، بەڵام دیراساتی ستراتیژیی درێژخایەن بۆ بیست و پێنج ساڵ، تەنانەت پەرەپێدانی بەردەوام بۆ پتر لە بیست و پێنج ساڵە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستیمان بەم جۆرە سەنتەرە هەیە، کە کۆمەڵێك لە ئەکادیمییە پسپۆڕییەکان و تەنانەت ئەو کادیرانەی شارەزاییان هەیە لە بواری دەوڵەتمەداری و دامەزراوەیی لەم سەنتەرە کاربکەن، ئەم سەنتەرە سیستەمێکی یاسایی خۆی دەبێت، بۆ ڕێکخستنی پەیکەربەندی و سیستەمی دارایی و کارگێڕی.

پرۆژەی سێیەم کە گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، بریتییە لە پەیمانگەیەکی دیپلۆماسی و کونسوڵگەری لە هەرێمی کوردستان، ئەم پەیمانگە کاربکات بۆ دابینکردنی کادیری پرۆفیشناڵی پەیوەندییەکانی هەرێمی و دەرەوە، کە خۆی لە دیپلۆماسی و کونسوڵخانەکان دەبینێتەوە، ئەمە لەلایەن ئەنجومەنێکەوە بەڕێوەدەچێت، بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات و، پێکهاتەکەی بریتی دەبێت لە بوونی چەند بەشێکی ئەکادیمی، وەك ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یەکێتیی ئەورووپا، ڕووسیا، چین، ئاسیا، ئەفریقیا، ئوسترالیا، ئەمریکا، بەریتانیا. ئەو کادیرانەی کە خوێندن لەو پەیمانگەیە تەواو دەکەن، دەبنە پسپۆڕ لە بوارێك، یان چەند بوارێك کە دەتوانن خزمەت بکەن، ئەمە سوودی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە، لە بوارێکی پرۆفیشناڵیی ئەکادیمی پەیوەست بە بنەماکانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و ئەکادیمییەکان، مەبەست لەم پرۆژانە ئەوەیە کە زۆر گرنگە، سێ بنەمای سەرەکیی هەن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بنەمای بەرگری، بنەمای ئابووری، بنەمای دیپلۆماسی، ئەم سێ پرۆژەیە بە دامەزراوەییکردنی و بوونی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن بۆ دابینکردنی ئەم سێ مەسەلەیە، بۆ نموونە سەنتەری توێژینەوە کاردەکات بۆ دیراساتی ئابووری و لایەنەکانی پەیوەندیدار، پەیمانگەی دیپلۆماسی و کونسوڵگەری کاردەکات بۆ دابینکردنی کادیری پرۆفیشناڵی کونسوڵگەری و دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئەکادیمیای ئەمنی و بەرگرییش کاردەکات بۆ دابینکردنی

**سێ بنەمای سەرەکیی هەن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بنەمای بەرگری، بنەمای ئابووری، بنەمای دیپلۆماسی**

کادیری پرۆفیشناڵی بەرگری و سەربازی و ئەمنی، ئەم سێ پرۆژەیە زۆر گرنگن کە ئەنجومەنی ئاسایش ڕەچاویان بکات، بێگومان بنەمایەکی مرۆیی بەرچاوی هەیە لەو ئەنجومەنە کە بچنە ئەو ئەکادیمیایانە و سوود وەربگرن لە زانکۆکان و سەنتەرەکانی ئەکادیمی و هەندێك کادیری سیاسی و کارگێڕی و میدیایی لەو دامەزراوانەی دەوڵەت کە کاریان تێدا دەکەن.

ئەم سێ پرۆژەیە، پرۆژەی نیشتمانی دەبن، بۆ ئەوەی لە دوورمەودا بۆ هەرێمی کوردستان سوودبەخش بن، لە دەرئەنجامدا لە بوونی ئەم ئەنجومەنە بەڕێزە و ئەو سێ دامەزراوە گرنگانە، دەتوانرێت کە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، دوای ئەوەی ئەزموونێکی باشی پەیدا کرد لە کار و چالاکییەکان، کار بکات بۆ ئەوەی ئەنجومەنێکی باڵای ئاسایشی نەتەوەییمان هەبێت، بنکە بنەڕەتییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ئەو سێ پرۆژەیە دەبن، بەڵام ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر بنەمای پەیکەربەندێکی تازە کاری لەسەر دەکرێت، کە پەیوەست دەبێت بە لووتکەی داڕێژەری بڕیاری سیاسی، بەپێی سیستەمی یاسایی و دەستووریی هەرێم، پێشنیار دەکەم لە پرۆژەی داهاتووی دەستوور ئەم مەسەلەیە بە ڕوونی ڕێك بخرێت، کە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی هەرێم لە قەوارە هەرێمییەکەی زیاتر بەرەو قەوارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە بڕوات، کە پەیوەست دەبێت بە لووتکەی داڕێژەری بڕیاری سیاسی، بەپێی سیستەمی دەستووری لە هەرێم. لە ڕاستیدا چەند گرووپێکی تایبەتمەند کاری تێدا دەکەن، گرووپی وەزاری کە وەزیرە تایبەتمەندەکان تێیدا دەبنە ئەندام، گرووپی ئەمنی و هەواڵگری کە کادیرە ئەمنی و هەواڵگرە تایبەتمەندەکانی سەربازی کاری تێدا دەکەن، گرووپی پەرلەمانیش کە کادیرە پەرلەمانییەکانی پەیوەست بە ناوخۆ و وزە و پێشمەرگە کاری تێدا دەکەن، جگە لەوە سەنتەرێکی شیکردنەوەی زانیارییەکانی دەبێت کە ژمارەیەك کادیری بواری ئاسایشی نەتەوەیی کاری تێدا بکەن. نموونەی ئەم ئەنجومەنە لە زۆر دەوڵەتان هەیە، بۆ نموونە لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٧ـەوە بەپێی یاسای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهاتووە و ئەندامە پسپۆڕ و وەزیرە تایبەتمەندەکانیشی تێدایە، لە کاتی قەیرانەکاندا کۆدەبێتەوە و ئەرکی سەرەکیشی داڕشتنی بڕیاری سیاسەتی ئەمنییە بۆ ئەو وڵاتە، هەروەها لە ڕووسیا بە پێی دوایین دەستووری فیدراڵیی ڕووسی ساڵی ١٩٩٣، ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی ڕووسی هەیە کە سەرۆکی ڕووسیای فیدراڵ سەرۆکایەتیی دەکات، کارەکانیشی لەم بوارەدا نزیکن، جگە لەمە لە تورکیا بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٦١، بە سەرۆکایەتیی سەرۆك کۆمارە و سەرۆك وەزیران و وەزیرە تایبەتمەندییەکان و بەرپرسانی دامەزراوەکانی هەواڵگریش تێیدا ئەندامن، هەروەها لە ئێران بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٧٩هەموارکراو لە ساڵی ١٩٨٩ ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی هەیە، کە پەیوەستە بە ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

**پێشنیار دەکەم لە پرۆژەی داهاتووی دەستوور ئەم مەسەلەیە بە ڕوونی ڕێك بخرێت، کە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی هەرێم لە قەوارە هەرێمییەکەی زیاتر بەرەو قەوارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە بڕوات**

ئێمە لە دەستووری داهاتووی هەرێمی کوردستان دەبێت کار بکەین بۆ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی کە ئەم دامەزراوەیە لەم پرۆژە دەستوورەدا ڕێك بخرێت، هەروەها کاری لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەکی سەرەکی تاکو لە سیاساتی ئەمنی و بەرگری کاری پێ بکەین لە بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و زۆر بوارەکانی پەیوەست بە قەیرانەکانی هەنووکەیی و ئەم لایەنانەدا.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم ئەم پرۆژانە دەتوانرێت لە ئێستادا بە پەیڕەو لە ئەنجومەنی وەزیران ڕێك بخرێن و، پەیڕەویان بۆ دەربچێت، هەروەها لە داهاتوودا لە پرۆژەی دەستوور کاری لەسەر بکرێت، ئەگەر پێویستییەکی هەنووکەییش بوو، دەتوانرێت لە بەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم کار لەسەر ئەوە بکرێت کە لە پەرلەمانی کوردستان پێداچوونەوەیەك بکرێت بۆ ئەم یاسایە، مەبەستی هەرە سەرەکییش پێشخستنی پرۆژەی ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان بێت.

**لە دەستووری داهاتووی هەرێمی کوردستان دەبێت کار بکەین بۆ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی کە ئەم دامەزراوەیە لەم پرۆژە دەستوورەدا ڕێك بخرێت**



## لیوا عەبدولقادر عەزیز ئیبراهیم

بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی هەرێم بۆ گوڵان:

# هۆکاری سەرەکیی ڕووداوەکانی هاتوچۆ شوفێرانن کە پابەندی ڕێنمایی و یاساکان نابن

ڕووداوەکانی هاتوچۆ خوێنبەربوونێکی بەردەوامی مرۆیی و ماددییە و، ڕۆژانە گیانی خەڵک و سەروەت و سامانی هاووڵاتییانی تێدا لە ناو دەچێت، ئامارەکان لەم ڕووەوە ژمارەی مەترسیدارمان پێ دەڵێن، هۆکار و ڕێگەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشە گەورەیە، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ لیوا عەبدولقادر عەزیز ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی هەرێم.

*** ئەو بارودۆخەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە بارەی هاتوچۆوە لە چ ئاستێکدایە و کێشەکان زیاتر چین؟**

- خراپیی ڕێگەوبان یەکێکە لە کێشەکانی هاتوچۆ، بەڵام ئێستاکە لە هەرێمی کوردستان ڕێگەوبانەکان تاڕادەیەکی باش کاریان لەسەر کراوە و، بەو شێوەیە نییە کە ببێتە هۆکارێکی سەرەکیی کێشە و ڕووداوەکانی هاتوچۆ، کێشەی سەرەکی شوفێرانن، کە پابەند نابن بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە، ڕاستە ژمارە و ڕێژەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زۆرە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی هاتوچۆ لە هەرێم خراپ نییە، وەك ئەوەی بڵێیت بێسەروبەر بێت، بەڵكو بەپێی ئەو ستانداردەی لە جیهاندا هەیە، هاتوچۆی هەرێم لە دۆخێکی ئاساییدایە، بەتایبەت بەراورد بە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕەوش و ئاستی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان زۆر باشترە، هۆکارەکەش بەتایبەت لە شاری هەولێر، ڕێگەوبانەکانمانە کە بەراورد بە چەند ساڵ پێش ئێستا زۆر باشتر و بەرفراوانتر بوون، هەر بۆ نموونە: لە شاری هەولێر چەندین بەرزەپرد و تونێلی هاتوچۆ و شەقامی ستراتیژیی وەك ١٢٠مەتری و ١٥٠مەتری دروست کراون، ئەگەر بێت و شەقامی هەولێر – کۆیە و شەقامی ١٠٠مەتری لە ناو شاری سلێمانی تەواو ببێت، ڕەوشەکە باشتر دەبێت، بۆیە دەبینین کار و پرۆژەی ڕێگەوبانی زۆر گرنگ بۆ کەمبوونەوە و ئاسانکاریی هاتوچۆ جێبەجێ کراون، کە هەموو ئەمانەش بۆ هیممەت و خەمخۆریی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لەم کابینەیەدا بەرنامە و پلانی باش و ستراتیژی بۆ بوار و کەرتی ڕێگەوبان هەیە، هۆکارێکی دیکەی باشیی هاتوچۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگیپێدانەی جەنابی وەزیری ناوخۆ بە بواری هاتوچۆ، بە تایبەتی لە ڕووی بینایەی دامودەزگاکانمان و پێداویستیی هاتوچۆ، وەك دابینکردنی نیشانە و ڕێنوێنەکانی ئەندازەی هاتوچۆ.

*** ئەی هۆکاری ئەو هەموو ڕووداوانەی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ دا، لە ڕاستیدا زۆربەی هۆکاری ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان کە ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین، بۆ شوفێران دەگەڕێتەوە، ئۆتۆمبێلەکانی هەرێمی کوردستان هەر هەمووی نوێن و مۆدێلی تازەن، بەڵام شوفێران ئەو ڕێنمایی و سنوورەیان بۆیان دانراوە، بەتایبەتی لە خێراییدا پابەندی نابن، بۆ نموونە لە ڕێگەیەکی دەرەوەدا بۆی دانراوە خێرایی ١٠٠کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بێت، کەچی ئەو بە تیژڕەویی (١٥٠ و ٢٠٠) دەڕوات، ئەوەش وا دەکات کە لە هەر حاڵەتێکی لەناکاودا ئۆتۆمبێلەکە کۆنترۆڵ ناکرێت، هەر بۆیە دەبێتە هۆکاری ڕووداو، تا ئاستی ڕووداوی کارەساتی ناخۆش و جەرگبڕ، هۆکاری دیکەش هەن، وەك خۆ خەریککردن بە ڕادیۆ و مۆبایلەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن و، ئەو قەرەباڵغی و زۆریی ئۆتۆمبێلە، دەگەڕێتەوە بۆ خراپیی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی، کە تا ئێستا هەرێم خاوەنی گواستنەوەی گشتیی هاوچەرخ نییە، وەك ترام کە چەندین ساڵە پرۆژەیەکی ئاوا بۆ شاری هەولێر دیزاینیش کراوە، بەڵام نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** ئایا ڕێنمایی و تابلۆکانی هاتوچۆ بەپێی پێویست دانراون، یان کارەکانی ئەندازەی هاتوچۆ بەپێی زانست و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ جێبەجێ دەکرێن؟**

- بێگومان یەکێك لەو کار و ئیشانەی کە ئەرکێکی پێویست و گرنگە بۆ بواری هاتوچۆ، بریتییە لە دانانی نیشانە و ڕێنوێنییەکانی هاتوچۆ لە شەقام و ڕێگەوبانەکاندا، کە ئەمەش ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی هاتوچۆیە، کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی هەیە و، بەپێی پێویستیی شەقام و ڕێگەوبانەکان بە ئەرك و دانانی نیشانەکانی هاتوچۆ هەڵدەستن، هەرچەندە لەو قەیرانی داراییەی بە سەر هەرێمی کوردستاندا هات، تا ڕادەیەك کاریگەریی لەسەر کار و ئیشەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دروست کرد، بەڵام ئێمە داهاتی خۆمان هەیە و بەپێی یاسای و ڕێنماییەکان لە کار و پرۆژە و پێداویستییەکانی خۆماندا خەرجی دەکەینەوە.

**لە هەرێمی کوردستان ڕێگەوبانەکان تاڕادەیەکی باش کاریان لەسەر کراوە و، بەو شێوەیە نییە کە ببێتە هۆکارێکی سەرەکیی کێشە و ڕووداوەکانی هاتوچۆ، کێشەی سەرەکی شوفێرانن، کە پابەند نابن بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە**

**بەپێی ئەو ستانداردەی لە جیهاندا هەیە، هاتوچۆی هەرێم لە دۆخێکی ئاساییدایە، بەتایبەت بەراورد بە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕەوش و ئاستی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان زۆر باشترە**

**ئەگەر بێت و شەقامی هەولێر – کۆیە و شەقامی ١٠٠مەتری لە ناو شاری سلێمانی تەواو ببێت، ڕەوشەکە باشتر دەبێت**

**لەم کابینەیەدا بەرنامە و پلانی باش و ستراتیژی بۆ بوار و کەرتی ڕێگەوبان هەیە**

**ئۆتۆمبێلەكانی هەرێمی كوردستان هەر هەمووی نوێن و مۆدێلی تازەن، بەڵام شوفێران ئەو ڕێنمایی و سنوورەیان بۆیان دانراوە، بەتایبەتی لە خێراییدا پابەندی نابن**

**قەرەباڵغی و زۆریی ئۆتۆمبێلە، دەگەڕێتەوە بۆ خراپیی هۆكارەكانی گواستنەوەی گشتی، كە تا ئێستا هەرێم خاوەنی گواستنەوەی گشتیی هاوچەرخ نییە، وەک ترام كە چەندین ساڵە پرۆژەیەكی ئاوا بۆ شاری هەولێر دیزاینیش كراوە، بەڵام نەچووەتە بواری جێبەجێكردنەوە**

**ئێمە داهاتی خۆمان هەیە و بەپێی یاسای و ڕێنماییەكان لە كار و پرۆژە و پێداویستییەكانی خۆماندا خەرجی دەكەینەوە**

**ئێمە بەپێی یاسای ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ كار دەكەین، كە ئەو یاسایەش كۆن بووە و پێویستی بە هەمواركردن، یان گۆڕین هەیە**

*** ئایا ئەو مەرجانەی بۆ شوفێران دانراون، وەك خۆیان جێبەجێ دەكرێت، یان بۆچی یاساو سزاكان توند ناكرێن، بۆ ئەوەی ڕۆژانە هاتوچۆ بە كەمترین كێشە هەبێت؟**

- ئێمە بەپێی یاسای ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ كار دەكەین، كە ئەو یاسایەش كۆن بووە و پێویستی بە هەمواركردن، یان گۆڕین هەیە، بەڵام عێراق ئێستا بە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٩ كار دەكات، كە ئەو یاسایە سزا و ڕێكاری تێدا توندترە لەوەی كە ئێمە هەمانە، هەر بۆیە ماوەیەكە ئێمە لەگەڵ حكومەتی عێراق خەریكین و لە گفتوگۆداین، تا بتوانین ئەو یاسای هاتوچۆیەی هەمانە بیگۆڕین، یان هەمواری بكەینەوە، بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەیەكمان هەیە كە دەمانەوێت ئەو برە و ماددانەی لە یاساكەی ئەواندا هەیە و باشە، باشتری بكەین و، ئەوەی پێویستی بە گۆڕانكاری هەیە، هەمواری بكەینەوە، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام پێبژاردن لەسەر شوفێر زیاد بكرێت، تا شوفێران پابەندی ڕێنماییەكانی هاتوچۆ بن، بەڵام لە هەمان كاتدا ڕسوومات كەم بكرێتەوە.

*** ئایا شارەكانی كوردستان، بۆ نموونە شارێكی وەك هەولێر پێویستی بەوە نییە تۆنێل و ئۆڤەرپاسی زیاتری بۆ دروست بكرێت، بەتایبەتی لەو شوێنانەی تا ئێستا هۆكاری جەنجاڵی و قەرەباڵغین، وەك پێش نەخۆشخانەی پار و دووكانەكانی جوانكاریی سەر شەقامی ٦٠مەتری؟**

- ئێستا تونێڵ و ئۆڤەرپاس لە بەرنامەدا نییە، لەو شوێنانەی وەك نموونەش ئاماژەمان پێ دا، بەتایبەتی لە سووڕانەوەكانی سەر شەقامی ٦٠مەتری ناتوانرێت تۆنێل و ئۆڤەرپاس دروست بكرێت، بەڵام بۆ ئەو حاڵەتانەی دەڵێن وەك سەر ٦٠مەتری پێش دووكانەكانی جوانكاریی ئۆتۆمبێل، ئەوە لەكاتی خۆیدا بۆ پارێزگای هەولێر نووسراومان كرد، كە ئەو دووكانانە شوێنێكیان لە دەرەوەی شار بۆ تەرخان بكەن و بیانگوازنەوە، تا ئەو قەرەباڵغییە لەو شوێنە كە ئێستا ڕوودەدات، نەمێنێت، ئەگەرچی تا ئێستا پارێزگای هەولێر بە دوای داواكارییەكەمان نەهاتوون، بەڵام پێویستە و دەكرێت ئەو جۆرە شوێن و دووكانانە بگوازرێنەوە.



*** ئایا لە هەرێمی كوردستان بۆ كەمكردنەوەی تیژڕەوی و كەمبوونەوەی ڕووداوەكانی هاتوچۆ، پێویست بەوە ناكات كامێرای جێگیر زیاد بكرێت؟ لەلایەكی دیكەوە لە ناو خەڵك قسەی وا هەیە كە كامێرای چاودێری بە كەرتی تایبەت بدرێت، ئایا ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- ئێمە ئێستا بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەیەكی زۆر گەورە و ستراتیژیمان بۆ سنوورەكانی سلێمانی و هەڵەبجە و ڕانیە و گەرمیان لە بەردەستە، كە دانانی ٢٢٥ كامێرای جێگیرە و ئێستا ئەو پرۆژەیە لە قۆناغی دانان و بەستنی كامێراكاندان، لەدوای ئەو شوێنانە پرۆژەكە بەردەوام دەبێت لە هەولێر و دهۆكیش و ژمارەیەكی باش كامێرای جێگیر دادەنرێت، كە بە كۆتاییهاتنی ئەو پرۆژەیە تا ئاستێكی باش دەتوانرێت زاڵ بین بە سەر خێرایی و تیژڕەوی و سەرپێچییەكانی شوفێراندا، ئەمەش كاریگەریی ڕاستەوخۆ و ئیجابیی دەبێت لەسەر كەمبوونەوەی ڕووداوەكانی هاتوچۆ، ئەو كامێرانەی لەو پرۆژەیەدا دادەنرێن، زۆر پرۆڤیشناڵ و پێشكەوتوو و هەستیارن، سەبارەت بەوەی كامێرای چاودێریی هاتوچۆ بە كەرتی



تایبەت بدرێت، جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەو کارەی ڕەت کردەوە و ڕایگەیاند ناکرێت کامێرای چاودێری بە کەرتی تایبەت بدرێت، بەڵکو هەر خۆمان سەرپەرشتیی دەکەین.

*** ئایا لە هەرێمی کوردستان توانراوە شوفێر دروست بکرێت، یان تەنیا مۆڵەتتان بە خەڵك داوە؟ هەروەها ئەو سیستەمەی ئێستا لە مۆڵەتدان پیادە دەکرێت، ئایا وای کردووە ئاستی لێزانیی شوفێران باشتر بێت و ببێتە هۆکارێك بۆ کەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ؟**

- ئەوە زۆر ڕاستە کە تەنیا مۆڵەتی شوفێری دراوە و، نەتوانراوە شوفێر دروست بکرێت، بەڵام ئەو سیستمی کۆرییەی ئێستا بۆ پێدانی مۆڵەتی شوفێری لە هەرێمی کوردستان دانراوە، زۆر پێشکەوتوو و هاوچەرخە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە شوفێر خۆی هەوڵ بدات خۆی دروست بکات، کە ئەمەش بە پابەندبوونی ڕێنمایی و یاساکانی هاتوچۆیە، ئەگینا هەرچی لەگەڵی بکەیت بێسوودە.

*** پرۆژەیەك لە بەرنامەتاندا هەیە کە ئەویش گۆڕینی تابلۆکانی ئۆتۆمبێلە، ئایا ئەم پرۆژەیە بە چ مەبەستێکە و لە چ قۆناغێکدایە؟**

- ساڵانێکە خەریکی ئەو پرۆژەیەین، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی عێراقی فیدراڵیش لەو بارەوە چەندین کۆبوونەوە و گفتوگۆمان کردووە. کاتی خۆی دوای ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی عێراقی تابلۆیەکی دەستنیشان کرد، بەڵام ئێستا ئێمە داوامان کردووە تابلۆی ئۆتۆمبێلی هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە، هەر لە زاخۆوە تا بەسرا یەك بخرێت و بە یەك شێوە و یەك دیزاین بێت، ئێستاکە دیزاینەکانمان تەواو کردووە، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەکەوێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و، ئەو کار و پرۆژەیەش مەبەستی ئەوەیە کە هەموو تابلۆکان یەك جۆر بێت، بەم شێوەیە کەس ناتوانێت شێوە و جۆری تابلۆی دیکە بەکار بهێنێت و، ناتوانرێت لەم بارەوە ساختەکاری بکرێت، هەموو ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەش دەردەکەون کە بێ مەنەفێست و بێ تابلۆ و بێ سەرەتان، لەلایەکی دیکەوە بە گۆڕینی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکان بەو شێوە و سیستەمەی کە جێبەجێی دەکەین، ڕۆڵێکی ئیجابی لە ڕووی ئەمنییەوە دەستەبەر دەبێت.

**عێراق ئێستا بە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٩ کار دەکەن، کە ئەو یاسایە سزا و ڕێکاری تێدا توندترە لەوەی کە ئێمە هەمانە**

**ماوەیەکە ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراق خەریکین و لە گفتوگۆداین، تا بتوانین ئەو یاسای هاتوچۆیەی هەمانە بیگۆڕین، یان هەمواری بکەینەوە**

# ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان بۆچی؟

پەیڕەوی ئێستای ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان بە شێوەیەك داڕێژراوە کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەمە و هاوکات و لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەم و پرسی چاکسازی و بە دامەزراوەییکردن یەك دەگرێتەوە. لە پەیڕەوە نوێیەدا، ڕۆئیا، ئامانج، میکانیزم، پێکهاتە و سەرمایەی مرۆیی و تواناکانیان دەستنیشان کراون و هەموویان تەواوکەری یەکترن.

وەك دەزانن، لە هەرێمی کوردستان حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی وەك پەرلەمان و دەزگای دادوەری پرسی خانمانیان بە جددی وەرگرتووە. بۆ نموونە: وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، لە پەرلەمان لە ڕێگەی دەرچواندن و هەموارکردنی چەندین یاسای گرنگ و پەیوەندیدار و دەزگای دادوەرییش لە ڕێگەی دامەزراندنی دادگای توندوتیژی و خێزان و...هتد. بەڵام هێشتا هەر بەشێك لە کێشەکان لەسەر ئەرزی واقیع هەن و کەموکورتی زۆرن. ڕۆڵ و پێویستی و ماندوویەتی دامەزراوەی ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان لێرەدا بەدیار دەکەوێت، لەم نێوەندەدا بۆشاییەك هەیە کە بە دامەزراوەکانی دیکە پڕناکرێتەوە، بۆیە ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان لە ڕێگەی جۆربەجۆرەوە هەوڵ بۆ دەستنیشانکردنی بۆشاییەکان و خستنەڕووی چارەسەری پێویست و گونجاو بۆ بەرچاوڕوونی دامەزراوەکانی حکومەت دەدات.

● ١. لەگەڵ ڕەوشی ئەمڕۆی ئافرەت و گەشەسەندنەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و کارنامەی کابینەی نۆیەم و ڕوانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ٢٠٣٠ نەدەگونجاو و هاوکات نەدەکرا لە سەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکرێت.



**د. خانزاد ئەحمەد**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

● **٢.** خاڵی دووەمی پەیڕەوەکە حەوت تا نۆ ئەندامی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بۆ ئەنجومەن دەستنیشان کردبوو، کە لە واقیعدا هیچ بایەخێکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەنجومەن نەبوو. بەڵکو زیاتر کارەکانی ئەنجومەنی دژوارتر کردبوو. چونکە نە ئەرکی هیچ کامیان دەستنیشان کرابوو، نە دیاریش بوو لەسەر چ بنەمایەك ئەو ماددەیە گونجێندرابوو.

● **٣.** ئامانجەکانی ڕوون و کردەیی نەبوون، هەروەها میکانیزمی بەدیهێنانی ئامانجەکان لاواز بوون و لە هەندێك حاڵەتیشدا ناتەبا بوون.

● **٤.** هەیکەڵ و پێکهاتەی ئەنجومەن دیار نەبوو. بۆ نموونە (٧-٩) بەڕێوەبەری گشتی لە کوێ دادەنێیت؟ وەزارەت هەیە دوو بەڕێوەبەری گشتی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دیار نەبوو کە کێ ڕیپۆرت بۆ کێ دەکات و، چۆن دەتوانرێت ناوەڕۆکی ڕیپۆرتەکان وەك دەرزی چارەسەر لە کەلێنەکانی دامەزراوەکانی حکومەت بدرێت، بۆ ئەوەی سیستەمی پێشگرتن و وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ پرسی یەکسانی ڕەگەزی بەهێزتر بکرێت.

● **٥.** هەروەها کرابوو بە پارچە کێکێك کە حزبەکان زیاتر وەك بەرکەوتەی سیاسی سەیریان دەکرد، تا ئەوەی بیانەوێت لە ڕێگەی ئەم دامەزراوەیەوە خزمەتی پێشخستنی توانای خانمان و بەگشتی کۆمەڵگە بکرێت.

● **٦.** میکانیزم، بڕ و وەرگرتنی بودجەی ئەنجومەن و چۆنیەتی سەرفکردنی لە پێناو بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکان دیار نەبوو.

● **٧.** میتۆد، نەخشەڕێ و چۆنیەتی بەشداری و هاوبەشیکردنی لایەنی سێیەم لەگەڵ ئەنجومەنی دیار نەبوو.

**پەیڕەوی ئێستای ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان بە شێوەیەک داڕێژراوە کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی وەرگرتووە**

## ● کێشەی پەیڕەویی کۆن چی بوو؟

ئەم کەموکورتییە پەیڕەوییانە وای کردبوو کە ئەنجومەن لە ئامانجەکانی دوور بکەوێتەوە و، زۆر پەیوەندی بە حکومەتەوە نەمێنێت و، وەك پێویست ڕۆڵی ڕێبەرایەتی و چاودێری و ڕاوێژکاری خۆی نەبینێت. بۆیە، لەم پەیڕەوە نوێیەدا هەوڵ دراوە، هەموو ئەو کەموکورتییانەی کە لە سەرەوە باس کران، نەهێڵدرێن و لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەم و میکانیزمێکی تازەوە دامەزراوەکە ببێتە دامەزراوەیەکی «ڕاوێژکار، چاودێر و تەواوکەری دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پرسی یەکسانیی جێندەری». پەیڕەوی نوێ پاش ڕاگۆڕینەوە، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی وردی شارەزایانی بیانی و ناوخۆیی و بە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەت و هەروەها وەرگرتنی ڕای ستافی پێشووی ئەنجومەن نووسراوەتەوە. وەك لە ڕەشنووسەکەی بەردەستی بەڕێزتاندا دەبینرێت، ئێستا دامەزراوەکە ناو، ڕۆئیا، ئامانج، میکانیزمەکانی گەیشتن بە ئامانجەکان و هەروەها پێکهاتەکەی دیارە و هەموویان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکاندا ڕێك خراون.

## ● پەیڕەوی نوێ: ڕوانگەیەکی نوێ بۆ چارەسەر، تەواوکەری هەنگاوەکانی دامەزراوەکانی حکومەت

● یەك: لەگەڵ ڕەوشی ئەمڕۆی ئافرەت و گەشەسەندنەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕوانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ٢٠٣٠ و چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەم یەك دەگرێتەوە و، تەواوکەری پرەنسیپەکانی حکومەتە بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکرات و پابەند بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ.

● دوو: پلەی بەڕێوەبەری گشتی لابراوە و گۆڕاوە بۆ بەڕێوەبەر. بەڕێوەبەرایەتییەکان لەسەر بنەمای ئامانجەکانی ئەنجومەن و میکانیزمی بەدیهێنانیان دانراون و، هەمووشیان تەواوکەری کاری یەکتر دەبن. هەر بەڕێوەبەرایەتییەك لەلایەن بەڕێوەبەرێك بەڕێوەدەبرێت. ئەرك و بەرپرسیارێتییان دیارە و ئێستا ڕوونە کە ئەو پلەیە کێی دەوێت. واتە ئەزموون، شارەزایی و توانای کێ لەگەڵ پلەکەدا یەك دەگرێتەوە.

● سێ: ئامانجەکان ئێستا ڕوونن و هەروەها میکانیزمی بەدیهێنانی ئامانجەکان دەستنیشان کراون.

● چوار: ئێستا هەیکەل و پێکهاتەی ئەنجومەن دیارە. هەروەها دیارە کە کێ ڕیپۆرت بۆ کێ دەکات و چۆن دەتوانرێت ناوەڕۆکی ڕیپۆرتەکان وەك دەرزی چارەسەر لە کەلێنەکانی دامەزراوەکانی حکومەت بدرێت، بۆ ئەوەی سیستەمی پێشگرتن و وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ پرسی یەکسانیی جێندەری بەهێزتر بکرێت.

● پێنج: پەیڕەوی نوێی ئەنجومەن وەك دامەزراوەیەکی گرنگی حکومەت دەچەسپێنێت کە توانای ئەوەی هەیە ئامانجەکانی دابین بکات و، بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت و هەروەها لایەنی سێیەم ڕۆڵی ڕێبەرایەتی و چاودێری و ڕاوێژکاریی خۆی بگێڕێت.

● شەش: میکانیزم، بڕ و وەرگرتنی بودجەی ئەنجومەن و چۆنیەتی سەرفکردنی لە پێناو بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکان دیارە و ئەنجومەن بودجەیەکی دەبێت و بە میکانیزمێکی شەفاف ئیدارە دەکرێت.

● حەوت: چۆنیەتی بەشداری و هاوبەشیکردنی لایەنی سێیەم لەگەڵ ئەنجومەن دیارە و ئەمەش ڕێگا بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتانی کۆمەکبەخش و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خۆش دەکات، کە ئامانج و پلان و بەرنامە و پرۆژەکانیان لەگەڵ ئامانج، پلان و بەرنامە و پرۆژەکانی ئێمە خۆیان بگونجێنن.

## ● بۆچی گەشەپێدان؟

چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵگە گرێ دراوە بە گەشەپێدانی خانمانەوە و یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگ و بەردەوامانەی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی درێژخایەن پێویستە. هاوکات، یەکسانیی ڕەگەزی شادەماری گەشەپێدانی بەردەوامە و هەروەها واتای دەستەبەرکردنی مافە مرۆڤییەکانە بۆ هەمووان. هاوکات ئەم کۆنسێپتە ڕاددەی تێگەیشتنی حکومەتەکان

**ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان لە ڕێگەی جۆربەجۆرەوە هەوڵ بۆ دەستنیشانکردنی بۆشاییەکان و خستنەڕووی چارەسەری پێویست و گونجاو بۆ بەرچاوڕوونی دامەزراوەکانی حکومەت دەدات**

**چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵگە گرێ دراوە بە گەشەپێدانی خانمانەوە و یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگ و بەردەوامانەی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی درێژخایەن پێویستە**

**یەکسانیی ڕەگەزی شادەماری گەشەپێدانی بەردەوامە و هەروەها واتای دەستەبەرکردنی مافە مرۆڤییەکانە بۆ هەمووان**

بـۆ گرنگیـدان بـە پێشخسـتن و ڕەخسـاندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەشداریی زیاتری خانمان لـە کایەکانـی کۆمەڵگـەدا دەردەخـات.

## ● کێشـەی سیسـتەمی پێشـگرتن، پاراسـتن و گەشـەپێدان و وەڵامدانـەوەی حکومـەت چییـە؟

کێشـەکە لێـرەدا ئەوەیـە کـە دامەزراوەیەکـی تایبەتمەنـد نییـە بـە بەردەوامـی چاودێـری بـە ئەنجامگەیاندنـی ئامانجەکانـی وەزارەت و دامودەزگاکانـی دیکـەی حکومـەت بـکات بـۆ پرسـی خانمـان، لـە ڕێگـەی لێکۆڵینـەوە، چاودێـری، شـیکاری، ڕاپـۆرت، یـان هـەر میتۆدێکـی زانسـتیی دیکـە کەلێـن و کەموکورتییـەکان دەستنیشـان بـکات. پاشـان بـە هاوبەشـی ئـەو دامەزراوانـە و لایەنـی سـێیەم پلانـی وەڵامدانـەوە و پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکان دابنێـت، (لـە ڕێگـەی جۆراوجـۆر وەك دانانـی سـتراتیژی، بەرزکردنـەوەی توانـاکان و...هتـد).

## ● بودجەی گەشەپێدانی خانمان

دەکرێـت لـە داهاتـوودا ئـەم دامەزراوەیـە بـە ڕەچاوکردنـی هێڵـە گشـتییەکانی کابینەکانـی حکومـەت، پلانـی چوار ساڵە و ساڵانەی خۆی بـە ڕاوێژکـردن لەگـەڵ لایەنـە پەیوەندیـدارەکان (بەتایبەت وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومـەت) دابنێـت. هـاوکات، ئـەم دامەزراوەیـە جگـە لـە بودجـەی بەڕێوەبردنـی دامەزراوەکـە، دەکرێـت بودجەیەکـی تایبەتـی هەبێـت، کـە سـاڵانە لەلایـەن سـەرۆکایەتیی ئەنجومەنـی وەزیـران بـۆی تەرخـان بکرێـت، دامەزراوەکـەش بەپێـی پلان و لە ڕێگـەی لایەنـی سـێیەمەوە کـە دەکرێـت ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و ڕێکخراوەکانـی پەیوەسـت بـە توانـاسـازیی ئافرەتـان، یـان ڕێکخـراوی تەکنیکـی، یانیـش ناوەندێکـی توێژینـەوە بـن، یارمەتیـی بەهێزکردنـی وەڵامدانـەوەی دامەزراوەکانـی حکومـەت بـدات، بـۆ ئـەوەی کەلێنـەکان پـڕ بکرێنـەوە، یانیـش دامەزراوەکانـی حکومـەت بـە میتـۆد و ڕێوشـوێنی نـوێ پڕچـەك بکرێـن. هـاوکات لەگـەڵ ئاشـکرابوونی پلانـی چـوار سـاڵە و سـاڵانەی دامەزراوەکـە و داواکاریـی بودجـەی پێویسـت بـۆ وەڵامدانـەوە، دەکرێـت لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان و هەروەهـا لایەنـە کۆمەکبەخشـەکان، پلانەکـە بـاس بکرێـت، ئەوانیـش هـان بدرێـن بـۆ ئـەوەی بەشـدار بـن لـە پلانـی وەڵامدانـەوەی حکومـەت لـە ڕێگـەی یارمەتیـی دارایـی و پڕکردنـەوەی بۆشـایی دارایـی، یـان تەکنیکـی پەیوەسـت بـە پلانەکـە. لـەو ڕێگەیەشـەوە هەوڵـەکان ئاراسـتەیەکی ئامانجدار وەردەگـرن و هەموویـان لـە جێبەجێکردنـی پلانەکانـی حکومـەت بەشـدار و شـەریك دەبـن.

## ● پەیـڕەوی نـوێ چـی بـۆ ڕێکخـراوەکان هەیـە؟

ئـەم پەیـڕەوە دەرفەتـی ئـەوە بـە ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان و ڕێکخـراوە تەکنیکییـەکان دەدات، لـە ڕێگـەی میکانیزمگەلێکـی جۆربەجـۆرەوە کەموکورتییەکانـی پلانەکانـی حکومـەت دەستنیشـان بکـەن و، لـە ڕێگـەی پرۆپـۆزەڵ و پێشـنیار و جێبەجێکردنـەوە لـە کـردار دا ببـن بـە بەشـێك بـن لـە چارەسـەر، نـەك خۆیـان بـە جیـا بزانـن. چونکـە لـە کۆتاییـدا حکومـەت ئەرکـە قورسـەکە جێبەجـێ دەکات و، ئەوانیتریـش پێویسـتە هاوبەشـی حکومـەت بـن لـە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیـدا. هـاوکات لەگـەڵ ئەوەشـدا، تەرخانکردنـی بودجەیەکـی تایبـەت بـۆ پرسـی خانمـان لەلایـەن سـەرۆکایەتیی ئەنجومەنـی وەزیرانـەوە یارمەتیـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەدات، بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی شـەفاف و کردەیـی لـە جێبەجێکردنـی پلانەکانـی حکومەتـدا بەشـداربن.

یەکێـك لـە ڕەخنەکانـی ئێمـە بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، وڵات و دامـەزراوە کۆمەکبەخشـەکان، ئەوەیـە کـە ئـەوان کەمتـر هەماهەنگـی دەکـەن لەگـەڵ ئێمـە و زۆرجاریـش هیـچ لایەکمـان وەك پێویسـت ئـاگاداری چالاکییەکانـی یەکتـر نیـن. ئەوانیـش گلەیـی ئەوەیـان هەیـە کـە پلانەکانـی حکومـەت لـە لایـان ڕوون نییـە و، نازانـن، لـە کوێـدا و چـۆن دەکرێـت بەشـدار بـن.

پەیـڕەوی نـوێ و تەرخانکردنـی بودجـە بـۆ پلانەکانـی ئەنجومـەن لـە کابینـەی نۆیەمـدا، بیانـوو بـۆ هیـچ لایەکمـان ناهێڵێتـەوە و ئـەو کێشـانەش تـا ڕادەیەکـی زۆر چارەسـەر دەکات.

**تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ پرسی خانمان لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە یارمەتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شەفاف و کردەیی لە جێبەجێکردنی پلانەکانی حکومەتدا بەشداربن**

**یەکێک لە ڕەخنەکانی ئێمە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وڵات و دامەزراوە کۆمەکبەخشەکان، ئەوەیە کە ئەوان کەمتر هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ ئێمە و زۆرجاریش هیچ لایەکمان وەک پێویست ئاگاداری چالاکییەکانی یەکتر نین**

**پەیڕەوی نوێ و تەرخانکردنی بودجە بۆ پلانەکانی ئەنجومەن لە کابینەی نۆیەمدا، بیانوو بۆ هیچ لایەکمان ناهێڵێتەوە و ئەو کێشانەش تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر دەکات**




# یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە درێژەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا نەخشەڕێگەیەک دەخاتەڕوو

**لە درێژەی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و لە بەردەوامیی کار و چالاکییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بە ئامادەبونی هەڤاڵ (ئەڤین هروری) ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نەخشەڕێگەی ڕێکخراوی بە دروشمی «بەڵێ بۆ هاوبەشی، نەخێر بۆ خاوەندارێتی» بۆ هەڵمەتی نیشتمانیی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان ڕاگەیاند.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە زۆر بواردا کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت دەکات، لە ڕێگەی تواناسازی دەروونی، هزری و پیشەیی، بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسی، لە هەموو بوارەکان**

لەم ئیڤێنتەدا کە ژمارەیەك لە پەرلەمانتار، بەرپرسانی حزبی و حکوومی، مامۆستایانی زانکۆ، چالاك و ڕۆشنبیران ئامادەی بوون، سەرەتا وتاری ڕێکخراو لەلایەن هەڤاڵ (د. ڤیان سلێمان) پێشکەش کرا، دواتر پلانی یەکێتی ئافرەتان بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان خرایەڕوو.

پاشان پەنێڵێك لەسەر «باری خێزان و کێشە خێزانییەکان» لەلایەن هەرسێ پەنێڵیستی پێشکەش کرا:

د.ڤیان سلێمان: خێزان لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا.

مامۆستا خەتاب عەزیز: زانینی بارودۆخی هاوسەرە تازەکان.

رائید لانە لوقمان: توندوتیژی و کاریگەرییەکانی لەسەر خێزان.

لە کۆتاییدا پێشانگایەکی کاری دەستی بۆ ژمارەیەك لە ئافرەتانی بەهرەمەند و دەستڕەنگین کرایەوە.

سەرەتا وتاری بەخێرهاتن لەلایەن د.ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێشکەش کرا و، تێیدا تیشکی خستەسەر نەخشەڕێی یەکێتی ئافرەتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، کە بریتییە لە تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی جێندەری و پێگەی یەکسان بۆ هەردوو ڕەگەزی مرۆڤ، ڕوانین لە ئافرەت وەك مرۆڤی سەربەخۆ و ئازاد هەروەك پیاو، کۆتاییهێنان بەو پەیوەندییە



ناڕاست و ناهاوسەنگەی لە نێوان ئەم دوو مرۆڤەدا هەیە و، چیدیکە ئافرەت کورت نەکرێتەوە لە تەنیا لایەنی فیزیکی و بەڵکو وەك مرۆڤێکی تەواو و خاوەن توانا و داهێنان کە مافی بەرهەم و بڕیاردانی لە ژیانی خۆی هەبێت. هاوکات گوتی: «یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە زۆر بواردا کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت دەکات، لە ڕێگەی تواناسازی دەروونی، هزری و پیشەیی، بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسی، لە هەموو بوارەکان کار بۆ بەهێزکردنی کەسایەتی ئافرەت دەکات و بە شێوەیەکی بەردەوامیش پێشوازی لە کەیسەکانی توندوتیژی دەکات و خاوەندارییان لێ دەکات، تا کاتی چارەسەر و لەو چوارچێوەیەشدا گرتنەبەری میکانیزمی نێوانگری و ئاشتەوایی، هەروەها بە ڕێگای زانستی لە ڕێگەی توێژینەوە و ڕاپرسی لە فاکتەری ئەنجامدان و میکانیزمەکانی چارەسەری ئەو دیاردە مەترسیدارە دەکۆڵێتەوە. لەو سۆنگەشەوە بە ناونیشانی: «بەڵێ بۆ هاوبەشی، نەخێر بۆ خاوەندارێتی» و لەسەر شەش بنەما کە بریتین لە: من تەنیا جەستە نیم، هزر و شیانم. شەرەف لە بنەماکانی مرۆڤدۆستیدایە، نەك جەستەی من. خاوەندارێتی بەرهەم و بڕیار مافی منیشە. هزر و نەریتی چەوت بکوژێنەوە، نەك ژیان. ئێمە هاوبەشی یەکترین، نەك موڵکی یەکتر. بوەستە، بیرکردنەوەکانت بگۆڕە، نەخشەڕێی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت ڕاگەیاندووە و، لەو ڕێگەیەوە کە بنەمای کارکردنیەتی لەم پرسەدا، گوتاری خۆی ئاڕاستەی کۆمەڵگە و پیاو دەکات و لە مەترسییەکانی هزری پیاوسالاری ئاگەداریان دەکاتەوە.»

پاشان پەنێڵێك کە سێ باسی دەربارەی خێزان و توندوتیژی دژی ئافرەت لە خێزان و پێگەی ئافرەت لە خێزاندا لەخۆ دەگرت، پێشکەش کرا، تیایدا د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هێمای بۆ ئەوە کرد کەوا «ئافرەت بنچینەی پێکهێنانی خێزانە و بە بێ ئافرەت خێزانیش بوونی نابێت، لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا سیستمی پیاوسالاری بوونی هەیە و پێگەی ئافرەت لاوازە، خێزانی نەریتی ترادسیونالْ ئەو خێزانەیە کە باوك تێیدا باڵادەستە و لە سەرەوەی پلەبەندییەکەیە و ئافرەت گوێڕایەڵ و فەرمان جێبەجێکارە، تەنانەت ئافرەت وەك ئامرازی بەرهەمهێنان لێی دەڕوانرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئافرەت لە پانتایی گشتی بێبەش دەکرێت و، ڕۆڵی لە چوارچێوەی ماڵدا قەتیس دەکرێت، لەو نێوەندەشدا قورسترین ئەرك لە ئەستۆی ئافرەتە لە بەخێوکردنی منداڵ و خزمەتکردنی پیاو و ئەنجامدانی کاری ناوماڵ، بە گشتی کاری زۆر، بەڵام بێ داهات و بێ بوونی پێگەی بەهێز، یان پێگەی یەکسان، بە شێوەیەکی گشتی لە وەها کەلتوورێکدا دەسەڵاتی ڕەها لای پیاوە و ئافرەت بە کۆمەڵێك کۆدی کەلتووری بەستراوەتەوە و لەژێر کەلتوورێکی کۆمەڵایەتیی تونددایە و لە ناو خێزاندا پارێزراو نییە.

سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان باسی ئەوەشی کرد کە «لە ئێستادا گۆڕانکاریی گەورە لە سیستمی خێزان بەدی دەکرێت، بەڵام خەڵك وەکو پێویست ئامادەی پێشوازیکردنی گۆڕانکارییەکانیان نییە»، ئەوەشی نەشاردەوە کەوا لە ئێستادا «ئافرەتیش سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆی هەیە و، تەنانەت لە هەندێك خێزاندا تاکە سەرچاوەی داهاتی خێزان لەلایەن ئافرەتەوە دابین دەکرێت»، گوتیشی: «بە گوێرەی ئامارەکان ڕێژەی ١٥٪ ی خێزان لە هەرێمی کوردستان دایك تاکە سەرچاوەی دابینکردنی داهاتی خێزانەکەیە».

**من تەنیا جەستە نیم، هزر و شیانم. شەرەف لە بنەماکانی مرۆڤدۆستیدایە، نەک جەستەی من. خاوەندارێتی بەرهەم و بڕیار مافی منیشە. هزر و نەریتی چەوت بکوژێنەوە، نەک ژیان. ئێمە هاوبەشی یەکترین، نەک موڵکی یەکتر. بوەستە، بیرکردنەوەکانت بگۆڕە**

**ئافرەت بنچینەی پێکهێنانی خێزانە و بە بێ ئافرەت خێزانیش بوونی نابێت، لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا سیستمی پیاوسالاری بوونی هەیە و پێگەی ئافرەت لاوازە**

# ئافرەت لە نێوان پردی توندوتیژی و پرۆسەی سیاسیدا

**دەگوترێ پەراوێزخستن و متمانە نەبوون بە ڕۆل و توانای ئافرەت، زەقترین جۆری توندوتیژییە کە ئافرەتان بەرەنگاری دەبنەوە، هەر بۆیە لە پرۆسەی سیاسیشدا ئافرەتان دەخوازن جێ پەنجەیان دیار بێت، لە بەر ئەوەی بکارن خاوەن بڕیار بن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە گرنگە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرەتا، عارف ڕوشدی (ڕاوێژکار لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان)، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «توندوتیژیی خێزانی، یان توندوتیژیی دژ بە ئافرەت بە چەندین شێوە ئەنجام دەدرێت، واتە نەك تەنیا ئازاردانی جەستەیی، بەڵکو زۆرێك لەو کەسانەی ئاڵوودەی هزری کۆنەپەرستی و سوننەتی داخراون (لە هەردوو ڕەگەز)، سەرەڕای بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی، پەنا دەبنە بەر شێوازی دیکەی توندوتیژی، وەك: توندوتیژیی دەروونی، قسەی بەرز و نزم، بێبەشکردن لە هەست و سۆز، گرینگینەدان بە خواستە ئاساییەکانی ژیان، ڕێگریکردن لە دەرخستنی تواناکانی و دەستدرێژی و بێزارکردن و...هتد.

بۆیە پێویستە بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە هەموو لایەك بەرپرسیارانە بە کاری دەستەجەمعی، یان هەر لایەنێك لە بوارێکدا کار بکەن.» هاوکات دەڵێت: «زۆر گرنگە بە لای کەمەوە لە خوێندنگاکاندا لە پولی پێنجەمی سەرەتاییەوە بابەتی توندوتیژی لە چوارچێوە و پرۆگرامەکانی خوێندندا بچەسپێندریت و لە ئاستی قۆناغەکانی خوێندندا بخوێندرێت .پەراوێزخستنی ئافرەتان و بە کەم زانینی تواناکانیان، جورێکی دیکەی توندوتیژیی بێڕێزییە بەرامبەر بە کەس (لەر هەر دوو ڕگەز)، ئەوەش بێجگە لە پێکهاتەی فەسلەجی، لە هیچ شتێکی دیکەدا جیاوازی نییە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، بەڵکو بە هۆکاری سۆز و میهرەبانیانەوە لە هەندێ پیشەی وەك (پزیشکی و پەروەردە و کاروباری دارایی) زۆر لە پیاوان پابەندترن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بۆیە پێویستە هەنگاوی چۆنایەتی بهاوێژرێت لە هەموو بوارەکاندا و پاڵپشت بە دەرچوواندنی یاسای گونجاو، هەروەها پەرەدان بە هوشیاریی سەردەمییانەی کومەڵایەتی لەسەر ئاستی کومەڵگە و تاکەکان».



عارف روشدی:

**ئافرەتان لە هەندێ پیشەی وەک (پزیشکی و پەروەردە و کاروباری دارایی) زۆر لە پیاوان پابەندترن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان**

ئاشنا بابان، مامۆستای زانستە سیاسییەکانە و ڕای وایە: «توندوتیژیی سیاسی یەکێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کە ئەنجام دەدرێت، لە لایەن پارتی سیاسی و تاکی کۆمەڵگە و خێزان.» هاوکات دەڵێت: «هاوبەشیی ئافرەتان لە کۆمەڵگە و ژیانی سیاسی لە مێژوودا بە کۆمەڵێك شۆڕش و هەوڵ و چالاکیی بەردەوامی بێ ماندووبوون ڕۆیشتووە، پرسی ئافرەتان لە سەردەمی ڕینسانس و ساڵەکانی (١٥٥٠-١٧٠٠) لە ئەورووپا سەری هەڵداوە و کار بۆ گۆڕینی چەمك و هزری تێگەیشتن لە ماف و خواستەکانیان کرا، تا ئەوکاتەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەست بکرێت و، هۆکارێك بێت بۆ ڕاسپاردە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان کە ببنە هۆکار هەوێنی دانانی بناغەی یەکسانی ماف و ئازادی و یەکسانی ڕەگەزی، هەتا چەمك و پرسی ئافرەتانی زوڵملێکراوی پەراوێزخراو بگۆڕێت بۆ پرسێکی گرنگ. لە دەرئەنجامدا کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا دەربچێت، بۆ زامنکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان و مافی خوێندن و فرسەتی هەلی کار بۆ ئافرەتان بەردەست بێت. کێشەی پرسی ئافرەتان لە نەبوونی یاسا نییە، بەڵکو لە جێبەجێکردنی یاسادایە، لە نەبوونی پشتگیریکردن و ڕێگریی کۆمەڵایەتی و نەبوونی هۆشیاری و کەلتوور و نەریتی باوی ناو ئەو کۆمەڵگەیە، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگریکردن لە چوونە پێشی ئافرەتان و پەراوێز خستنی ڕۆڵی ئافرەتان و پێنەدانی بواری یەکسان بۆ خۆ سەلماندنی ئافرەتان و بەگەڕ خستنی توانستیان، بەو هۆکارانە جۆرێك لە بێ متمانەیی دروست دەبێت لە توانای ئافرەت و لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی، لە کاتێکدا ئافرەتەکان بواریان پێ نادرێت، ئیدی چۆن و بە چ شێوازێك خۆیان و تواناکانیان بەگەڕ بخەن؟ لە لایەکی دیکەوە قۆرغکردنی کایە گشتی و سیاسی و ئیدارەییەکان لە لایەن پیاوان و هەوڵدانی بەردەوام بۆ بە پاشکۆکردنی ئافرەتان، لە هۆکارەکانی پێنەدانی دەرفەت و هەڵی گونجاوە بۆ ئافرەتان، ئەوەش جگە لە هۆکاری خودی ئافرەتەکانە بۆ خۆبەدوورخستن و خۆ بەدوورگرتن بە هۆکاری ململانێ ناشەریفەکان و قسە



و وشەی نەشیاو، کە زۆر جار لە زۆر بارودۆخدا بەرامبەریان دەکرێت.»

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بۆ دەربازبوون لە پەراوێزخستن و پێدانی هەل و بواری یەکسان و مرۆڤدۆستی لە کۆمەڵگەدا، پێویستە ئافرەتان متمانە و بڕوای تەواویان بە خۆیان و تواناکانیان هەبێت و بەردەوام بن لە خۆ فێرکردن و هەوڵ و تواناکانیان بۆ خۆ سەلماندنی خۆیان ئەنجام بدەن.» گوتیشی: «پێویستە ئافرەتان لە کایە سیاسی و سیادی و گشتییەکان جێگەی خۆیان بکەنەوە، هەروەها خۆبەدەستەوەنەدان لە کاتی شکستەکاندا و زاڵبوون بە سەر کۆسپ و گرفتەکاندا، یەکڕیزی و هاوکاریی نێوان ئافرەتان لە نێوان خۆیان و پشتگیری یەکتر و ئاسانکاری و ڕەخساندنی کەناڵی گونجاو بۆ بەشداری زۆرترین ئافرەت، ڕێکارەکانی سەرکەوتنی ئافرەتانن».

بڵند نەورەس، ئەکادیمی و سیاسی و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دونیای سیاسەت دونیاییەکی قووڵە و زۆرن ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن و کەمن ئەوانەشی کارامە و شارەزا و لێزانن تیایدا. ئافرەتیش پشکی خۆی هەیە لە کایەی سیاسیدا و بەپێی پێویست ئەسپی خۆی تاوداوە و بەردەوامیشە. هەمیشە ڕێگای سیاسەت بۆ ئافرەتان ڕێگایەکی کراوە بووە، بەڵام لەمپەر و هەورازیشی زۆر زیاتر بووە بە بەراورد بە پیاوان، هۆکارەکانیش هۆکاری کۆمەڵایەتی و فکری و نەبوونی تێگەیشتن بووە بۆ ڕۆڵ و توانا و فکر و ئاستی ئافرەت». گوتیشی: «هەمیشە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان و خێڵەکییەکاندا ئافرەت کاری ماڵی ڕایی کردووە و پیاویش ئەو کارانەی بە دەست و بازوو کراون، حیسابی بۆ کردوون. ئەم تێگەیشتنە لەگەڵ پێشکەوتنەکانیشدا لە زهنییەت و زاکیرەی پیاودا هەر ماوەتەوە و لەگەڵیدا هاتووە. بۆیە بە ئێستاشەوە بەشێکی کۆمەڵگە ئافرەت لە خانەیەکدا دادەنێت و پیاویش لە خانەیەکی تردا، هەمیشەش خانەی پیاو خانە لەپێشەکەیە. بۆ زاڵبوونی ئافرەت بەسەر ئەم بیرکردنەوە بێ پاساوانەدا، دەبێت توخمی بەردەوامی گەشە پێ بدات و ڕاوەستان نەزانێت. ڕاستە لە قۆناغێکدا لۆمە دەکرێت و لە قۆناغێکی تردا تانەی لێ دەدرێت و، لە قۆناغێکیشدا بە چاوی گومانەوە سەیر دەکرێت، بەڵام دواجار تێگەیشتن بۆ تواناکانی دروست دەبێت و بازنەی قبووڵکردنی سات بە سات و ڕووداو بە ڕووداو فراوانتر دەبێت. هەر مرۆڤێك کە خاوەنی ئامانج بوو لە ژیانیدا، بە تێکۆشان و هەوڵ و ماندووبوون پێی دەگات، کلیلی سەرکەوتنی هەموو ئامانجێکیش بریتییە لە ڕۆیشتن لەسەر ڕێگای ڕاست، بۆ ئامانجێکی دیاریکراو و بە بەرنامە، بێ ئەوەی گوێ بدەیت بە دەوروبەر، کە تۆی ئافرەت چۆن دەبینن، نیوەی سەرکەوتن ئەوەیە کە تۆی ئافرەت خۆت چۆن خۆت دەبینیت. ئافرەتی سەنگین و سالار و خاوەن کەسایەتی، ڕێگای گەیشتنی بە ئامانجە سیاسییەکانی قورسترن، چونکە تاکە ڕێگا و ئامراز بۆی بریتییە لە خۆسەلماندن و نیشاندانی تواناکانی لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و سیاسیدا. ئافرەت هەمیشە نیشانەیە و تێڕوانینە کۆنەپەرستەکان هەمیشە ڕوویان لەو ئاراستەیەیە کە ئافرەتی پێدا تێ دەپەڕێت. لایەنێکیش هەیە کە پێی وایە ئافرەت عەقڵی کامڵ نییە و بۆ ئەم قسەیەش پەنا دەبەنە بەر چەند بەڵگەیەکی کۆنەپەرستی، تەنیا بۆ ئەوەی دەرفەتەکانی بەردەم ئافرەتان تەسك بکەنەوە و ڕێگری لێ بکەن و، لە ئامانجەکانی دووری بخەنەوە و، خواستەکانی بکوژن، ئەمەش لە خۆیدا جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، چارەسەری گونجاو بە پێی کات و قۆناغ ئەوەیە کە ئافرەتان سوور بن لەسەر ئامانجەکانییان و بۆی تێبکۆشن، پیاوانیش گۆڕانکاری بکەن لە شێوازی بیرکردنەوەیەنادا بەرامبەر بە ئافرەت و وا نەیانبینن کە ئامرازن، بەڵکو وەك ئامانج سەیریان بکەن و بە گرنگییەوە لە ڕۆڵیان بڕوانن.



ئاشنا بابان:

**پێویستە ئافرەتان لە کایە سیاسی و سیادی و گشتییەکان جێگەی خۆیان بکەنەوە**



بڵند نەورەس:

**ئافرەتی سەنگین و سالار و خاوەن کەسایەتی، ڕێگای گەیشتنی بە ئامانجە سیاسییەکانی قورسترن، چونکە تاکە ڕێگا و ئامراز بۆی بریتییە لە خۆسەلماندن**

چنوور مەحمود:

# چەندین ئافرەت هەن هەریەکە و لە بوارێک کاردەکەن جێگای شانازین و بوون بەخاوەن کاری خۆیان من لێرەوە دەستخۆشییان لێدەکەم



**جێگەی دەستخۆشییە لەم ساڵانەی دواییدا خانمانی کوردستان لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە تێکەڵی دنیای کار و قازانجکردن بوون، هەر لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بەهرە و تواناکانیان لە بواری دەستڕەنگینی و کابانی پەخش و بڵاو دەکەنەوە، چنوور مەحمود خانمێکی بە ئەزموونی بواری چێشتلێنانە و وەك خۆی باسیدەکات ئەو فەرمانبەرە و تەنیا وەکو فێرکاری ڤیدیۆی کارەکانی پۆست دەکات، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ئەزموون و پرۆژەی داهاتووی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

چنوور مەحمود لە قەزای دەربەندیخان لە دایکبووە، ئەو دەرچووی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی/ بەشی یاساو رامیارییە و فەرمانبەرە لە فەرمانگەی کارەبای دەربەندیخان، لە بارەی کارەکەی هێمای بۆ ئەوە کرد:«لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە ئەو کارە دەکەم تا ئێستا هیچ خواردنێکم نەفرۆشتووە، تەنیا ڤیدیۆی فێرکارییەکانم بڵاودەکەمەوە، خۆم هیوایەتم خواردن دروست کردن بوو، کە فەیسبووکم دانا وتم با پەیجێك دابنێم خەڵك لێوەی سوودمەند بێت، ئەوە بوو پەیجێکم دانا بە ناوی خواردن و شیرینی چنوور، بێئەوەی کەس هاوکاریم بکات، هەرخۆم وێنەکان دەگرم، چونکە چێشتلێنان خولیا و حەزی خۆمە، هاوکات دایکیشم خواردنی بەناوبانگە لە ئەو فێری چێشتلێنان بووم، دایکم لەتەمەنی **٣٦**ساڵی بێوەژن کەوتووە و باوکم لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شەهید بوو، دوای نەمانی باوکم، دایکم هەم ژن بوو هەم پیاو نەیهێشت هیچ منداڵێکی پەروەردەی سەقەت وەربگرێ وهەموومانی پێ گەیاند، کە باوکم شەهید بوو تەمەنم سێ ساڵ بوو».

هاوکات گوتی: «خیزانەکەم پێیان خۆشە کە ئەو کارە دەکەم، ئەگەر دەوامم نەبووایە ئەمتوانی دوکانی شیرینی یان چێشتخانەیەك یان دوکانی ترشیات دابنێم، دوور نییە هەر ڕۆژێك بێت پرۆژەی لەم جۆرەم هەبێت، شانبەشانی ئەم کارەم کاری چنینیش دەکەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا هاوسەرت تا چەند پشتگیریت دەکات بۆ ئەوەی چێشتخانەیەکت هەبیت؟ ئەو گوتی: «بەڵێ زۆر پشتگیریم ئەکات، تەنانەت هەموو نان خواردنێك دەست خۆشیم لێ دەکات، هاوسەرەکەم وای لێهاتووە خواردنی کەم کەس دەخوات ئەڵێ بەس خواردنی تۆ.

سەبارەت بە ئامانجی لە کارەکەشی ئەو گوتی: «ئامانجم سوودگەیاندنە بەخەڵك، بەدڵنیاییەوە خەڵکیش سوودیان لێ بینیوە و زیاتر پێکهاتەی خواردنەکانم دەنووسمەوە».

چنوور مەحمود لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا کارکردن بۆ ئافرەت تا چ ئاستیك پێویستە؟ ئاماژەی بەوە کرد: «زۆر زۆر پێویستە ئافرەت پشت بەخۆی ببەستێت و چاوی لە دەستی کەس نەبێ، زۆرخۆشە خاوەنی دارایی خۆت بێت ولەسەر پێی خۆت ڕابوەستیت، چونکە ئیش کردن شەرەفێکی گەورەیە، لە ڕێگەی ئیشکردنەوە ئەبیت بەخاوەنی دارایی خۆت چەند کەسێك لە دەستی تۆوە سوودمەند ئەبن، هەم کاتت بەفیڕۆ ناڕوا هەم خێرێکی گەورەیە و سوودگەیاندنە بە کۆمەڵگە، کاتەکانت بەشتی پڕوپووچ بەسەر نابەی و لەڕێکەی تۆوە دوورنییە چەند کەسێك ببن بەخاوەن کاری خۆیان، بۆیە من حەز ئەکەم لە هەر بوارێکدا بێت ئافرەت پشت بەخۆی ببەستێ، بەڵام بەمەرجێك ئافرەتەکە لەگەڵ ماڵەوەیان کیسە جیایی نەکات و پارە بۆ خۆی خەزن بکات، بەڵکو بە هاوبەشی خەرجی ڕۆژانەیان بکەن و پۆز بەسەر هاوسەرەکەیدا لێ نەدات و بڵێ ئیتر خاوەن پارەی خۆمم، چونکە پارە بۆ خۆش بەختییە».

چنوور مەحمود لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «پێویستە خانمان خۆیان نەکەن بەقوربانی قسەوقسەڵۆکی خەڵکی، چونکە هەرکەسێك ئارەزووی ئیشکردنی هەبێ ئیش زۆرە و چەندین ئافرەت هەن کە ژنی ماڵەوەن هیچ دەوامێکیان نییە کەچی هەریەکە و لەبوارێك کاردەکەن و جێگای شانازین، ئەوانە بوون بەخاوەن کاری خۆیان و خەڵك بەوپەڕی ڕێزەوە لێیان ئەڕوانێ، من لێرەوە دەست خۆشیان لێدەکەم، چونکە ئەگەر بۆ خەڵك بژیت ئەبێت ژیان بوەستێت، جا بۆیە پێویستە کاری خۆیان بکەن بەسەربەرزانە چاوەڕێی دەستی کەس نەبن.

## بێگەرد سەلیم:

# وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ لە فیستیڤاڵی شانۆی شەقام لە ڕواندز - سۆران بەرپرسیاریەتی منی زیادکرد

**خاتوو هونەرمەند بێگەرد سەلیم یەکێکە لە هونەرمەندانی کوردستان بەشداریی چەندین کاری هونەری شانۆیی وتەلەفزیۆنی کردووە و، یەکێك لە ئەندامانی تیپی شانۆی پیرە مەگروون، لە یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی سەر شەقام (سۆران – رواندز) خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچی وەرگرت، بەچەند پرسیارێك بەسەرمان کردەوە.**

**هەڤپەیڤین: کامەران حاجی ئەلیاس**



*** بۆ زیاترناسینیت لای خوێنەران ئەگەر دەکرێت باس لە ژیانی هونەریی خۆت بکەیت؟.**

- من بێگەرد حەمە سەلیم، ساڵی ١٩٩٠ لە شارۆچکەی پیرەمەگروون لە دایکبووم، سەرەتای کاری هونەریم وەك ئەکتەر، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٣ لە کورتەفلیمی (هەڵە) کە نوسین و دەرهێنانی هونەرمەند ئومێد کەمال بوو.

*** سەرەتای ئاشنا بوونت بە هونەری شانۆ چۆن بوو و کێن ئەوانەی هاوکارت بوون؟**

- من لە ساڵی ٢٠٠٨ ـەوە بەردەوام لە کارەکانی تیپی شانۆی پیرەمەگروون ڕۆڵم هەبووە، بەڵام ئەوکات وەك میکیاژ و کاری دیکەی تیپەکە کارم دەکرد، دواتر لە ڕێی هاوڕێیانمەوە لەو تیپەدا و هاندانیان بۆم، دەستم بەهونەری نواندن کرد، لەگەڵ ئەو تیپە جوانەدا تائێستا، بەشداریی ئەم شانۆییانەم کرد بەڕۆڵی سەرەکی(باشترین مرۆڤی کۆمەڵگا، سواڵکەر، ژن و خودا، کوژەر، تۆ نا یەکێکی تر، تابووت ) لە هەمان کاتدا لەم ئەم کورتە فیلمەکانی (هەڵە،درۆزان، ئاکامی هەڵەکان) بەشدار بووم، هەموو ئەندامانی تیپەکەم هاوکارم بوون.

*** ئێوە لە بواری هونەری شانۆ و تیڤی کار دەکەن، زیاتر لە کەمەیاندا خۆت دەدۆزیتەوە؟**

- لەدوای دروستبوونی بەرنامەی مقۆمقۆ لە کەناڵی سپێدە لەو بەرنامەیە کارم کرد، کە ئەمە ئەزموونێکی نوێ بوو بۆم، لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی



بەئەزموون کار بکەم، کە هەموویان پاڵپشتی گەورەو هاندەرم بوون، دواتر هەر لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە بەشداریم لە درامای (ئاسەوار) کرد، بە یەکێك لە ڕۆڵە سەرەکییەکان کە ئەوەش بۆمن قوتابخانەیەك بوو لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە بەگشتی و، بەتایبەت هونەرمەندان م .سەباح عبدالرحمن و کاك زاهیر عبدوڵا زۆرترین بەرکەوتنم هەبوو، من لە هەردوو بواری شانۆ وتیڤی ئاسودەم و هەردووکیان هونەرێکی جوانن.

*** ئێوە لە کۆمەڵگای پیرەمەگروون کاری هونەری دەکەن، پێشوازیی جەماوەری ناوچەکە بۆ کارە هونەرییەکانت لە چ ئاستێك دایە؟**

- پیرەمەگروون یەکەم قوتابخانە بوو بۆ ئێمە، بۆیە ئێمە قەرزداری پێشوازی و پاڵپشتی زۆری ئەو بینەرە جوانەین کە لە پیرەمەگروون بە تامەزرۆییەوە دێن سەیری کارەکانمان دەکەن و دەستخۆشیمان لێ دەکەن.

*** ئاستی ئافرەتانی کورد لە بواری شانۆ و دراما چۆن دەبینیت؟**

- ئافرەتانی کورد لە بواری هونەری شانۆ و دراما گەر پاڵپشتی و هاندانیان بکرێن، هەمیشە پێشەنگی داهێنان دەبن، لەگەڵ ئەوەش دا لە ئێستادا خانمانی کورد لە ئاستێکی باشدان.

*** لەیەکەم فیستیڤاڵی شانۆی سەر شەقام لە سۆران- ڕواندز خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ وەرگرت، ئەم خەڵاتە چی پێ بەخشیت؟**

- وەرگرتنی خەڵاتی یەکەم ئەکتەری کچ لە فیستیڤاڵی شانۆی شەقام لە ڕواندز – سۆران، بۆمن بەرپرسیارێتی زیادکرد، کە دەبێ هەنگاوی باشتر بنێم بۆ داهاتووم، سوپاس بۆ ڕێکخەرانی فیستیڤاڵ و لیژنەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەوانەی منیان بەشایانی ئەم خەڵاتە زانی.



*** هونەرمەند (ئومێد کەمال)ی هاوسەرەت تاچەند هاوکار و پاڵپشتتە لە کارە هونەرییەکانت دا؟**

- هونەرمەند ئومێد کەمال جگە لە هاوسەر هاوڕێیە، بۆ من مامۆستایەکە کە هەمیشە هانم دەدا بۆ بەردەوام بوونم لە کاری هونەری.

*** ئایا پرۆژەی هونەریی نوێت هەیە؟**

- لەگەڵ ناوەندی هونەری زەنێ و کۆمپانیای بابلیۆن (سوپاسیان ئەکەم) بەردەوامین، و لە ئێستادا لە پرۆگرامی (مقۆمقۆ) بەشدارم، جگە لەوە، لە درامای (سەمەرە) وەك نووسەری چیرۆکەکان کارم کردووە لە سیناریۆی هونەرمەند ئومێد کەمال و دەرهێنانی هونەرمەند جەمیل مەفاخیری، کە وابڕیارە لە مانگی ڕەمەزاندا پەخش بکرێت.




DUHOK IFF 2021

# «نانی پیرۆز» خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی «دهۆک»ی بەدەست هێنا

**فیلمی دیکۆمێنتیی «نانی پیرۆز» لە دەرهێنانی ڕەوانشاد «ڕەحیم زەبیحی» و لە بەرهەمهێنانی «تووڕەج ئەسڵانی» خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی بەشی پێشبڕکێی «سینەمای کوردی» لە هەشتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» بەدەستهێنا.**

فیلمی دیکۆمێنتیی «نانی پیرۆز» (نان مقدس) Holy Bread دوایین بەرهەمی سینەماکاری کۆچکردووی کورد «ڕەحیم زەبیحی»، لە بەرهەمهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد «تووڕەج ئەسڵانی» و بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی «ماد موڤی» MAAD Movie، دوای بەشداریی لە فیستیڤاڵە گرینگە جیهانییەکان و بەدەستهێنانی چەندین خەڵاتی بەنرخ، لە نوێترین و دەیەمین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا، بە ئامادەبوونی «تووڕەج ئەسڵانی» بەرهەمهێنەر و «ئیلاهە نەوبەخت» بڵاوکەرەوەی نێودەوڵەتیی ئەم بەرهەمە کوردییە، لە بەشی پێشبڕکێی «بەڵگەفیلمەکانی سینەمای کوردی» لە هەشتەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» و لە دوو سانسی جیاوازدا، لە هۆڵی سینەمایی «دهۆك مۆڵ» لە شاری دهۆك لە هەرێمی کوردستان نمایش کرا و، لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران و ڕەخنەگرانی سینەمایی و، هەروەها ئامادە بووان، لەم ڕووداوە سینەماییەدا پێشوازیی لێ کرا و، توانی خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی بەشی پێشبڕکێی «سینەمای کوردی» ئەم خولەی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆك» بەدەست بهێنێت.

خاتوو «ئیلاهە نەوبەخت» ئەم خەڵاتەی بە نوێنەرایەتیی ستافی «نانی پیرۆز» وەك بەرهەمهێنەری هاوبەش وەرگرت و، لە وتەیەکی کورتدا گوتی: «ڕۆحی ڕەوانشاد ڕەحیم زەبیحی شاد بێت و بە سوپاس لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆك»، نانی پیرۆز، دوای بەشداریی لە فیستیڤاڵە گەورە و گرینگەکانی «ئیدفا» IDFA، «هات داکس» Hot Docs و «زاگرێب داکس» ZagrebDox ئێمە ئەمڕۆ لە دهۆکین. شوێنێك کە پێگە و جێگای نمایشی ئەم فیلمە بوو، لە ڕاستیدا شوێنێك کە زمانی دایکیی کەسایەتییەکانی «نانی پیرۆز»ـە و ئەم بەڵگەفیلمە بەم زمانە خولقێندراوە.



## نیکۆل: خۆت قەدر و بەهای خۆت بزانە

یەکێك لەو هونەرمەندە لوبنانییانەی کە بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە و، بە ورووژاندن و خۆڕووتکردنەوە تۆمەتبار دەکرێت (نیکۆل سابا)یە، کە جگە لە گۆرانیگوتن لە چەندین فیلمی سینەمایی و زنجیرە دراماشدا بەشداریی کردووە، کە دیارترینیان فیلمی (التجربة الدانماركية) بوو لەگەڵ ئەستێرەی کۆمیدیا عادل ئیمام.

نیکۆل لە زۆربەی بۆنە و دیمانە ڕۆژنامەوانییەکاندا باسی ئەو بابەتەی کردووە و، ئەو کەسانەی کە پروپاگەندە دەکەن بە نەزان و دواکەوتووی وەسفی کردوون، هەر سەبارەت بە بابەتەکە، بەم دواییە لە تویتەر نووسیبووی: «پێویستە سەرەتا خۆت قەدر و بەهای خۆت بزانی، بۆ ئەوەی ڕێگە بدەیت خەڵکانی دیکە قەدر و بەهات بزانن، پێویستە سەرەتا بڕوات بە خۆت و تواناکانت هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵکیش بڕوایان بە تواناکانی تۆ هەبێت»، ئەم تویتەی نیکۆل کە خۆی لە خۆیدا وەڵامێك بوو بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام ڕەخنەی لێ دەگرن، لە هەمان کاتدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و لە زۆر لاوە ستایشی کرا، هەندێکیان بە شازادە ناویان برد لە جوانی و قسە کردندا.

**سەرچاوە: گولولی**



## سانۆن: تەنیا وەستان لەبەردەم کامیرا ئەکتەر درووست ناکات

زۆر جار شاجوانەکان و مۆدێلەکان بە پشتبەستن بە جوانی و شارەزایی خۆیان، ڕوو لە بواری نواندن دەکەن، جا بە دەستپێشخەریی کەسانی نزیکی خۆیان بێت وەك ئارەزوو، یانیش لەسەر داوای دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران کە دەیانەوێت سوود لە ناوبانگیان وەربگرن و، هەندێکیان لەو بوارەدا سەرکەوتوو دەبن، کەچی هەندێکیان وەك پێویست سەرکەوتوو نابن.

خانمە ئەکتەری بۆلیۆد کریتی سانۆن لە بارەی ئەوەی کە وەستانی نمایشکارانی جلوبەرگ لە بەردەم کامیرا، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە ببێتە ئەکتەر و لە نواندن سەرکەوتوو بێت دەڵێ: «ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئایا بەشێوەیەکی واقعی ڕیکلامی پێشکەش کردووە، چونکە تەنیا وەستان لەبەردەم کامیرا ئەکتەر درووست ناکات، بەتایبەتی ئەکتەری ئافرەت.

سانۆن یەکێکە لەو ئەکتەرانەی بۆلیۆد، کە لە بواری نواندندا خوێندنی ئەکادیمی تەواو کردووە، بەر لەوەی بۆ یەکەم جار لە فیلمی (هیرۆپانتی) دەرکەوێت بە ئاشکرا، دەربارەی ئەو نمایشکارانەی پێیانوایە بە ئاسانی دەتوانن ببن بە ئەکتەر، دەڵێت: «چەند کۆرسێکی وێنەگرتن و کارکردن وەك نمایشکاری جلوبەرگ و تەنانەت شاجوانیش، نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانە پێیانوابێت شیاون بۆ ئەوەی ببن بە ئەکتەر و، لەو بوارەدا سەرکەوتوو بن.

شایەنی بیرهێنانەوەیە، بەر لەوەی سانۆن خوێندنی لە بواری نواندن تەواو بکات، وەك نمایشکاری جلوبەرگ کاری کردووە و، توانیویەتی لە بواری نواندندا سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنێت و بەشداری لە ژمارەیەك فیلمێکی گەورەدا بکات، لەوانە "Heropanti" و"Dohchay"و"Dilwale" و چەند فیلمێکی دیکە.

**سەرچاوە: گولولی**






# دارگوێز و فیلمی ژیاننامەیی

**چەند شەوێك لەوەو پێش، دارگوێزم لە هەولێر بینی، پێشتر زۆرم لەسەر بیست بوو و خوێند بووەوە، دوای بینینی فیلمەکەش، وێڕای ئەوەی کاتەکە درەنگ بوو، گفتگۆ و مشتومڕم لەگەڵ زۆربەی بینەر و سینەماکاراندا کرد، پەیامی بەشێك لە ڕەخنەکان ئەمانە بوون: دارگوێز تەنیا بۆ گریاندنی بینەرە، دژەکوردە، دەڕواتە خانەی فیلمی بەرەنگاریی ئێران، لاوازە، پڕوپاگەندەییە، ئەکشنێکی ناجوانە، زمانی کوردیی شێواندووە، لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئێرانە و ...هتد.**

فەرزین کەریم

من جیاواز لە هەموو ئەو شرۆڤە و نووسینانەوە، لە ڕوانگەیەکی دیکە بۆی دەڕۆم، بۆ ئەمەش، تا بەرهەمی کۆتاییم دوور بێت لە دیدێکی توندئاژۆیانە و ناسیۆنالیستانە، چەند خولەکێك لە نێو هزری خۆمدا مشتومڕم کرد، ئینجا بۆ نووسینی دیدی ڕاستەقینەی خۆم، مۆبایلەکەم هەڵگرت و ئەمەم نووسی:

چیرۆکی دارگوێز لە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی (قادر مەولانپوور) وەرگیراوە؛ کە دوای کیمیابارانکردنی گوندی ڕەش هەرمێی سەر بە شاری سەردەشت، تەنیا کەسی ڕزگاربووی خانەوادەیەکی پێنج کەسییە، سێ منداڵ و هاوژینەکەی بە ڕووداوەکە شەهید بوون، دوای ڕوداوەکە هاوژینی کاك قادر، کچێکی دەبێت و دوابەدوا خۆشی دەمرێت.

کەواتە، فیلمەکە دەڕواتە خانەی فیلمی ژیاننامەیی، یان بیۆگرافی، لەوانەیە زۆر کەس بڵێت فیلمی سینەمایی ژیاننامەیی دەبێ پەیوەست بێت بە کەسایەتییە گرنگەکانی مێژووەوە، بەڵێ وایە! خۆی خوالێخۆشبوو کاك قادریش گرنگە، چوونکە ئەم کەسایەتییە ئەگەر گرنگ نەبووایە، نەدەبوو بە هەوێنی چەندین بەرهەمی هونەریی جۆراوجۆر و شانۆ و.. هتد، لە ئێراندا، چەندین

بەڵگەفیلمیشی لەسەر دروست کراوە، لەوانەش: دوو بەڵگەفیلم کە لە لایەن هاورێی خۆشەویستم بورهان ئەحمەدی کە خەڵکی سنەیە، کاری دەرهێنانی بۆ کراوە (سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا یەکێك لەم بەڵگەفیلمانە لە تەلەفزیۆنی ڕووداو بڵاوکرایەوە و، دواتر وتوویژ لەگەڵ کاك بورهان کرا)، لە فیلمی ژیاننامەییدا ڕەچاوکردنی کات و مێژووی درووستی ڕووداو، یان ڕووداوگەلی نێو بەسەرهاتەکە، هەروەها ناوی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان زۆر گرنگە، زۆر جاریش سوود لە شوێنی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان و تایبەتمەندییە خۆجێیەکانی شوێنەکە وەك جلوبەرگ و زمان و ...هتد، وەردەگیرێت بۆ وێنەگرتن، هەروەها دەشێت بە مەبەستی پتر سەرنجراکێشتر کردن، دەستکاریگەلێکی ورد و بچووك لە چیرۆکدا بکرێت (هەر چۆن لە فیلمەکەدا جاش و هێزی سەربازی و هەلیکۆپتەر پیشان دراوە، کە بۆ یارمەتیی خەڵك هاتوون) بەو مەرجەی زیان بە تابلۆی گشتیی بەسەرهات و چیرۆك و ڕووداوەکان نەگەیێنێت، ئەوەی من بینیم، ئەمانە لە فیلمەکەدا ڕەچاو کراوە.

لە فیلمەکەدا شێوەی دەرهێنان و جووڵەکانی کامیرا بەرەو داکیۆدراما دەڕۆیشت، تا پتر فیلمەکە نزیك ببێتەوە لە ڕاستیی ڕووداو و کەسایەتییەکان، دواتر زانیم دەرهێنەری فیلمەکە سەرەتا بە کاری بەڵگەفیلم هاتووەتە نێو جیهانی سینەما، ئەم کارەشی بۆ مەبەستی ڕاکێشانی بینەر بووە، چوونکە یەکێك لە گرفتە سەرکییەکانی فیلم، ژیاننامەیی نەبوونی بینەرە لە هۆڵەکانی سینەما. من وای بۆ دەچم کە ئەوەی زیانی گەورەی لە فیلمەکە داوە، کوردییە شەقوشڕەکەی کایەوانی فارسیزمان و ناسراوی ئێرانی (پەیمان موعازی)یە، پێموایە دەستنیشانکردنی ئەم سوپەرستارەی سینەما بۆ ڕۆڵی کاك قادر، بە مەبەستی ڕاکێشان بینەر بووە بۆ هۆڵەکان و فرۆشتنی پلیت.

زۆر کەس دەڵێت ئەم فیلمە کوردی بە ناشیرین پیشان داوە، بەشێکیان بۆ بیرهێنانەوە نمونەی کۆتایی فیلمەکە دەهێننەوە، کە حیکایەتخوان و گێڕەرەوەی بەسەرهاتەکە (واتە مامۆستا) ئەوە دەگەیێنێتە بینەر، کە باش بوو (ژینە)ی کچە تازە لەدایکبووەکەی قادر مەولانپوور ونبووە، چوونکە ئەگەر لە سەردەشت، یان گوندەکە بوایە، چارەنووسی وەکو کچێکی نەخوێندەوار، یان نەخۆش، یان پش کوێر و.. هتد لێ دەهات. دارگوێز بەشێکی زۆری دیوە ڕاستەقینەکەی تاکی کوردی لە چوارچێوەی ژیاننامەی قادر مەولانپوور پیشان دەدات، ئەمە ڕاستییە کە ناوچە کوردنشینەکان هەژارن، بەراورد بە زۆر ناوچەی فارس نشین و ئازەری نشین بێبەشن لە پێداویستییە سەرەتایی ژیان و لە زۆر خزمەتگوزاری دەوڵەتی بێبەشن، هەروەها کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکانیش دیوێکی دیکەی نەهامەتییەکانە، بەڵام من زۆر فیلمی دەرهێنەرانی کوردم دیوە کە ڕووداوەکانی نێو فیلمەکانیان هەڵێنجراوی هزر و ڕاوانینی خۆیان بووە، کەچی ئەوان لە پێناو وەرگرتنی خەڵاتدا دەیان قات بەراورد بە فیلمی دارگوێز ئێمەیان ناشیرینتر پیشان داوە.

دەگوترێت کە هەشت ملیارد تمەن واتە نزیك بە سێ سەد هەزار دۆلار فیلمی دارگوێز دروستکراوە و هەموو کەس دەتوانێت بەم پارەیە کاری وا بکات، بەڵام زۆر دەرهێنەری کورد زیاتر لەم بڕەی بۆ تەرخان کراوە و بەرهەمەکەی ڕووی نییە بەراورد بکرێت بە دارگوێز!

گلەیی دەکرێت کە دەبوایە دەرهێنەر و ستافی تەواو کوردی ئەمکارەبیکردایە، نەك کەسانی غەیرە!، خۆ کورد بە دەیان چیرۆکی خراپتر و کارەساتبارتر لە هی کاك قادر مەولانپوری هەیە، ئەوەش مەیدان با بزانین حکومەتی هەرێم دێتە پێش؟ ئەگەر حکومەتیش هاتە پێش، ئایا دەتوانین مافی ڕاستەقینە بە چیرۆك بدەین؟

لە کۆتاییدا، بۆ سەلماندی پەیامی سەرەکیی ئەم کورتە خوێندنەوەیەم، چەند فیلمێکی ژیاننامەیی وەکوو نمونە دەهێنمەوە:

My Left Foot

چیرۆکی کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە کە تەنیا قاچی چەپی دەجووڵێت.

The Pianist

لەسەر ژیانی موزیسیانێکی یەهودییە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا درووستکراوە.

The Happiest Day in the Life of Olli Maki

چیرۆکەکەی باسی ئۆلی ماکی، وەرزشوانی یاریی بۆکسێنی فینلەندی دەکات.

The Imitation Game

تیشك دەخاتە سەر ئالن تۆرینگ کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا توانی هەزاران کەسی بێ تاوان لە مەرگ ڕزگار بکات.

127Hours

لەبارەی وەرزشوانێکە، کە لە کاتی شاخەوانیدا دەکەوێتە نێو تەنگەبەرێك و دەستی گیر دەبێت، ناچار دەبێت دەستی خۆی ببڕێتەوە.

Capote

لەسەر ژیانی نووسەری ناسراوی ئەمریکی ترۆمەن کاپۆتی نووسراوە.

Hamilton

چیرۆکی ژیانی ئەلیکساندەر هامیلتۆن دەگێڕێتەوە، کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

Steve Jobs

لەسەر ژیانی دامەزرێنەری کۆمپانیای ئەپڵە.

Schindler›s List

باسی کەسێك دەکات کە ژیانی سەدان یەهودیی ڕزگار کردووە.

مینا حەسەن :

یاریزانی تۆپی سەرمێزی هەڵبژاردەی عێراق

# یەکەم یاریزان بووم لە درووستبوونی تیپی کچانی پێشمەرگەدا بەشداربووم



یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگی بە سەرجەم یارییەکانی ئافرەتان دەدەن، تیپی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش، زۆربەی یاریزانەکانی لە ڕیزی هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی عێراقدان، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و یەکەمی ڕیزبەندی یاریزانان و یانەکانی عێراق و کوردستانن و، خاوەنی ژمارەیەك لە کچە یاریزانانی بەتوانایین. (مینا حەسەن) یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە، ئەو بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی سەرمێزی کوردستان و عێراقیش، یەکەمی ئاستی پێشکەوتووانی عێراقە و یاریزانی هەڵبژاردەکەشە، مینا لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی پارێزگای سلێمانییە و، خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە، جگە لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بۆ یانەی غازی جنووب و سەناعە و تارمییە و ئارمای تورکی یاریی کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بە شێوەیەکی گشتی یاریی تۆپی سەرمێز لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە ئێستادا بە شێوەیەکی گشتی باشە لە چاو سالانی ڕابردوو.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەنجام نەدانی پاڵەوانێتی کاریگەرییەکی زۆری دەبێت بۆ دواکەوتنی ئاستی یاریزان.

*** وەکو کچە پاڵەوانێك پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی سەرمێزی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- بۆ ئەو یاریزانانەی کە لە هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن، زیاتر کردنی پاڵەوانێتیەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق و دانانی ڕاهێنەری بە ئەزموون، بنچینەیە بۆئەوەی ئاستی یاریی تۆپی سەرمێزی کچان بەرەو پێش بچێت.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

- کەمیی پاڵەوانێتی و خزمەت نەکردنی یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق لەلایەن یەکێتی تۆپی سەرمێزەوە ئەوانە گرفتی سەرەکین.

*** چۆن بوو پەیوەندیت بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانییەوە کرد؟**

- سەرەتای دەرکەوتنم لە یانەی پێشمەرگە بووە لە ساڵی ٢٠١٤ یەکەم یاریزان بووم لە درووستبوونی تیپی کچانی پێشمەرگەدا بەشداربووم .

*** وەکو کچە یاریزانێك لەم یارییە بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- لە ئیستادا تەنیا بیر لە ئەنجامی زیاتر دەکەمەوە بۆ مێژووی خۆم و یانەکەم و نیشتمانەکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان و عێراق پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-بە لای من شتێکی ئاساییە.

*** ئایا لە خێزانەکەتدا بە تەنیا خۆت وەرزشکاریت؟**

- نەخێر باوکم پاڵەوانی عەرەب بووە لە یاری بەرزکردنەوەی قورساییدا.

*** داوکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشیی لە کوردستان چییە؟**

- داواکارم بتوانن لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدابن کە پێیان دراوە و، بە ئەمانەتەوە کار بۆ هەموان بکەن.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- هیوادارم بتوانم لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی لە ڕیزی باشترینەکان بم.

*** ئایالە هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی عێراق داواکراویت؟**

- بەڵێ، ماوەی پێنج ساڵە یاریزانی ئەو هەڵبژاردەیەم و خاوەنی مەدالیای برۆنزی عەرەبیم و، یەکەمی ئاستی پێشکەوتنم لە ئاستی عێراق.

*** گرێبەستت بۆ هاتووە لە یانەکانی دیکەی عێراق؟**



- بەڵێ، لە چەندین یانە گرێبەستم بۆ هاتووە.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە یاریزانی جیهانی تەتیانا بلینکۆ سەرسامم.

*** لە کۆتایدا چ پەیامێکت هەیە؟**

- زۆرسوپاس بۆ خانەوادەکەم کە هەمیشە پاڵشتی گەورەبوون بۆ من، سوپاس بۆ سەرۆك و ئەندامانی یانەی پێشمەرگە و مامۆستای ماندوونەناس (بەڵێن حەیدەر) جێگای شانازییە بۆ هەموو عێراق، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست، بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی بە وەرزشکارانی کوردستانی دەکات، بەبێ جیاوازی.



# مێسی

# بۆ جاری حەوتەم بوو بە براوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر

**هەفتەی ڕابردوو لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، لەسەر شانۆی دو چێتێلیتی کە هەمان شوێنی دابەشکردنی خەڵاتەکەبوو لە ساڵی ٢٠١٩، باشترین یاریزانی جیهان خەڵات کرا. لیڤاندۆڤسکی بوو بە باشترین هێرشبەر و جیانلۆجی دۆنارۆما، گۆڵپارێزی پاریس سانت جێرمان بووبە باشترین گۆڵپارێز و، هەروەها پێدری یاریزانی بەرشلۆنە بوو بە باشترین یاریزانی لاو و یانەی چێلسی ئینگلیزی خەڵاتی یانەی ساڵی بردووە.**

ئا: ڕێبین ڕەمزی

بەپێی ڕیزبەندییەکەی گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ، براوەکان بەمشێوەیە بوون:

١. مێسی (پاریس سانت جێرمان) (٦١٣) دەنگ
٢. لیڤاندۆڤسکی (بایرن میونیخ) (٥٨٠) دەنگ
٣. جۆرجینهۆ (چێلسی) (٤٦٠) دەنگ
٤. کەریم بنزیما ( ڕیال مەدرید) (٢٣٩) دەنگ
٥. نگۆلۆ کانتی (چێلسی) (١٨٦) دەنگ
٦. کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (مانچیستەر یۆنایتد) (١٧٨) دەنگ
٧. محەمەد سەلاح ( لیڤەرپووڵ) (١٢١) دەنگ
٨. کێڤین دیبرۆین (مانچستەر سیتی) (٧٣) دەنگ
٩. کلیان مباپی (پاریس سانت جێرمان) (٥٨) دەنگ
١٠. جیانلۆیجی دۆنارۆما (پاریس سانت جێرمان) (٣٦) دەنگ.

**● کێ باشترینەکان دەست نیشان دەکات و چۆن دەنگەکان هەژمار دەکرێت؟**

بۆ دیاریکردنی باشترین یاریزانی ئەمساڵ لەلایەن گۆڤاری فرانس فووتبۆڵەوە، ١٧٣ ڕۆژنامەنووس لە جیهاندا دەنگیان داوە، هەریەکە مافی ئەوەی هەیە پێنج دەنگ بدەن، دەنگی یەکەمی شەش خاڵ وەردەگرێت، دەنگی دووەم چوار خاڵ وەردەگرێت، دەنگی سێیەم سێ خاڵ وەردەگرێت، دەنگی چوارەم دوو خاڵ وەردەگرێت و دەنگی پێنجەم یەك خاڵ، کە پێشتر هەر ڕۆژنامەنووسێك مافی سێ دەنگی هەبووە.

بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆری ئەمساڵ، ڕکابەری لە نێوان مێسی و لیڤاندۆڤسکی بوو، مێسی بەهۆی بردنەوەی جامی شای ئیسپانیا لەگەڵ بەرشلۆنە و، بە دەستهێنانی خەڵاتی گۆڵکاری خولی ئیسپانیا، بە ٣٠ گۆڵ و بردنەوەی کۆپا ئەمریکا و بوونە گۆڵکار و ئاسیستکاری کۆپا ئەمریکا، نازناوەکەی بردەوە.

ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسکی نازناوی خولی ئەڵمانیا و



جامی سوپەری ئەڵمانیای لەگەڵ بایرن میونیخ بردووەتەوە و بە تۆمارکردنی ٤١ گۆڵ بوو بە گۆڵکاری خولە گەورەکانی ئەوروپا، بەگشتی لەم وەرزەدا ٦٤ گۆڵی تۆمار کردووە، ئەمە بوو بە هۆکاری ئەوەی پالێوراوی سەرەکی بێت و پلەی دووەمی خەڵاتەکەی بردووە.

● **مێژووی خەڵاتی باڵۆن دۆر**

خەڵاتی باڵۆن دۆر لە ساڵی ١٩٥٦ لەلایەن گۆڤاری فرانس فووتبۆڵەوە دەدرێتە باشترین یاریزان، هەڵبژاردنی یاریزانەکە پشت بە چەند بنەمایەك دەبەستێت، لەوانەش ئاست و ئەنجامەکانی یاریزانەکە لە وەرزەکەدا، دەستکەوتەکانی یاریزانەکە لە وەرزەکەدا و ڕەوشتی یاریزانەکە لە نێو یاریگە و دەرەوەی یاریگەدا.

سەرەتا باڵۆن دۆر لە ساڵی ١٩٥٦ تاساڵی ١٩٩٥ تەنیا دەدرایە یاریزانەکانی کیشوەری ئەوروپا، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٩٥ تا ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتەکە گۆڕانکاریی تێدا کرا و، درایە ئەو یاریزانانەی جیهان، کە لە کیشوەری ئەوروپا یاری دەکەن، لە ساڵی ٢٠٠٧ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی تێدا کرا و، خەڵاتەکە تایبەت کرا بە یاریزانانی هەموو جیهان.

لە ساڵی ٢٠١٠ گۆڤاری فرانس فووتبۆڵ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ فیفا کرد و خەڵاتەکەی کردە فیفا باڵۆن دۆر و هەردوولا بەهاوبەشی خەڵاتەکەیان دابەش کرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ هەردوولا لە یەکدی جیابوونەوە و فیفا خەڵاتی (زە بێست)ی دروست کرد.

لە ساڵی ٢٠١٨ گۆڤارە فەرەنسییەکە سێ خەڵاتی دیکەی زیاد کرد، ئەوانیش خەڵاتی کۆپا بۆ باشترین یاریزانی لاو لە جیهاندا و، خەڵاتی باڵۆن دۆر بۆ باشترین خانمە یاریزانی جیهان و، خەڵاتی لیڤ یاشین بۆ باشترین گۆڵپارێزی جیهان.

لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی پاریس سانتجێرمانی فەرەنسی، خەڵاتی باڵۆن دۆری ٢٠٢١ـی بۆ باشترین یاریزانی جیهانی بەدەست هێنا، کە حەوتەم جارە لیۆ ئەو خەڵاتە دەباتەوە.

● **مێسی خۆشحاڵە**

مێسی دوای ئەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆری بەدەست هێنا، لە پەیامێکدا دڵخۆشیی خۆی بەو دەستکەوتە نیشاندا و سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە یارمەتیدەری بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە. هەر سەبارەت بەم بابەتە مێسی گوتی: «لە ڕاستیدا کارێکی گەورەیە، کە لەگەڵ ئێوەدام لەم وەرزەدا، هەندێك سات بۆ من زۆر زەحمەت بوون، کەس نەیدەزانی لە داهاتوودا چی ڕوو دەدات؟.

مێسی لە بەردەوامیی قسەکانیدا سوپاسی هاوڕێیانی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەکانی بەرشلۆنە و پاریس سانت جێرمان کرد و، گوتی: «من دڵخۆشم لە پاریس، من زۆر چێژ لە یاریی تۆپی پێ وەردەگرم، دەمەوێت سوپاسی هەموو هاوڕێیانم لە پاریس سانت جێرمان و بەرشلۆنە بکەم، هەروەها سوپاسی دەستەی هونەری و هاوڕێکانم لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دەکەم، ئەمە خەڵاتێکی جیاوازە، هەروەها ئەمساڵ نازناوێکی جیاوازمان بەدەست هێنا (کۆپا ئەمریکا) کە زۆر چاوەڕێمان کرد، دەمەوێت ئەم خەڵاتە لەگەڵ هاوڕێکانم لە ئەرژەنتین و بەرشلۆنە و پاریس سانت جێرمان و خانەوادەکەم و هاوژینم و منداڵانی براکانمدا بەش بکەم».

سەبارەت بە بردنەوەی باڵۆن دۆری هەشتەمیشیی، میسی گوتی: «بیر لە باڵۆن دۆری هەشتەم ناکەمەوە، یانەکەم گۆڕاوە، شارەکەم گۆڕاوە، ژووری جلگۆڕینی پاریس سانت جێرمان پڕە لە باشترین یاریزانەکانی جیهان.»

باشترین یاریزانی جیهان، سەبارەت بە ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسکیی ئەستێرەی پۆڵەندیی یانەی بایرن میونیخ ئەڵمانیا قسەی کرد، کە لە دوای مێسی پلەی دووەمی بەدەست هێنا و، گوتی: «شانازییەکی گەورەیە بۆ من، کە لەگەڵ لیڤاندۆڤسکی ڕکابەری لەسەر باڵۆن دۆر بکەم، ئەو شایەنی ئەوەیە لە باشترینەکان بێت، بە لیڤا دەڵێم تۆ ساڵی ڕابردوو شایەنی باڵۆن دۆر بوویت».

لە کۆتایی قسەکانیدا میسی ئاماژەی بەوە کرد، کە وەرزی ڕابردوو بەهۆی کۆرۆناوە دۆخێکی زەحمەتیان بەڕێ کردووە و، گوتی: «خۆشبەختانە ئەمساڵ گەڕاینەوە و دەستمان پێ کردەوە».

**● لیڤاندۆڤسكی پیرۆزبایی لە مێسی كرد**

رۆبێرت لیڤاندۆڤسكی، ئەستێرەی پۆڵەندیی یانەی بایرن میونیخ ئەڵمانی، دوای ئەوەی خەڵاتی باشترین گۆڵكاری ساڵی بەدەست هێنا و، لە دوای مێسی بە دووەم باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان كرا، لە پەیامێكدا پیرۆزبایی لە مێسی كرد و، دڵخۆشی خۆی نیشاندا بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین گۆڵكاری ساڵ.

لە ڕێورەسمێكی تایبەتدا خەڵاتی باشترین گۆڵكاری ساڵ بەر ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسكی كەوت.

رۆبێرت لیڤاندۆڤسكی، دوای ئەوەی خەڵاتەكەی بەدەست هێنا، لە پەیامێكدا گوتی: «سوپاسی تیپەكەم دەكەم بۆ ئەو پاڵپشتییەی لە منی كرد و سەركەوتنی پێ بەخشیم، بایرن میونیخ وایكرد خەونەكانم بێنمە دی، دەمەوێت سوپاسی هاوڕێكانم بكەم لە هەڵبژاردەی پۆڵەندا و بایرن میونیخ، هەروەها دەمەوێت سوپاسی هاندەران بكەم، كە هەموو ڕۆژێك هاندەر و پاڵپشتم بوون، ئەوە بۆ من مانایەكی زۆر دەگەینێت.»

رۆبێرت لیڤاندۆڤسكی، لە بەردەوامی پەیامەكەیدا، گوتیشی: «لەوەش گرنگتر ئەوەیە، كە سوپاسی خانەوادەكەم بكەم، سوپاس بۆ دایكم، سوپاس بۆ ئانای هاوژینم، پێی دەڵێم تۆ خۆشەویستی ژیانم و باشترین هاوڕێمی، سوپاسی میلینای خوشكم و هاوڕێكانم و تیمی كارگێڕیی یانەكەم دەكەم، كە بە بەردەوامی پشتگیرییان كردووم، سوپاس بۆ ئێوە.»

ئەستێرەی بایرن میونیخ، پیرۆزبایی لە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرژەنتینی یانەی پاریس سانت جێرمانی كرد، بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر و گوتی: «پیرۆزبایی لە مێسی و ئەلێكسیا دەكەم بە بۆنەی بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر».

رۆبێرت لیڤاندۆڤسكی لە كۆتایی قسەكانیشیدا گوتی: «من خەڵاتی باشترین هێرشبەری ساڵم بەدەست هێنا و هیچ یاریزانێك ناتوانێت خەڵاتێكی تاكە كەسی بەدەست بهێنێت، بەبێ ئەوەی لە باشترین تیپ بێت و هاندەرانی دڵسۆز پشتگیریی بكەن، سوپاس بۆ پشتیوانیتان».



# پێکان خەونی میران کەریمی لە بار برد



زۆرن ئەو لاوە کوردانەی کە ماوەیەکی زۆر لە ڕیزی یانەکانی کوردستان لە خولی نایاب یارییان کردووە و ئێستاش ڕوویان لە خولەکانی ئەورووپا کردووە، میران کەریم یاریزانی پێشووی یانەکانی هەولێر و برایەتی و پێشمەرگەی هەولێر کە گۆڵکاری یانەکانی کوردستان بووە و، ماوەیەکی زۆر هێرشبەرێکی کاریگەر بووە لە خولەکانی کوردستان، چەند ساڵێکە چووەتە وڵاتی ئەڵمانیا و لەو وڵاتە یاری دەکات، بەڵام پێکانێك خەونی میرانی لە باربرد، لەم بارەشەوە میران کەریم لە وڵاتی ئەڵمانیاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرێبەستم هەبوو لەگەڵ یانەیەکی پلە سێی ئەڵمانیا بە ناوی (wubatall) کە یەکێك لە یانە باشەکانی شاری دوسیلدۆرف، بەڵام لە ناکاو تووشی پێکانێکی قورس بووم لە ئەژنۆم و، ماوەی زیاتر لە سێ مانگە لەژێر چاودێریی پزیشکی تایبەتدا مەشقی بەردەوام دەکەم، بۆ ئەوەی چاك ببمەوە، بەڵام ئەگەر نەتوانم بە تەواوی چاك ببمەوە و پزیشکی تایبەت بڕیار لە گەڕانەوەم نەدات، چونکە پێکانەکەم قورسە، ڕەنگە بیر لەوە بکەمەوە کە ڕوو لە کاری ڕاهێنەری بکەم، بۆ ئەوەی بچمە نێو دونیای ڕاهێنەرایەتی و بتوانم لەم ڕێگایەوە خزمەت بە وەرزش بکەم».



## سەید سادق ئامانجی گـ

تیپی تۆپی پێی یانەی سەید سادقی دەڤەری شارەزوور، لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەیەوێت ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکات، بۆ ئەم وەرزە دەستەی کارگێڕیی یانەکە جارێکی دیکە متماتەی داوە بە ڕەمزی ساڵح، بۆ ئەوەی تیپەکە بکاتە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە ڕەمزی ساڵح ڕاهێنەری یانەکە لە بارەی ئاستی تیپەکەوە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە ئاستی تیپەکەمان بەرەو باشی دەڕوات، هیوای



# یانەی ئارارات گرفتی دارایی هەیە




تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ئارارات ئەم وەرزە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئامادەکاری پێویستی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئاست و ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکات، کارگێڕیی یانەکەش سەرەڕای گرفتی دارایی، دەیەوێت ئەم وەرزە لە یارییەکانی خولەکە ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، لەم بارەشەوە سۆران جەوهەر سکرتێری یانەی وەرزشیی ئارارات، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەکەمان گرفتی زۆرە، بەڵام گرفتی گەورەمان خراپیی باری ئابوورییە، چونکە سەرچاوەی داهاتمان زۆر کەمە و بەشی مەسروفاتمان ناکات، مانگانە زیاتر لە ٧٥٪ پارەی مەسروفمان لەلایەن سەرۆکی فەخریی یانەکەمانەوە دابین دەکرێت، کە ئەویش بارێکی قورسە لەسەر شانیان، پێویستە حکومەتی هەرێم بە هاوکاریکردنی ماددی ومەعنەوی زیاتر بایەخ بە وەرزش بدات، جا لە ڕێگەی دامەزراوەکان بێت، یان سەپاندنی مەرجێك بە سەر کۆمپانیا و وەبەرهێنەراندا تا یارمەتیی یانە وەرزشییەکان بدەن لە سنووری خۆیان»، لە بارەی ئاستی تیپەکەش سۆران جەوهەر گوتی: « سەرەڕای ئەوەی خاوەنی چەندین یاریزانی باش و بەئەزموونین، بەڵام بەهۆی درەنگ ئامادەکاریمان لە بەر هۆکاری دارایی، و لە کاتی ئامادەکاری و ناو خولیش چەندین یاریزانی سەرەکیی تیپەکەمان دوچاری پێکانی درێژخایەن بوون، بەمەش کەموکووڕیی زۆرمان بۆ دروست بووە لە هێڵەکانی یاریکردن و، یاریزانی پێویستیشمان نەبوو تا دەستەی ڕاهێنەران بتوانن بۆشاییەکان پڕ بکەنەوە، پە نا بەخودای گەورە بۆ قۆناغی دووەم هەوڵ دەدەین لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەران تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر».

## ـــــەورەی هەیە

ئێمە ئەوەیە یاری بۆ یاری ئاستی باشتر و ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین، بەرنامەی ئێمە ئەوە بوو لە تیپەکانی خوارەوە نەبین و تیپێکی بەهێز بین لە خولەکە و، ببینە ژمارە لە خولی نایابی کوردستان، سوپاس بۆ خودای گەورەش ئێستا سەرجەم تیپەکان حیسابی تایبەتمان بۆ دەکەن، بەرنامەی ئەوەشمان هەیە کە تیپەکە لە دابەزین بە دوور بێت و لە ڕیزەکانی پێشەوەش بمێنینەوە»، لەبارەی هەبوونی گرفتی تیپەکەش ڕەمزی ساڵح گوتی: «سوپاس بۆ خوا هیچ گرفتێکمان نییە، سوپاسی ئەو هاندەرانەش دەکەین کە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتی یانەکەن لە یارییەکان و، دەتوانم بڵێم ئەوان یاریزانی ژمارە١٢ن، ئێمە وەکو دەستەی ڕاهێنەرانیش پلانی تایبەتمان هەیە تا تیپەکە بکەینە یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولی نایابی کوردستان، یاریزانەکانیشمان ئەو دڵسۆزیەیان تێدایە و دەتوانن ئەنجامی گەورە لە سەر ئاستی کوردستان بەدەست بهێنن.



## زیانە لابەلاکانی ژەمی سێ

پاش ئەوەی کە سەنتەری ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان CDC جەختی لەمە کردەوە کە ژەمی سێیەم، یان ژەمی چالاککەرەوەی Booster shot ڤاکسینی کۆڤید، پێویستە بۆ تەواوکردنی کوتان دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ملیۆنان هاووڵاتیی ئەمریکی ناوی خۆیان بۆ وەرگرتنی ژەمی سێیەمی ڤاکسینی فایزەری کۆڤید تۆمارکردووە. بە پشت بە ئەنجامی توێژینەوەکانی سەنتەری ئەمریکی کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان، زۆربەی نیشانە نەخوازراوەکانی پاش وەرگرتنی ژەمی سێیەمی کۆڤید، یان لە شوێنی وەرگرتنی دەرزی، یانیش لە بەشەکانی دیکە لەشدا بەدی دەکرێن، کە زۆربەیان کاتی و ماوەکورتن. نیشانە لابەلاکان زیاتر لە پاش وەرگرتنی ڤاکسین بە یەك ڕۆژ دەردەکەون، کە بریتین لە: ئازار لە شوێنی لێدانی دەرزی، هەستکردن بە ماندووبوون، سەرئێشە، ئازاری ماسوولکە، لەرز و تا، ئازاری جومگە، هەروەها هێڵنج. ئاماژە بەمەش کراوە کە ئازار، یان ئاوسان لە شوێنی لێدانی دەرزی لە قۆڵدا لە نزیکەی ٧٩,٤٪ی وەرگرانی ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤیددا بەدی دەکرێت، هەروەها





## خەوزڕان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات

خەوزڕان Insomnia جۆرێکە لە کەمخەوی، کە بریتییە لە گرفت لە چوونە خەوەوە، گرفت لە بەردەوامبووم لە خەو، یان هەردووکیان. کەسی تووشبوو بە خەوزڕان پاش لەخەوهەڵسان، هەست بە بێهێزی و ماندووبوون و بێ وزەیی دەکات. خەوزڕان گرفتی تەندروستی پەیدا دەکات، بۆنموونە: تێکچوونی میتابۆلیزم، زیادبوونی ئاستی هۆرمۆنەکانی سترێس Stress hormones وەکو کۆرتیزۆل Cortisol کە هۆکارە بۆ پەیدابوونی بەرگری بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین و بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، ئەمەش هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو. لە لایەکی دیکەوە، هۆرمۆنەکانی سترێس دەبنە ئەگەری زیادبوونی ئارەزووی خواردن بۆ خۆراکی کاربۆهیدراتی و شیرینی و شلەمەنییە شیرینکراوەکان، ئەمەش هۆکارێکی زەقە بۆ زیادبوونی کێشی لەش و، تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، پێویستە ئەمەش بزانرێت کە خەوزڕان ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەوا ئەڵقەیەکی نەپچڕاو دروست دەکات، واتە خەوزڕان دەبێتە هۆی خەوزڕانی هەمیشەیی، چونکە کەمخەوی دەبێتە ئەگەری کەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی لێپتین Leptin کە بە هۆرمۆنی هەستکردن بە تێربوون ناوزەد دەکرێت، ئەمەش پێویستیی لەش بە کاربۆهیدرات زیاد دەکات، هەروەها کرداری میتابۆلیزمی شەکری گلوکۆز تێك دەدات و، ئەگەری نەخۆشیی شەکرە زیاتر دەکات.



## ـــــیەمی ڤاکسینی کۆڤید ١٩

بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش و سەرئێشە لە ٧٤,٥٪ ی وەرگرانی ژەمی سێیەم ڕوو دەدات، بەراورد لەگەڵ ژەمی یەکەم و دووەمی ڤاکسینی کۆڤید١٩.



# ئایا پێویستە ڕۆژانە خۆت بشۆریت؟

گەلێك کەس پێیان وایە کە ڕۆژانەخۆشتن، زۆر پێویستە بە مەبەستی پاکوخاوێنی، هەندێك کەسیش پێیان وایە کە ڕۆژانە خۆشتن دەبێتە هۆی لابردنی چەورییە گرنگەکانی پێست و وشکبوونی. با بزانین ڕای پسپۆڕانی تەندروستی لەم بارەیەوە چییە؟
د. دێریك فیلیپس Derrick Phillips کە پسپۆڕێکی بەریتانیی پێستە، ئاماژەی بەمە کردووە کە ڕۆژانە خۆشتن زیاتر بنەمایەکی کۆمەڵایەتیی هەیە، لەوانەیە کە لە ڕووی تەندروستییەوە زۆر پێویست نەکات، کەچی د. ئەدارش مەدگیل Adarsh Mudgil پسپۆڕی ئەمریکی دەڵێت: بەڵگەی زۆر لەبەردەستدا نییە کە ڕۆژانە خۆشتن زیانبەخش بێت، هەروەها بە ڕای چەند پسپۆڕێکی دیکەی پێست، ڕۆژانە خۆشتن بۆ زۆربەی منداڵان پێویستە، بە مەبەستی پاراستنی ئاستی پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی. پێست تا ڕادەیەك توانای پاککردنەوەی خۆی هەیە، بۆنموونە بە شێوەیەکی سرووشتی توێکڵی زیاد فڕێ دەدات، ئەگەرچی شووشتن و کڕاندنی پێست هەموو چڵکێکی سەر پێست لا دەبات و پاکوخاوێنی و بۆنی خۆشی پێست مسۆگەر دەکات، بەڵام هێشتا هەر ڕۆژانە پێویست ناکات، بۆنموونە: لەوانەیە کە ببێتە گرفتی وەك: وشکبوونی پێست و خورشت، هەستکردن بە سووتانەوەی پێست Irritation، هەوکردنی پێست، هەروەها تێکدانی هاوسەنگیی بەکتریا سوودبەخشەکانی پێست Skin microbiome.

# باشترین کاتەکان بۆ خواردنەوەی ئاو

خواردنەوەی ئاو سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، بەمەبەستی ئەوەی کە سوودە تەندروستییەکانی بپێکێت، پسپۆڕان بە شێوەیەکی بەگشتی ڕێنمایی ئەوە دەکەن کە ئاو بە گەدەی بەتاڵ بخورێتەوە، بەڵام لە کاتە گونجاوەکاندا، بۆنموونە: بەیانیان ڕاستەوخۆ پاش لەخەوهەڵسان بە بڕی دوو پەرداخی ٢٥٠ میلللیلیتری پێش ژەمە سەرەکییەکان بە بڕی یەك پەرداخ ئاو بخورێتەوە، پێش و پاش ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی و لەکاتی مەشقی وەرزشیدا بە بڕی کەم، پێش وەرگرتنی دووش بەتایبەتی دوشی ئاوی گەرم، لەکاتی زیاد ئارەقەکردن و ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی بە بڕی ١-٢ پەرداخ، لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، پێش نووستن بە بڕی ١-٢ پەرداخ خواردنەوەی ئاو سوودی تەندروستیی باشی هەیە. کە ئاو لەکاتی گونجاودا دەخورێتەوە، ئەوا هەنگاوێکی گرنگە بۆ خۆپاراستن لە چەند حاڵەت و نەخۆشییەك وەك: ڕێگرتن لە ئەگەری ئازاری گەدە، سووککردنی نیشانەکانی گرژبوونی کۆڵۆن IBS، خۆپاراستن لە وشکبوون و هەوکردنی دەم، کەمکردنەوەی ئەگەری کۆبوونەوەی گاز لە ڕیخۆڵەدا، کەمکردنەوەی ئەگەری قەبزی، سووککردنی هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، هەروەها خواردنەوەی ئاو پێش نووستن بە ماوەیەکی کورت، گرنگە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك.



له لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵەی شێرپەنجەی ئەمریکی American Cancer Society نوێدا هاتووە، وازهێنان لە جگەرەکێشان پێش تەمەنی ٤٥ ساڵی ئەگەری تووشبوون و مردن بە شێرپەنجەی سییەکان و جۆرەکانی دیکەی شێرپەنجە، تا ڕێژەی ٨٧٪ کەم دەکاتەوە، هەروەها بە وازهێنان لە جگەرە پێش تەمەنی ٣٥ ساڵی، ئەم ئەگەرە دەبێتە سفر. ئەمە لە لایەنی پزیشکییەوە بە تەواوی سەلمێنراوە کە وازهێنان لە جگەرە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەکانی پەیوەست بە تووتن بە شێوەیەکی بەرچاو بە تێپەڕبوونی کات کەم دەکاتەوە، جەخت لەمەش کراوەتەوە کە هەرگیز درەنگ نییە بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان، تەنانەت لە تەمەنی پەنجاکان، یان سەرەتای شەستەکانی تەمەنیشدا، چونکە ئەگەری مردن بە شێرپەنجە کەم دەکاتەوە، بێگومان زووتر وازهێنان هەردەم باشترە، لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەمە کراوە کە وازهێنان لە جگەرەکێشان هەتا لە تەمەنێکی درەنگتریش تا ڕێژەیەکی باش ئەم سوودە دەپێکێت، بۆ نموونە: وازهێنان لە جگەرە لە تەمەنی نێوان ٤٥-٥٤ ساڵیدا ئەگەری تووشبوون و مردن بە شێرپەنجە تا ڕێژەی ٧٨٪ کەم دەکاتەوە، هەروەها وازهێنان لە جگەرە لە تەمەنی نێوان ٥٥-٦٤ ساڵیدا ئەم ئەگەرە تا ڕێژەی ٥٦٪ کەم دەکاتەوە.






# ئاڵۆزییەکانی کۆڤید١٩ لە ئافرەتدا

پەتای کۆڤید١٩ چەند مەسەلەیەکی گرنگی تایبەت بە لایەنی زاوزێی ئافرەت وروژاندووە، بۆنموونە لەکاتی دووگیانیدا چۆن کاریگەریی دەکاتە سەر دایك و کۆرپە؟ گرفتەکانی پاش چاکبوونەوە چین؟ ئایا دەبێتە ئەگەری نەزۆکیی ئافرەت؟. توێژینەوەکان ئەمەیان ڕوون کرووەتەوە کە ئافرەتی دووگیان ئەگەری تووشبوونی بە کۆڤید ٢٩ لە کەسانی دی زیاترە، ئەگەرچی زۆربەی تووشبووان بێ نیشانەن، یان نیشانەی سووکیان هەیە، بەڵام ئەگەری چەند ئاڵۆزییەکان لێ دەکرێت وەك: لەدایکبوونی پێشوەختە، مردنی کۆرپە لەکاتی لەدایکبووندا، ژاراویبوونی دووگیانی Pre-eclamp-sia، هەروەها مەیینی خوێن لەبەر سستنبوونی هاتووچۆی خوێن لە ناو بۆرییەکانی خوێندا. جگە لە نیشانە زانراوەکانی کۆڤید١٩، چەند گرفتێکی تەندروستی پاش تووشبوون بە کۆڤید١٩ Post-Co-vid لە ئافرەتدا تۆمارکراون، بە شێوەی: زوو ماندووبوون، ئازاری گشتیی لەش، خەوزڕان، گرفت لە هەناسەدا، سەرسووڕان، ناڕێکبوونی سووڕی مانگانە، پەستی و خەمۆکی، بەتایبەتی پاش خۆجیاکردنەوە و مانەوە لەماڵ لەکاتی تووشبوون بە کۆڤید١٩، هەروەها تێکچوونی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان. پسپۆڕان جەختیان لەمە کردۆتەوە کە تووشبوونی ئافرەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەرگیز ڕاستەوخۆ نابێتە ئەگەری نەزۆکی، مەسەلەی کاریگەریی توشبوون بە کۆڤید١٩ لەسەر کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت، پێویستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.




## کۆنسۆلێکی گەیم و تـــــ

کاتێك کۆنسولی گەیمی Steam deck بەرهەمهات، گەیمەرەکان بۆیان دەرکەوت کە لەگەڵ ئامێرێك بەرەو روون کە سەرووی ئامێرێکی ئاساییە. ئامێرێکی بچووکی گەیم کە دەکرێت وەك کۆنترۆڵێکی ئامێرە گەیمەکانی دیکەش سەیر بکرێ. تەنانەت دەکرێت وەك ریمۆتێك بۆ کۆمپیوتەریش دابندرێ.
ئامێری ئاماژە بۆ کراو جگە لەوەی شاشەیەکی لەمسی هەیە، دەکرێت پاد تاجیش بۆ کۆنترۆڵی گەیم بەکار بهێندرێ. هەروەها دوگمەی کۆنترۆڵیشی تێدایە. هەروەها دەکرێت چەند

## کیبۆرد و ماوسی گەیمینگی بێ وایەر

کیبۆرد (تەختەی دوگمەکان) و ماوس (مشکۆکە) دوو ئامرازی گرنگی کۆمپیوتەرن. بەبێ ئەو ئامرازانە مرۆ ناتوانێ سوود لە کۆمپیوتەر وەربگرێ و کۆمپیوتەر وەك بۆکسێکی بێ کەڵکی لێدێ. کیبۆرد فەرمانەکانی مرۆڤ بۆ کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە. کیبۆردەکان لە دیزاین و شێوازدا شێوەی کارکردنیاندا جیاوازن، بەڵام هەموویان یەك فەرمان ئەنجام دەدەن ئەویش گواستنەوەی فەرمانەکانی بەکارهێنەرە بۆ کۆمپیوتەر. کیبۆرد و ماوسی جۆری K680 دیزانێکی زۆر ناوازەیان هەیە. بێ وایەرن و شەحن دەکرێنەوە. پشت دوگمەکان گلۆپی رووناکی هەیە کە بە حەوت رەنگ دەگۆردرێن. بە تەربوون تێکناچێت و باترییەکەی هەتا حەوتوویەك دانابەزێت. لە رێگای وای-فایەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ. دوگمەکانی بە جۆرێك داندراون کە پەنجەکان ئازار نادەن. شوێنی دانانی مۆبایلی هەیە کە لەگەڵ ئەوەیدا جێگای مۆبایلە و مۆبایلیش شەحن دەکاتەوە.





## ئامێرێکی جۆکەر و پـــــ

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا جار هەیە چەندین ئامێر لەیەك ئامێردا کۆدەکرێتەوە، کۆکردنەوەی ئامێرەکان لەیەك ئامێردا هەم کارئاسانی زۆر دەکات و هەم وا دەکات شوێنێکی زۆر نەگرێت.

ئامێری crank radio چەند ئامێرێکە لەیەك ئامێردا. رادیۆیە، کەش و هەوای ناوچەکە نیشان دەدا، پاوەربانکی خۆرییە، ٣ لایتی بەهێزی هەیە. هەستەوەری جوڵە، گلۆپی خوێندنەوە، جەرەسی ئاگادارکردنەوە.

## ـــــــایبەتمەندییەکانی

سیستەمی بەگەڕخەری گەیم وەك ئەندرۆید و ویندۆز و IOS و PSPیشی بۆ دابندرێ.
پشتیوانی لە ویندۆز ١١ دەکا. کارتی گرافیکیەکەی زۆر خێراترە لە Vega بەهێزترە لە پلەی ستەیشن ٤. خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە لەگەڵ VRیش دەگونجێت.

## سپیکەرێک بە وزەی خۆر کار دەکا



سپیکەری بلوتوسی جۆری Eton Rukus سپیکەرێکی بلوتووسیە و بە وزەی خۆر کار دەکا. سیستەمی دەنگییەکە ئەو هەلە دەرەخسێنێ کە لەهەر شوێنێك بی بەتایبەتی لە گەشت و گەڕان بەبێ ئەوەی مەترسی نەمانی وزەت هەبێ گوێ لەگۆرانی و مۆسیقا بگری. لە ڕێگای بلوتوسەوە مۆبایل یا تەبلێتەکەت لەگەڵ سپیکەرەکە پەیوەند دەدرێ.
سیستەمی دەنگی جۆری Eton Ruged Rukus دەتوانرێ بە سوود وەرگرتن لە وزەی خۆر شەحن بکرێتەوە و دەکرێت وەك پاوەربانکێکیش سوودی لێوەربگیرێ. سپیکەرەکە بە دوو کاتژمێر و نیو بە کارەبا شەحن دەبێتەوە، بەڵام بە وزەی خۆر بە ٥ کاتژمێر شەحن دەبێتەوە. ئەگەر جارێك شەحن بێتەوە هەتا ٨ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.

## گەجێتێکی ناوازە و سەرنج ڕاکێش



گەجێتی Nomodo trio ئامرازێکی بچووکە، وەك بڵندگۆیەك دەچێت کە پێچەوانە داتنابێ، یان وەك قاوەلێنەرێکی کارەبایی دەچێت. ئەو ئامێرە بچووکە لە یەك کاتدا دوو ئەرکی لێکجیاواز ئەنجام دەدات. بارگاوی کردنی مۆبایل و گەرمکردنەوەی قاوە و چایی.
بە سەرنجدان بەوەی کە سەردەمی کۆرۆنا ژیانی بۆ ماڵەوە گواستۆتەوە. حەزدەکەین لەگەڵ ئەوەیدا کە خواردنەوەکەمان سارد یا گەرم بێ لەگەڵ ئەوەشدا مۆبایل یان ئامرازەکانی دیکەمان بارگاوی بکرێنەوە. ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بە گەرمکردنەوە هەیە، دەکرێت وەك ساردکەرەوەش سوودی لێوەربگیرێ. شەحنکردنەوەکەشی بەبێ وایەرە.



## ـــــــێداویستییەکی گرنگ

ئامێرەکە بە چەند شێوازێك بارگاوی دەکرێتەوە، بە دەست و سووڕاندنی بازنەی بارگاوی کردن، بە پانێڵی تیشکی خۆر، بە وزەی کارەبا.



# سینەمای بچووک لە ماڵەوە

ئەوانەی حەز لە فیلمی سینەمایی دەکەن ئارەزوویانە سەردانی هۆڵەکانی سینەما بکەن، بەڵام هەمووجارێ ئەو ئارەزووە نایەتە دی. لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا گرنگ نییە تۆ بچی بۆ سینەما، دەکرێ سینەما بێتە ماڵەوە. بۆ نموونە داتاشۆی بچووکی Boxe سینەمایەکە لە پەنجەکانتدا، ئەوەندە بچووکە بۆ هەموو شوێنێك دەکرێ لەگەڵ خۆتی بەری. بە کوالیتی 4K فیلم نیشان دەدا. دوو بڵندگۆی بچووکی هەیە کە دەنگێکی بەهێزیان هەیە، رێك وەك ئەوە وایە لە هۆڵێکی سینەمایی دانیشتبی. کێشی داتاشۆیەکە کیلۆ و نیوێك نابێ. باترییەکی باشی لەگەڵدایە و دەکرێت هەتا فیلمێکی تەواو بەبێ شارژ کردنەوە سەیری فیلم بکەی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم ماڵپەڕێك بلۆك بکەم بۆ ئەوەی کەسانی دیکە نەیکەنەوە؟**

خوێنەری بەڕێز ئێستا بە زۆری بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە دوو وێبگەڕی گوگل کرۆم و فایرفۆکس سوود وەردەگرن. لە هەردوو وێبگەڕەکەدا شێوازی بلۆك کردنی سایتەکان وەك یەکە. بۆ ئەو مەبەستە دەبێت پرۆگرامۆکەی block site بە وێبگەڕەکە زیاد بکەی. پاش زیادکردنی ئەو پرۆگرامۆکەیە، لەسەر هەر ماڵپەڕێك کە مەبەستە دابخرێ و نەکرێتەوە، کلیکی لای راست بکە. دەبینی بەشێك زیاد بووە بەناوی block site ئەو بەشە دابگرە و ماڵپەڕەکە بلۆك دەبێت.

# ئۆتۆمبیلی فڕۆک بەشێوەی کلاسیک

فڕۆکە ئۆتۆمبیل یا ئۆتۆمبیلی فڕۆك، لەمێژە وەك بیرۆکە و داهێنانی بیری لێکراوەتەوە، بەڵام چەندساڵێك دەبێت بە کردەوە هەنگاوی بۆ نراوەو تا رادەیەك سەرکەوتنیشی بەدەستهێناوە.

کۆمپانیای بەرهەمهێنی ئۆمبیلی رینۆی فەرەنسی لەم ماوەیەدا ئۆتۆمبیلی فڕۆکی جۆری Air4ی بەرهەمهێنا کە توانای هەیە تا بەرزایی ٢٣٠٠ پێ بەرز بێتەوە و بە خێرایی ٥٨ مایل لەکاتژمێرێکدا بڕوات.

کۆمپانیای رینۆ بە هاوکاری کۆمپانیای TheArsenale توانیان ئەم ئۆتۆمبیلە فڕۆکە بەرهەم بێنن و لە یادی شەستەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆمپانیا نیشانی بدەن. لە راستیدا ئۆتۆمبیلە درۆنێکی گەورەیە کە ئۆتۆمبیلێکی رینۆی کلاسیکی لەسەرداندراوە.

ئۆتۆمبیلەکە بۆ بڵاوکردنەوەو بە بازاڕی کردن بەرهەم نەهاتووە، بەڵکو بیرۆکەیەکە کە لەداهاتوودا رەنگە کۆمپانیای رینۆ وەك زۆربەی ئەو کۆمپانیانەی خەریکی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی فڕۆکن بە چڕی بەرهەمی بێنێ.





# ئامێرێكی گەرم بۆ رۆژانی سارد

وەرزی سەرما و زستان داهات، لەو وەرزەدا هیچ شتێك لە شوێنێكی گەرم خۆشتر نییە، بەڵام ناكرێ هەمیشە لە ماڵەوە و لەبەردەم سۆبا بی. كە چوویەوە دەرەوە ناكرێت سۆپا لەگەڵ خۆت بەری... نا نا لەو سەردەمەدا هەموو شتێك دەكرێ بەڵێ، دەكرێ سۆپایەكی بچووك هەمیشە لەگەڵ خۆتدابێ! ئامێری OCOOPA بچووكە بەقەد پاوەربانكێك دەبێت و شارژ دەكرێتەوە. لە راستیدا ئەركی پاوەربانكیش ئەنجام دەدات و دەتوانێ مۆبایلیش بارگاوی بكاتەوە. ئامێری ئاماژە بۆكراو لە هەر شوێنێك بێ تەنانەت لە ناو بەفریشدا دەستەكانت هەمیشە بە گەرمی رادەگرێ. ئەو ئامێرە هەمیشە گەرمایەكی باش دێنێ، خۆی لە ئەڵەمینیۆم دروستكراوە. پەنكەیەكی بچووكی هەیە هەوای گەرم فڕێ دەداتە دەرەوە. كاتێك دوگمەی هەڵبوونت داگیرساند لە ماوەی ٥ چركەدا گەرمایەكی زۆر دێتە دەرێ. لە كات و سارد و ئەستەمەكاندا دەبێتە ئامێری رزگاركەری بەكارهێنەرەكەی.



## ماڵپەڕێك بۆ كۆنڤێرت كردنی گشت فایلێك

گەلێك ماڵپەڕ هەن بۆ كۆنڤێرت واتە گۆڕینی فۆرماتێكی فایلی بۆ فۆرماتێكی دیكە، بۆ نموونە فۆرماتێكی وێنەیی JPG بۆ PNG یا فۆرماتێكی دەنگی MP3 بۆ فۆرماتێكی دیكە.
یەكێك لەو ماڵپەڕانە كە بۆ گۆڕینی هەموو فۆرماتێكی دەنگی و رەنگی و دەق و وێنەیی دەبێت، ماڵپەڕی cloud-convert.com/ە. ئەم ماڵپەڕە ئیزن دەدات بێ بەرامبەر رۆژانە ٢٥ فایل بۆ یەكتر بگۆڕی، بەڵام لەوە زیاتر دەبێ مانگانە تێچوویەك بدەی. جێگای سەرنجە هەتا ئێستاكە نزیكەی ٥٤٠ ملیۆن كەس سەردانی ئەو ماڵپەڕەیان كردووە.

## پرۆگرامێک بۆ چاودێری سیستەم لە رێگای دوورەوە

جار هەیە دەچیە گەشت و كۆمپیوتەرەكەت لە ماڵەوە بەجێ هێشتووە، پێویستت بەو فایلانەیە كە لەسەر كۆمپیوتەرەكەتدان لەكاتێكی وادا چ دەكەی؟
گەلێك پرۆگرام هەن تایبەتن بە چاودێری و كۆنترۆڵ كردنی كۆمپیوتەرەكەت لە رێگای دوورەوە، یەكێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی AnyDeskە. پرۆگرامەكە هەر بەو مەبەستەی سەرەوە ئامادەم پێكرد نییە، بەڵكو جار هەیە كێشەیەكت لە كۆمپیوتەرەكەتدا هەیە و ناتوانی چارەسەر بكەی بەهۆی ئەو پرۆگرامە و پرۆگرامە هاوشێوەكانی داوا لە یەكێكی شارەزا دەكەی كە لە دوورەوە را كێشەی كۆمپیوتەرەكەت چارەسەر بكا.
پرۆگرامی AnyDesk خێراترین پرۆگرامی كۆنترۆڵی سیستەم لە رێگای دوورەوەیە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە لە هەر شوێنێك بن دەتوانن سوود لە كۆمپیوتەرەكەتان وەربگرن بەبێ ئەوەی لەلاتان بێ.




# ڕێگری لە خێرا سپیبوونی قژت بکە



ئافرەتان لە پیربوون و نیشانەکانی دەترسن و پێی دڵتەنگ دەبن، وەك سرووشتی ئافرەت کە حەز دەکات بە گەنجی بمێنێتەوە، سپیبوونی قژ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئافرەتان نیگەران دەکات، چونکە بەشێکی جوانی دەگۆڕێت لە جوانیی سرووشتی بۆ جوانییەکی دیکە، کە کاتێك خانمان تاڵە مووی سپی لە قژیاندا دەبینن ئەوکات دەردەکەوێت کە بێزارییان پێوە دیار دەبێت، لەو کاتەوە پەنا دەبەنە بەر بۆیە و قرتاندان و لێکردنەوەی تاڵە مووە سپییەکان، بەڵام ئەوە چارەسەر نییە، بەڵکو پێویستە ڕێگری لە خێرا سپی بوونی قژ بکەین، ئەوەش بەم هەنگاوانەوە: سەرەتا پێویستە خۆت لە سترێس و دڵتەنگی بە دوور بگریت، واتە خەم و کێشەکان بە هەند وەرمەگرە، تەنیا چارەسەریان بکە، پاشان سیستەمێکی خواردنی باشت هەبێت، بە تایبەت ڤیتامین D، هەروەها میوە و سەوزە، جگەری مانگا، نیسك، شیکۆڵاتەی ڕەش، ئەگەر جگەرەکێشی لێی دووربکەوە، لە کەرەستەکانی کیمیاوی دروستکراو بۆ قژ بە دوور بە، هەروەها بە سابوونە کیمیاوییەکان قژت مەشۆ، ئەو خواردنانە بخۆ کە ماددەی زنك و نوحاس لە خۆ دەگرن، ئەو جۆرە بۆیانە لە قژت بدە کە مانەوەی زۆرە و ڕەنگی قژت ناگۆڕێت، خۆت لە ماندووبوون بە دوور بگرە و هێندە سترێس مەخەرە ژیانت، چای ڕەش زۆر بخۆرەوە، هەروەها دەتوانی بە پێکهاتە و گیراوەکانی سرووشتیی پێکهاتوو لە: گەڵای کاریٚ، تریٚ ڕێویی هیندی، گژوگیای لۆف ڕێگری لە سپی بوونی خێرای تاڵە مووەکانی قژت بکەیت.





# مۆدی تەنوورەی درێژ بۆ وەرزی سەرما

خانەکانی جلوبەرگ بەر لە سەری ساڵ، چەندین مۆدی جلوبەرگیان بە جلی فەرمی مۆدەکانەوە ناساندووە، دیارترینیان تەنوورەی درێژە، ئەگەرچی ڕکابەرێکی سەختی پانتۆڵی جینزە، بەڵام جوانی و گرنگی ئەو جلە کەم نابێتەوە و هەمیشە لە مۆد و نمایشەکانی جلوبەرگدا بەدی دەکرێت، مارکەکانی (میدی و کلاسیك و بلێسی و فەرو)، ئەو جلانەیان لەگەڵ تەنوورەکاندا داناوە، تا لە ماوەی داهاتوودا کە وەرزی سەرمایە، تەنوورەی درێژ بکرێتە مۆدی سەرەکیی جلوبەرگ، سەرەتا مارکەی (ئەلبێرتا فێرتی )، مۆدێکی بۆ تەنوورەی درێژ داناوە، کە لە ڕەنگی ڕەساسی و قوماشێکی ئەستوورەوە نەخشاندووە لەگەڵ بوونی کەرت لە بەشی پێشەوەی، ئەوەش وا دەکات مۆدێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت، ئەو جۆرە تەنوورەیە لەگەڵ چاکێتی درێژی ڕەش، یان بلوڤەری کورتی سپی لەبەر دەکرێت، بۆ گەشت و دەرچوون گونجاوە. مارکەی ئەنتیپێرما، تەنوورە درێژەکانی لە ڕەنگی سووری تۆخ ئامادەکردووە، بۆ کاتی بۆنە و یادەکان دەشێت، کە تەسکیی پێوە دیارە و شێوەی جەستە دەگرێت، لەگەڵ چاکێت لە ڕەنگی قاوەیی، یان بێجی، هەروەها لەگەڵ پێڵاوی پاژنە بەرزی سپی و ڕەش شیك دەکرێت، مارکەی سیلین، Celine تەنوورەی سپی داناوە، هەرچەندە ڕەنگی سپی بۆ جلی زستانە باو نییە، جگە لە بوونی پەڕپەڕی کراوە لە شێوەی بلێسەیی ڕازێنراو بە گوڵی ڕەنگ سەوز و وەنەوشەیی، کە لەگەڵ چاکێتی کورت ڕێك دەخرێت. مارکەی ئەلیساندرۆ ئینریکیز، مۆدی تەنورەی کچانی نەوجەوان و منداڵانی داناوە، کە لە قوماشی ساتان و لە ڕەنگی شینی ڕازێنراو بە وردە ئەستێرەی ڕەنگ زەرد و لەگەڵ بوونی قاش لە بەشی شێوەدا ڕێك خراوە.

# خشڵی ڕەنگی ئەڵماس بپۆشە

کاتێك مەبەستت ئاهەنگ و بۆنەیەکی تایبەتە، پێویستت بە خشڵەکان دەبێت، زۆریی ئەو هەموو مۆد و شێوازە جۆراوجۆرانەی ئێکسسوارەکان، وا لە خانمان دەکات کە هەردەم نیگەران و دوودڵ بن لە هەڵبژاردنی شێوەیەك، یان مۆدێکی ئێکسسوار، کۆمەڵەی (فلاوەر لایس و کۆزمۆس و سنۆفیلاك – Flowerlace، Cosmos، Snowflake) ئاماژەیان بە ڕەنگێکی ئێکسسوار کردووە، کە لەگەڵ شێواز و ڕەنگی هەر جلوبەرگێکدا دەگونجێت، زیاتریش ئاماژە بەو ڕەنگانەی ئێکسسوار دەکەن کە شایستەن تا یەکێکیانت لەبەر بێت لەوانە: مارکەی ڤان کلیێف، ئاماژە بە ڕەنگی ئەڵماس، یان سیلڤەر و زیو دەدات، کاتێك ئێکسسوارەکان لەو ڕەنگە دەبن ئیدی لەگەڵ هەموو پۆشاکێکدا دەگونجێن. سنۆفلیکیش پێیان وایە ئێکسسواری ڕەنگ سپی لوتکەی جوانیی ئێکسسوارەکانن، فلاوەرلایسیش دەڵێن ئێکسسواری دوو ڕەنگە جا هەر ڕەنگێك بن، شێوازێکی سەرنجراکێشیان دەبێت، هەروەها کۆزمۆسیش دەڵێن ئێکسسواری کلاسیك و لە ڕەنگی زێڕی مۆدێکی نایابی ئێکسسوارەکانن.









# به خواستی خۆت داوای ئۆتۆمبێل بکه

کۆمپانیایەکی چینی، لە هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی هەموو جیهانە، ئەو هەنگاوەشی لە چوارچێوەی دروستکردنی ئوتۆمبێلە شێوە سەیرەکاندایە، دواجار کۆمەڵێک ئوتۆمبێلی دروست کردووە، کە هەر بە سەیرکردنییان پێکەنین و سەرسوڕمان دەتگرێت، ئوتۆمبێلەکان لە شێوازەکانی (پێڵاوی ئافرەتان، گیانداران، کەرەستە و کەلوپەل) دروست کراوە، کۆمپانیایەکە ناوی Central Auto Group CT›s board، لە ئێستاوە دەیەوێت دەست بەسەر ئەو بوارە تازەیەی ئوتۆمبێلە سەیرەکاندا بگرێت، کە بە نرخێکی کەم دەیکڕنەوە و پاشان سەر لە نوێ لە شێوی تازە و سەیردا دروستیان دەکەنەوە، خوازیارانیش دەتوانن بە خواستی خۆیان داوای شێوەی سەیارکە بکەن، ئەو بیرۆکەیە بۆ ئەوەیە کە وڵاتی چینیش بتوانێت پێشبڕکێ لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان بکات، کە مارکە و براند لە هەموو بوارێکدا بە تایبەتی ئوتۆمبێلدا دەخەنە بازاڕ.





# یەکەم سناپچی لە کوردستان

**ئێستا سەردەمی سۆشیال میدیایە لە جیهاندا، زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خەڵکیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە، دیارترین سۆشیاڵ لە ئێستادا سناپ چاتە، کە هەوادارێکی زۆری هەیە، بە ڤیدیۆی کورت و فلتەرەکانی گەیشتۆتە نێو ژیانی زۆربەی خەڵک، لە کوردستانیش کۆمەڵێک سناپچەر، یان سناپچی هەن، بەڵام یەکەمین کەس لە کوردستان کە کاری لەسەر سناپ و سناپچەر کرد، کەسێکە بە ناوی (کاروان ئەکرەم) کە بە (دەنگی ڕەجەب) ناسراوە، لەم بارەیەوە چەند پرسێکمان ئاراستە کرد بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:**

***بیرۆکەی سناپچەری، یان سناپچیت چۆن بۆت هات؟**

- بیرۆکەی سناپچی، یان سناپەر لەوەدا هات کە کاری دۆبلێری دەکەم و بە دەنگەکەم ناسراو بووم، زۆربەی هەوادارەکانم، یان خەڵک حەزیان دەکرد شێوەم ببینن، بۆیە زۆر کەس داوای لێ دەکرد کە خۆم دەرخەم، منیش سناپ چاتم بە شوێنێکی باش و گونجاو زانی، لەوێوە دەستم پێ کرد.

***سناپ چات چییە و چ سوودێکی بۆ کۆمەڵگە هەیە ؟**

- سوودی سنابچات ئەوەیە کە وەك بیزنس بەکاری دەهێنیت، هەروەها بۆ کۆمەڵگەش کە ئەوانەی بینەر و جەماوەریان هەیە، دەتوانن کاری جوان و ڕێنمایی و شتی باش بکەن، تا ببنە جێگەی دەستخۆشیی خەڵك و جەماوەرەکەیان.

*** زۆریی جەماوەری ئەو تۆڕە لە چیدایە و بۆچی زۆربەی خەڵك ڕووی تێ دەکەن؟**

- گرنگییەکەی لەوەدایە کە ستریکی تێدایە و جۆرەها فلتەری هەیە، بۆ جوانکردنی دیزاین، یان جوانکردنی شێوەی مرۆڤ بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

*** دەگوترێ سناپچات تەنیا بۆ ئافرەتانە، ئایا وایە؟**

نەخێر وانییە، بۆ هەردوو ڕەگەز دەبێت، ئەوەی

# لەیدی گاگا و باڵندەی بەهەشت

لەیدی گاگا، ئەو خانمە هونەرمەندەی کە هەمیشە سەردێڕی هەواڵەکانی جیهانە، بە جووڵە و کارە سەیرەکانی لە خۆی ناکەوێت، وەك ئەوەی ئەستێرەیەکی گەشاوە بێت، دواجار لەیدی گاگا وەك باڵندەی بەهەشت ناسرا، بەهۆی ئەوەی لە نمایشی پیشاندانی فیلمی House of Gucci دا ڕۆڵی بینیوە، لە ڕۆژی نمایشەکەشدا بە جلێکی سەیرەوە دەرکەوت، جلەکەی بریتی بوو لە کراسێکی درێژ لە مارکەی ڤیتۆن، هەروەها کۆلۆنێکی تووڵی ڕەش، یەکێك لە جووڵە سەیرەکانی لە کاتی نمایشەکەدا ئەوە بوو کە دەستەکانی وەك باڵی باڵندە کرابێتەوە، ئەمەش وای نیشاندا کە لەیدی باڵندەیەك بێت، ئامادەبووانیش ناوێکی دیکەیان لەو خاتوونە ناوە (باڵەندی بەهەشت)، کراسەکەی لەیدی گاگا لە لایەن کچە دیزاینەری ئیتاڵیا (پاتریسیا ڕیگانی )یەوە دیزاین کراوە.



ئافرەت بەکاری دەهێنێت، ئەوانەن زیاتر لە ماڵەوەن، لە شوێنی دیکە دەتوانن ماوەیەکی زۆر بۆ ئەو تۆڕە تەرخان بکەن.

***یەکەم کاری سناپت چی بوو و، ئەو کاتە چەند جەماوەر و ڤیوت هەبوو؟**

- یەکەم کارم بریتیی بوو لە دۆبلاژ بە دەنگەکانم، خەڵکیش حەزی دەکرد من ببینێت، بۆیە لە کاتی دۆبلاژکردندا سناپم دەکرد و شێوەی خۆم بڵاوم دەکردەوە، ئەو کاتە پێنج هەزار بینەرم هەبوو.

*** چ بیرۆکە و پەیامێك چاکە لە ڕێگەی سناپەوە بڵاوبکرێتەوە و بە خەڵك بگەیەندرێت؟**

-بیرۆکەی هۆشیاری و ڕێنمایی چاکترە بڵاو بکرێتەوە، بەهۆی ئەوەی ئێستا نەوەیەك بەرێوەیە کە پێویستی بە ڕێنمایی و هۆشیاری هەیە.

*** ئێستا کۆمەڵە و گرووپ و ستاف پەیدا بوون، بە ناوی سناپەوە کاری بازرگانی و پارە پەیداکردن دەکەن، ڕات چییە لەم بارەیەوە؟**

-منیش هەر بۆ ئەو مەبەستە بەکاری دەهێنم، بەڵام بەو چەشنە نییە کە نەشیاو بێت، هەر پۆستێکم بکەم، حیسابی ئەوەم دەکەم کە گەورە و بچووك سەیری دەکەن.

***داهاتووی سۆشیاڵ میدیا بۆ کام تۆڕە سناپ، ئینستا، فەیسبووك؟**

داهاتووی سۆشیال میدیا دیار نییە و گرنتی نییە، سەرەتا فەیسبووك هات، دواتر ئیسنتاگرام دواتر تیکتۆك و پاشان کلاب هاوس، کە زوو نەما و شتی دیکەش دێ، بۆیە داهاتووی سۆشیاڵ میدیا دیار نییە، بۆ نموونە: پار کەسێك بە ناوی وەستا خەیری بە ڕستەیەك بووە باو و مۆدە، داهاتووی سۆشیاڵ میدیا کەس نازانێت چ شتێکی دیکەی باوتر پەیدا دەکات.




## کاریکاتێر

دوو دەردی جیهانی، کە بەرۆکی مرۆڤی گرتووە، یەکێکیان هەژارییە و ئەوەی دیکەش کۆرۆنایە، لە کاریکاتێرەکەدا ئاماژە بە ڕۆڵی کاریگەری گەورەی هەژاری دەکات لە ژیانی ڤایرۆسی کۆرۆنادا.

## نوکتە

نەخۆشێك بە تەلەفۆن پەیوەندی بە دکتۆرەکەیەوە دەکات و مەوعیدێك وەردەگرێت و دەڵێت: خۆم ناونووس کردووە کە بەیانی سەردانت بکەم، بەڵام ناتوانم بێم !
دکتۆرەکەش دەڵێت: لەبەر چی ؟
نەخۆشەکەش دەڵێت: نەخۆشم و ناتوانم.

بۆ زانیاریت

# ناو گۆڕینی کۆمپانیا و براندەکان

گۆڕینی ناوی براندە زەبەلاحەکان و کۆمپانیاکانی جیهان، بەبێ مەبەست و هۆکار نین، هەر یەکە مەبەستێکی هەیە، هەندێکیان بەهۆی بازرگانی، یان بۆ پرۆژە و کاری تازە ناوی براندەکانیان دەگۆڕن. دواجار کۆمپانیای فەیسبووك بڕیاریدا کە ناوی کۆمپانیاکە بگۆڕێت بە مێتا، ئەویش یەکەم کۆمپانیا نییە کە ناوی خۆی بگۆڕێت، بەڵکو چەندین کۆمپانیای گەورە پێش فەیس بووك ناوەکانیان گۆڕیوە، وەك کۆمپانیای گۆگڵ لە ساڵی ١٩٩٧ ناوەکەی لە باك ڕووب گۆڕی بۆ گۆگڵ، کۆمپانیای پیپسی لە ساڵی ١٨٩٨ ناوەکەی لە برادز درینك گۆڕی بۆ پیپسی، کۆمپانیایی ئەپڵ لە ساڵی ٢٠٠٧ ناوەکەی لە ئەپڵ کۆمپیوترز کرد بە ئەپڵ، کۆمپانیای سۆنی




لە ساڵی ١٩٥٨ ناوەکەی لە تۆکیۆ تسوویشن گۆڕی و کردی بە سۆنی کۆربۆڕێیشن، کۆمپانیایی نایك لە ساڵی ١٩٧١ ناوەکەی لە بلوریبوون سپۆرتس گۆڕی بۆ نایك.

فیلم

# ئەو کوڕەی بانگەشەی کریسمیس دەکات
## A Boy Called Christmas




ئەم فیلمە باس لە کوڕێکی ئاسایی دەکات، کە ناوی نیکۆلاسە، خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لەسەر داوای باوکی گەشتێك بۆ جەمسەری بەستەڵەك و بەفرانباری زەوی بکات، بۆ دۆزینەوەی گوندی ئێڵڤس کە ئەوانەن لە شێوەی کورتەباڵاکان و دیاری بۆ منداڵان دروست دەکەن، لەگەڵ خۆیدا ئاسکە سەرشێت و مشکەکەی دەبات، ئەو کاتە قەدەرێکی سەیر دەدۆزێتەوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٣ خولەکە، لە دەرهێنانی گیل کینان و لە نووسینی مات هاینگ، لە نواندنی (هێنری لاوفێل، ماگی سمیت، کریستین ویگ و زۆی مارگارێت کۆلێت)ـە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

خۆت هەنگاوەکانت بنێ و پشت بە کەسانی دیکە مەبەستە، بۆ ئەوەی ئاستی متمانە بەخۆبونت بەرز بێت، گفتوگۆیەکی ورد لەگەڵ خۆتدا بکە و، بیربکەرەوە لەوەی چۆن پلان دابنێیت بۆ تەواوی ئەم هەفتەیەت، هەندێك کەس هەوڵدەدەن تووڕەت بکەن، بەڵام تۆ زۆر لەوە هێمنتری کە کەسانی دیکە کارت تێ بکەن، ڕێگای ژیانی خۆت بگرە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕۆژەکەت بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەك دەست پێ بکە، ئەمەش سەرەتایەکی باش دەبیت بۆ ئەوەی ئاگاداری هەواڵەکانی ڕۆژ بیت و، لە کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ قسەکردن پێویستت بە بیرکردنەوە نەبێت، پلان بۆ ئەمڕۆت دابنێ، سەرەتا کەمێك قورس دەبێت کە بەو پلانانە کارەکانت ئەنجام بدەیت، بەڵام دواتر هەمو شتێك باش دەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئارەزوو دەکەیت هەندێك شتی جیاواز ئەنجام بدەیت، مەترسە و بە چاونەترسانە ئەنجامی بدە، پێویست ناکات هەمو ژیانت ڕۆتینات بێت، پێویست دەکات هەندێك کات سەرکێشی ئەنجام بدەیت، ئەم چەند ڕۆژە وریای هەڵسوکەوتەکانت بە و ڕێگە مەدە زیان بە کەسانی دیکە بگەیەنیت، ژیانت زۆر جوانتر دەبێت ئەگەر بە جوانییەوە بەسەری ببەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە ئێستادا هەست بە وزەیەکی زۆرتر دەکەیت، سەرەتای ئەمڕۆت بە قسەکردن لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانت دەست پێ بکە، هەندێك کات تەرخان بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوپیشەکانت گفتوگۆ بکەیت و دەربارەی کارەکانتان بدوێن، هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەیت و، هەمو ساتێکی ئەمڕۆت چێژبەخش دەبێت، هەوڵ بدە کاتەکانت بە ئاسوودەیی بەڕێ بکەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

گفتوگۆکردن لەگەڵ خۆشەویستەکەت زیاتر پەیوەندیتان بەهێزتر دەکات، زۆر شت هەیە کە پێویست دەکات زیاتر سەرنجت لەسەریان بێت، واتە کاتێك لە ماڵەوەیت کات بە مۆبایلەوە بەسەر مەبە، بەڵکو سەرنجت لەسەر خێزانەکەت بێت و، ڕێگە مەدە سەرقاڵبونتان لە کۆبونەوە و چێژوەرگرتنی کاتە خێزانییەکان دورتان بخاتەوە.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەو کاتە زۆر نزیکە کە بە خەونەکانت بگەیت، ئەمڕۆ دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی دوبارە هەوڵ بدەیتەوە بۆ ئەو کارانەی پێشتر شکستت تیایدا هێناوە، کارکردنی دڵسۆزانە بەرەو ئاستێکی بەرزترت دەبات، لەبری ئەوەی بۆ ماوەیەك زۆر لە جێگادا بمێنیتەوە، بەیانیان زو هەستەو ئەرکەکانت جێبەجێ بکە.



## پەند و وتە

والْتەر ئێس باڵدوێن، ئەكتەری ئەمریكی، لە دایكبووی ساڵی ١٨٨٩ ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریكایە، لە ساڵی ١٩٧٧ كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی دەركەوتنی شتە نادیارەكان بەپێی كات دەڵێت: چەندین بابەت و شتی تەمومژاوی هەن، كە ئەگەر هەوڵی هەموو دونیای بۆ بدەیت، بۆت ئاشكرا نابێت، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی كات بە ئاسانی دەردەكەوێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند ستوونێك هەن، هەوڵ بدە ئاشكرای بكەیت كە ستوونەكان ڕاستین، یان بە وێنەكێشان لەسەر وێنەكە دانراون، سوود لە سێبەری ستوونەكان ببینە.

# ئارایشت و شێوازە سەیر و تازەكانی قژ

هەر یەكە لە دیزاینەران و ئارایشتكارانی پرچ (پۆڵ و میگۆ ئیڤازیان)، كاری ئامادەكاریی ئارایشتەكانی قژ دەكەن، لە نوێترین پێشبینییان بۆ مۆدی پرچ لە ساڵی داهاتوودا، چەند جۆرە ئارایشتێكە، كە پێشتر دەرنەكەوتوون، ئەو شێوە ئارایشتانە بە تەسریحەی (مۆنستەر – Monster) ناسراون، كە زۆربەی لە جەژنی هالۆوینەوە وەرگیراون، پێشبینی دەكرێت ئەو شێوازانە ببنە مۆدی ساڵی داهاتوو، هەر لە سەرەتای ئەو كارەدا چەندین ئافرەت ئەو شێوازانەیان لە ئارایشتی پرچیان بەكار هێناوە، ئەویش وەك نمایشێكی پێشەكی بۆ ئەو جۆرە ئارایشتانە.







### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ پەیوەندی بەو كەسانەوە بكە كە بیرت دەكەن و نامەیان بۆ بنێرە، فەرامۆشكردنی كەسانی چواردەورت بەمشێوەیەی ئێستا، وات لێ دەكات لە كۆتاییدا هەست بە تەنیایی بكەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە پێویست ناكات هەستەكانت بشاریتەوە، لە سەرەتای ئەمڕۆت دا كەمێك هەست بە دڵتەنگی دەكەیت بەڵام دواتر بارودۆخەكە ئاسایی دەبێتەوە.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ هەست بە ئاسوودەیی و باشتربون دەكەیت، یارمەتیدانی هاوپیشەكانت دڵخۆشترت دەكات، كێشەكانت بە ئاسانی چارەسەر دەبن، ئەم چەند ڕۆژە خۆراكەكانت كەمێك ناتەندروستبون، هەوڵ بدە گرنگی بە تەندروستیی خۆت بدەیت و خۆراكی تەندروست فەرامۆش مەكە، هەنگاوەیكانی داهاتووت بە پلان دەست پێ بكە و نەخشە بۆ ئاماجەكانت دابنێ.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەم ڕۆژانەدا ئەو خەونەت دێتەدی كەماوەیەكی زۆرە ئارەزوی دەكەیت، ئەو وێنانەی لە مێشكتدا دروستت كردبوون، بەڕاستی دەیانبینیت، پێویست دەكات ئەم چەند ڕۆژە چاونەترسانە هەنگاو بنێییت و، بیر لە قسەی كەسانی چواردەورت مەكەرەوە، ئەوە ئەنجام بدە كە ڕاستە و بۆت گونجاون، مەهێڵە ڕای كەسانی دەوروبەت سەرنجت پەرتەوازە بكەن.



### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

زیاتر لە هەر كەسێك لەلایەنی كۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەكانت بەهێزن، ئەمڕۆ ئەركێكی زۆرت لەسەر شان دەبێت و پێویست دەكات لە كاتی خۆیدا بە ئەنجامیان بگەیەنیت، لە كۆتایی ڕۆژەكەتدا پشوو وەربگرە و كات لەگەڵ خێزان و هاوڕێكانت بەسەر بەرە، بۆ ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی بكەیت.



### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


دەربارەی ئامانجەكانت بەباشی بیر بكەرەوە، ڕاوێژ بە كەسانی بە ئەزمون بكەو ڕێگە بدە پلانت بۆ دابنێن، باشتر دەبێت ئەگەر لە ڕێگەی كۆكردنەوەی زانیاری و خوێندنەوەوە خۆراك بە مێشكت بدەیت، چونكە پێویستت پێیان دەبێت، هەوڵ بدە شتێكی بەسوود بدۆزیتەوە كە ئارەزوت لێی بێت و، بتوانیت ئەمڕۆ ئەنجامی بدەیت و كاتەكانتی پێ پڕ بكەیتەوە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


بڕیارێكی یەكلاكەرەوە دێتە بەردەمت و پێویستە لە نێوان دو بژاردەدا یەكێكیان هەڵبژێریت، كەمێك قورس دەبێت بۆت، بەڵام پێویستە بە وریاییەوە بڕیار بدەیت، وا باشترە كە ئەمڕۆ هەمو سەرنجت لەسەر پلانی پڕۆژەكانی داهاتوت بێت خۆت بە شتی لاوەكیەوە سەرقاڵ مەكە، ئەگەر لە هەڵسوكەوتدا ئارام نەبیت، ڕەنگە بڕیاری هەڵە بدەیت.


# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
# (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

Weekly Gulan December 6, 2021 Issue,No.1296


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782
sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626